محەمەدفەریق حەسەن

# شەوەکەی عەریف زبالە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

کۆچیرۆک

# شەوەکەی عەریف زبالە

محەمەدفەریق حەسەن

ناوی کتێب: شەوەکەی عەریف زباڵە- کۆچیرۆک
نووسینی: محەمەدفەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٣١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٢١٤)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# پاییز

بینایی چاوان.. لەم باکووره ڕچیوەدا، چەردەیەک لەمن، چەردەیەک گەرمی، نەختێ سۆز و بیرەوەریی، نەختاڵێک دەنگ و ڕەنگ ماومەتەوە.. تەنیایی ئامۆزاو خاڵۆزاو کچی پووریشمە. تاوێ لەسەرم بوەستە تا بیری شپرزەم کۆکەمەوە.. دڵەی تۆراوم ئاشت کەمەوە.. پرچی شیواوم شانەکەم.. پشووی سوارم کەمێ ئارام بێ و ئاهێکم تێگەڕێ، بینایی چاوان.. لەوێش لەوڵاتی دایکم، کەس لەتەمەنی خۆیدا نەدەمرد. کەسێ وەک تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی دەرنەدەکەوت. لەوێش لەو خەمستانەدا هیچ کاممان قاقا پێنەکەنین. لەوێ دەرەخت پیر دەبێ و بۆ نیرگەی دیوەخان دەیبڕنەوە، هێلانە قەلەباچکەیەک، بووکەدۆمانەیەک، بەلق و پۆکانێوە نابینێ تا شەوانی پاییز بەشانازییەوە، بۆ مەجلیسی دیوەخانی بگێڕێتەوە، بینایی چاوان.. لەوێ، کۆپتەر پتر بەسەر باڵای دارەبەنا دەفڕی تا عاینەمەل و بووکەدۆمانە و پەڕەسێلکە.. بینایی چاوان. دەستەکانی جارانم بدەوە، لەدەرگانەی بەزەیی خۆتی پێدەدەم.. دەڵێم بەردێکیش بگرمە ئەو هەورە چڵکنانە، بەڵکو یەخەی مانگ بەردەن و بەتەنێ شەونخوونی نەکێشم.. چاوە هەنگوینییە دووربینەکانی جارانم بدەوە، سەیری نیگاری خۆتی پێدەکەم.. گوێ سووکەکانی جارانم بدەوە تا چرپەی

عاشقانی پێ ببیستم، بینایی چاوان.. هەردەڵیێ باڵندەیەکی سەر لەهێلکە جووقاوم ؛ تازە دارە دارەمەو حینجەی ڕۆیشتن دەکەم. ئەم سریشە خاکە، لاقەکانمی توند بەخۆیەوە چەسپ کردووە. ئێرە مەنفایەکی سریشییە. ئەوەتا هەنگاوەکانم هیند قورسن، دەڵێی چیایەک قورقوشم لە لاقم بەستراوە، بینایی چاوان..

هەست دەکەم هێشتا زیندووم و قەلەڕەشەکانی ونبوون بەدیارمەوە لەسەرەدان. بەنیازن چاوم بکۆڵن.. سەردەمێ بەڕووی زوڵما حەرفێکی جەوهەرداری هەڵکێشراو بووم و خۆم لەکالاندا نەدەگرت. وشەیەکی لەسەرپێ بووم و زامن نەدەکرام. ئەو زەمانەی زنار بەبەردیی خۆیەوە لەترسانا لەهیچ کونێکدا خۆی نەدەگرت، بەلێوەلەرە و هەناسەی سوارەوە لە ڕووباری دامێندا، خۆی بەقووتا دەکردو؛ بەحاڵ سەری لووتی بەدەرەوە بوو، من چنگ لەسەرشان ڕامنەکرد. جورئەتەکەی جارام دەوێتەوە، بینایی چاوان..! ئەو زەمانە، وەختێ دەوڵەتی بەزیندان و قوفڵ و قەفەز چەکدار، بەمەڕسوومێ فڕینی قەدەغەکرد و هەردەمێ بیویستایە شەقامەکانی بەسورگی دادەخست و هەورەکانی بۆ فەرشی بەرپێی فڕۆکەکانی ڕادەخست و ڕووبارەکانی ئەڵقەڕێز دەدا، من گۆرانیم بۆ خۆر و خوڕێن دەچڕی و پەڕوباڵم هەرڵنەوەرین.. بینایی چاوان. هەندێ جاران هەست دەکەم تەمەنم هێندەی زەمەنی سووتانی تەڵەشقارتەیەکی ماوە. لەدەفتەری یادی کەسێکا، لە ئەلبوومی دۆستێکدا نەماوم تۆنەبێ ئەی مەرگ. سوپاس، تۆ لەهەمووویان بەوەفاتربووی ئەی مەرگ. هیچ نەبێ تۆ خەونم پێوە دەبینی وجاروبارە سەرم دەدەی. ئەو شەوە کاتێ بروسکەیەک لەئاسمانی حەوتەمەوە دەیویست پەڵە هەورێ وەرگێڕێتە سەر زمانی

باران،لەشریخەی قامچییەکەی ڕاپەڕیم. قەڵەمەکەم دانا و پەردەم لادا.. لەبەر ڕۆشنایی چراکانی شەقام، دیم ملوێنەها ڕایەڵی باران، وەک (تان)ی تەونێکی خواوەندانە؛ زەوییان بەبنمیچی ئاسمانە گرێداوە.. ئۆتۆمبێلێکی درەنگانی شەو وەک گوللە ڤزی. ئەلکوولییەکی تەڕو لاواز و کۆماوەی ڕیشهاتوو، دەستی لەملی بوتڵێکایەو بەلارە لار دەیەوێ لەشەقامەکە بپەڕێتەوە. لەوساتەدا دیتم مەرگ، دەعبایەکی گڤنەسەربوو، بەسەرو فەساڵێکی کوڵکن و چڵکن و جووتێ شاخی گرێ گرێ و بەدوو چاوی سوورەوە، فەزای نێوانمانی ڕاخستووە. مۆن مۆن لەودیو پەنجەرەی ژوورەکەمەوە خێسەم لێدەکا و بەبێدەنگییەکی نهێنگرانە تێمبەربووە. ماوەیەکە جارو بار دێتەسەردانم.. دەست لەگەردنم وەردێنی، وازانێ نازانم درۆم لەگەڵ دەکا کاتێ دەڵێ: هەیبەتی دایکت لەگردی سەیوانەوە دوعاو سەلامی پێدا ناردووم و بیرت دەکا.. و دوا جار ژیوان دەبێتەوە.. لەگەڵ خۆیدا نامبا. دەشێ مەرگیش لەناخەوە بەزەیی پێمابێ و لەبەرخۆیەوە بڵێی: (ئەمجارەش دەیبەخشم ڕەنگە کورتەچیرۆکێ دووانی پێمابێ!)

ئەو شەوە دەمویست زەرییەک بکەمە پاڵەوانی چیرۆکەکەم، ئەمما چۆن زەرییەک؟.. زەرییەک، دڵۆپی باران لەنێوان تاڵەکانی پرچیدا نوستبێ.. گوڵهەنارێ لەسەر لێوی شکۆفەی دابێ.. برژانگەکانی تازە لە سوجدە هەڵسابنەوە.. ئارەزوو لە نێوان مەمکۆڵانێوە سەرەتاتکێی بێ. وەلێ هیچ دەستێ بەباڵایدا هەڵنەگژابێ و سەری پەنجەی نەگەیشتبێتە لوتکەی مەمکی.. مەرگ زانی وەک پرچی شانەکراوی شۆخێ بەکارەبای چیرۆکێ بارگاویم و قرچە قرچ و بریسک و هووڕمە!.. وشەکان شارە مێروولەن و لەڕیزدا سەرەیان گرتووە.

ئەوجارەش بەخشیمی. لەوانەیشە مەرگ بەقیست بۆخۆی بمباتەوە. جارێ چاوو جارێ گوێ و جارێ هەنگاوەکانم لەگەڵ خۆیدا ببا. وەلێ ئەگەر ئەوەندە پیاو بووایە، دوا جار بۆ هزرو بۆ پەنجەکانم بهاتایە، ئەوا قەت لەچاکەی دەرنەدەچووم.. بینایی چاوان.

فێبروەری ٢٠٠٥

# ١٦ چیرچیرۆکە شیعر

## ١ هەورەڕێ

بەو بەرزاییەوە، هەورەکان تیپێ سواری بەرزەدەماخن؛ بەسەر پشتی ئەسپی باوو بۆرانەوە لەحیلە دەدەن و هەڵدەکەنە چوارناڵە.. ئاگر لەناڵیانەوە بریسک و هوڕێتی. شەپۆل لەیاڵیانەوە تافەتافێتی.. سوولاوگە لەکلکیانەوە لووزەوی بەرداوەتەسەر زەوی. وەی لەبەر خرینگەی ئاوزەنگییان، لەبەر پرمەی ئەسپان، لەبەر خرمەی ناڵان..! ئەوان لەگەڵ بای باکووردا لە پێشبڕکێدان؛ لەم ئاسمانە، هەورەڕێیە.

## ٢ ئەمڕۆ

ئەمڕۆ گوێم دەزرنگێتەوە؛ ڕەنگە کەسێ لەپشت هەزاران کێوی سەختەوە زەنگ لێبدا.. چاوم دەفرێ.. ڕەنگە دۆستێ ڕێی کەوتبێتە ئەمشارەو هەواڵمی پرسیبێ.. لەدووررا بۆنی گوڵ دەکەم.. ڕەنگە ئاشنایە خەریک بێ لەدەرگە بدا. پاسارییەکان جریوەجریویانە بووک دەبەن، جێگە ڕاخەن، وا میوانەکان گەیشتن.

## ٣ سەری ساڵ

ئەوا سی و یەکی دوانزەیە و شەو خەریکە دوولایی بێ. ساڵ بەمانگ

و ڕۆژ و سات و چرکەکانێوە، دوای چەند خولەکێکی دی دەمرێ. بەفر کفنی بەبالاّ دەبڕێ و کەسێ پرسەی بۆدانانێ.. ئەم خەڵکە بۆ وا بێشەرمن؟ لەمەرگی تەمەنی ساڵ و هی خۆیاندا، لەپەستا فیشەکە شێتە بەئاسماندا دەکەن.. دەخۆنەوە تامەست دەبن، تاکفت دەبن سەمادەکەن. نازانم چۆن وا خێرا، نەدی و نەناس؛ متمانەی خۆیان بەخشییە ساڵی نوێ؟ بەچێ مەعلووم ساڵی نوێ، ساڵی گرانی و لافاوو جەنگی ناوخۆ و بوومەلەرزە نابێ؟! هەر پێ و دانگەکەی جارانە: شایەک دەخیچێ یەکێکی دیکەی دێتە جێ.. بژی شای نوێ!!

## ٤ کوێری

خەڵکی کوێرن. بۆ کێ ڕدێنم بتاشم؛ ئاخر مۆدیل پرچم شانەکەم و خۆم بگۆرم؟ لەپای چی پێڵاو بۆیاخ بکەم؟ بۆچی بۆیمباخ ببەستم؟ چی ڕوویداوە هەتا بەتەنگ هارمۆنیای ڕەنگەوە بم؟ بۆ چەپکێ گوڵ لەسەر مێزی تاقمەکەم قوتکەمەوە؟ باخچە و چیمەنم بۆچییە؟.. خەڵکی کوێرن، ئیدی بۆ کانیی چیرۆکم بەلووزەو لەبەری بڕوا و کەسێ نەبێ بیخواتەوە؟!

## ٥ زەمانە

گوڵە گەنمی هەڵکشاوم، لەتاوی لوورەی ڕەشەبا، ملم ناوە بەلارەوە.. چونکە بالاّم کەمێ لەوان بڵندترە، منی کردووە بەنیشانە و شالاّو دێنێ؛ ڕەشەبای هار.. ئای زەمانی دەم بەلرفەو هات و هاوار.. خۆمن پوشوو نیم تۆ ئاگر، لەپرێکدا بەربوویتە تان و پۆی تەمەن.. نەمن تاشە سەهۆڵم و نەتۆش هەتاو، بەلاّم بکەیتە بنەمۆم. هەر چرکەیەک،

لەلێواری گۆڕم نزیک خەیتەوە. ئای زەمانە! هەموو هەناسەیەک بۆمن نوێیت.. چ هەتوانێکی نیانی.؟! چەند دۆستێکی میهرەبانی..؟! دێیت کۆڤانم سارێژدەکەی و خەمەکانم دەسڕییەوە.

## ٦ بەراورد

بەقوربانی ئەستێرەی ئاسمانی خۆم بم. هەتا ساوایەک بگری، خەو ناچێتە چاوانی و ڕایدەژەنێ. خۆر لێرە چەند بێوەفایە. مانگی جارێکیش سەرنادا.. بەقوربانی خۆری ولاتەکەی خۆم بم، چەندی من و چەندی لوتکەو چەندی بانگخۆشکە خۆشدەویست؟! بەبێ ئێمە پەنجەی بەئاوا نەدەکرد. هەموو ئێوارەیە هەتا دەستەیەک قەڵەمڕەنگی نەکردایەتە توورەکەی شەوی بەراتم، نەدەڕۆی.. هەتا چەپکی گزنگی بەدیاری نەهێنایە، چیرۆکێکی پێبنووسم، نەدەڕۆیی.. تەوێڵی لوتکەی ماچ دەکرد، دەستی بەسەریا دەهێنا و ڕەنگی بەسەر باخچەی ساوایاندا دەبەشییەوە، بیکەن بەکاغەزی ئەعمال، ئەوجا مالاوایی دەکرد. بەقوربانی ماڵە کەلاوەکەی خۆم بم، نە شەرقی بوو نەغەربی، گەراجێک و ژێرزەمینێ، ناندێنێک و دوو کەلەگی. زستان بێ نەوت، هاوین لەگەرما دەبرژاین. بەلام لەوێ، ئەگەر ژنێ بێزووی بەیاپراخی گەلامێوەوە کردبا، دەهاتە بن، داڵیتی سەر گەراجە بێ سەیارەکەم. بەلام لەوێ، هەر (لادا) یەک، شەوێکی تۆف لێیقەومایە. سەری بێخەمی دەنایە سەر چیمەنتۆی درزبردووی گەراجەکەم.. هەر منداڵێ حەزی لەتەڕەتوو بووایە، بێئەوەی لەدەرگە بدا، تاکێ پێلاوی دادەکەند، دەیگرتە چڵێکی بەرزی دارتوویەکی پێش ماڵەکەم. لەم بەستەڵەکی باکوورەیش، نەمێو دەڕوێ و نەدارتوو؛ نە گەراج ماو نەکەلەگی!!

## ٧ گەورەبوون

گەورەبووم و باوکم ئێستە ماچم ناکا و نامکاتە قەڵاندۆشکانی. دایکم لەناو تەشتا نامشوا و خورما و ڕۆنم بۆ لێنانێ.. خاڵم لە (قەرەداخ)ەوە نایە و فەریکە چوالەم بۆ ناهێنێ، تا بەبیانووی ئاودانەوە خۆم هەڵدەمە سەرپشتی کەرەکەی و تەتەشم تەتەشم، یەکدوو سەڵەف بیرەتێنم.. ئەمنە خانی خوشکی گەورەم بەبۆنەی دەرچوونمەوە، قەرەوێڵەم بۆناکرێ.. کەسێ، خزمێ، جەژنانەیەکم پێنادا.. یەکێ نایە دەستم بگرێ و لەگەڵ خۆیا، جارێ بمبا بۆ سینەما.. تەنانەت مامە ڕەشەش بەهۆی فەحسی تووتنەوە نایە، تا سەدفلسییەکی گەورەم بداتێ و پێی خەنی بم.. خۆزگە قەت گەورە نەدەبووم! نەلەڕووم دێ گوڕبخۆمەوە و بازێ بدەم.. نەدەتوانم بقیرێنم.. یان بەدەنگە ناسازەکەم بۆخۆم گۆرانییەک بچرم.. یان کۆلارەیەک هەڵبدەم.. یاخود تاوێ مووشێن و مزراحێن بکەم.. هەر هیچ نەبێ وەکو ئەوسا؛ لەپای ئەو ناماقوولیانەی دەیانبینم، دەیانبیستم؛ سەرو شیریان بۆ دادرم.. بریا قەت گەورە نەدەبووم!!

## ٨ گەڵا

هەتا گەڵایەکی گەش بووم، سەوزێکی تێر، بەسەر پەلی درەختەوە؛ سێبەرم بۆ دڕکیش هەبوو. شەماڵ سڵاوی لێمدەکرد.. ئەستێرە ماچی هەڵدەدا.. خۆر دوای ڕۆژباش، شانەی بەپرچما دەهێنا.. بای بایم لەزارۆ دەکرد، کە دەچوونە باخچەی ساوا.. هاوسێی دەستە ڕاستی هەنگ و هی دەستەچەپی پەپوولە.. سایەبانی هێلانەی زەردیوەلی و جرەبەگزادە و قومری بووم. بنباڵم پڕبوون لەمیوە.. ڕەشەبا دەیدا

بەتەکما و لەوسەرەوە بەوژەوژ بەبن هەنگڵما ڕەت دەبوو، باکم نەبوو.. لەئۆرکستراى ژەنینی سروەی شەماڵ و چریکەی بولبول و گمەی کۆترە باریکەدا، میوانی ڕیزی پێشی پێشەوە بووم. تنۆکی باران، بەدەم ترپەوە گۆنامیان ڕادەمووسی و ئەوسا دەخزانە سەرعەردی فەرشی بەرپێم. لەبەرزاییەوە دەمڕوانی.. ئەمێستاش لەگیانەڵادا؛ مسرەنگم و لەپەوڕوو، کەفتەکارو تەختی زەویم.. ئەو زەوییەی چەتری سەری بووم ؛ بۆ تاوێکێش نامگرێتە خۆی.. هەر ئەو شەماڵەی جارانە شەرم ناکا، هەر بەفوویەک پاڵم دەدا و ڕامدەماڵێ.. چاوم لییە وا خۆڵڕێژێ، جاران لەسایەما دەنوست.. گەسکێکی درێژی پێیەو بۆلای من دێ. نیازی وایە لەگەڵ تویکڵە پاقلە و قونکە سیگارا لوولم بداو و تووڕمداتە نێو عارەبانەی زبڵەکەی!

## ٩ دیکتاتۆر

بەم شەوگارە پرچی وشە دەهۆنمەوە.. لەسایەمدا بەمافی خۆیان شادبوون و هەتا فیدراڵی گەیشتوون. وشەیش وەکو ئێوە زیندوون.. دەگرین دەنوون.. نامەی دڵداریی دەنووسن.. دەتریقێنەوە و دەشغەزرێن.. وەلێ ئەگەر ئاڵای یاخیبوونیان هەڵکرد؛ جارِی جیابوونەوەیان دا . نایسەلمێنم!!.. تووڕەم کەن و گەییە تینم، لەپشتەوە توند توند باڵیان دەبەستم و لەچیرۆکێکی تاریکدا، تاهەتایی بەندیان دەکەم!!

## ١٠ ئابلووقە

بۆئەوەی ئابلووقەی باڵندەکانیشم لەسەر لاچێ، ناچارمام لەسەر

باڵکۆنی ماڵەکەم بنووسم: عێراقی نیم.! چەند ئارامە شەوی ئێرە. نە ترەینم لێ نزیکە و نە میترۆ، تاکو هەراسانم بکەن. پشیلەیەک سەرم نادا، دزەکانیش پێدەزانن، هیچم نییە و پەیژە بەماڵمەوە نانێن. زستانان، کەبەفر دەکەوت، لەسێباری نیوەشەودا، ڕێوییەکی چاوزەردی، فەروو زەردی کلک درێژ، بەبێ ئەوەی بباقێنێ، سەری دەنا بەپەنجەرەی ژوورەکەمەوە.. ئەوا ئێستاکە بەهارەو ئەویش نایە.. مراوییە کێوییەکان باڵکۆنی گشت ماڵێکی گەڕەکیان بەسەرکردەوە و هێلانەیان تیا بنیات نا، بێجگە لەبەرهەیوانی ماڵەکەی من. چاوم لێیە بێچووەکانیان بەلەنجەو لارو بێپەروا دەجووکێنن. دێن و دەچن. کەچی مریشکە ڕەشەیە، قەلەباچکەیە، سەرێ بەلای کەلاوەکەی ئێمەدا لار ناکەنەوە. پێدەچی ئەوانیش بزانن لە عێراقەوە هاتووم و لەوانەیە ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو بئاژووم، یان لوغمێکیان بۆ بچێنم. ئەگینا بۆ؟!

## ١١ جووتێ کۆتر

لە مەیدانی (غۆد هووس پلاس) گەلێ جاران، تەنیایی دەگاتە تینم. لەسەر کورسییەک هەڵدەئاژێم. جووتێ کۆترە شینکەی سەربالّ ڕەش؛ گەردن مۆری دەنووک کورتی پێ پەمبە، ئەوێیان کردۆتە مەفتەن.. هەر گەیشتم و نەگەیشتم، بەلەنجە و لار دەگەنەلام.. دێنە سەر دەستەکانم و هەڵدەفرنە سەرشانم و بۆنم دەکەن. سەر بەژێر بلووزەکەمدا دەکەن و دوای دەنووکبارانی نەرمی جەستەم، لەبان لەپی دەستی چەپم، ئەو دەستەی لەلای دڵمەوە هاتووە، دەنیشنەوە..! ئەوان لەسەر خوانی دەستی چەپم نەبێ دان ناخۆن!!.. جارێ دەستی چەپم دەکەنە خوان و

جارێکیش دەیکەنە هێلانە!!. یاران، بڵێی ئەم جووتە کۆترە ڕۆحیانەتی تەرەی دوو دڵخواز، لە خزمە ئەنفالکراوەکانی قەراخ و گەرمیانم نەبن و لەترسانا لەم باکوورە گیرسابنەوە و بۆنی غەریبییان بەمنەوە نابێ؟! هانام نییە، مەگەر نەختێ لەولاتر لە (هۆ. سی. ئەنەس) بپرسم!

* غۆد هووس پلاس: تەلاری شارەوانی کۆبنهاون، کەلەسەنتەری شاردایە.

* هۆ. سی. ئەنەس: نووسەری بەناوبانگی دانیمارک (هانس کریستیان ئەندەرسن)، خۆیان بەکورتی وبەو شێوەیە ناوی دێنن و پەیکەرێکی لەپاڵ تەلاری شارەوانیدا هەیە.

## ١٢ زەمەن

ئەم ڕوبارە چەن بێشەرمە، من وا ڕۆژباشی لێدەکەم، ئەو هەر دەڕوا و ئاوڕم لێناداتەوە.!. ئای لەو مانگە چەن بەنازە، من وا سەرنجی دەدەم، کەچی ئەو لەبەرم هەڵدێ و لەودیو گەواڵەی هەورەوە، خۆیم لێدەداتە پەنا. بۆئەو حاجی لەقلەقانەیش داخم ناچێ، بەرەو گەرمیان بەسەر شارەکەدا فڕین؛ بۆ شەوێکیش لایان نەداو نەیانکردین بەخانەخوێ. تەنانەت ئەم بەیانییە هاندیکاپەکەی دراوسێم بەسواری سێچەرخەکەیەوە (های)یەکی کرد و تێپەڕی، چاوەڕوانی وەڵامی هایەکەی نەبوو.. ئای لەم زەمەنە خێرایە، من درەنگمە و دەمەوێ بەژوانی دەزگیرانەکامدا بگەم، کەچی بۆ تەنیا چرکەیەک لەسەرم ڕاناوەستێ و هەر مل دەنێ! خۆشی نازانێ بەرەو کوێ؟ چارم هەر ئەوەیە بەشمشێرێکی تەختەوە پێشی کەوم.

## ١٣ کورتکردنەوە

ئەم شۆخەژنە، لەچاوی پیس بەدووربێ؛ کورت کردنەوەی وانەی ماتماتیکی هێنامەوە یاد. ئەم شۆخە ژنەیش کورتکراوەی گەردوونە!.. ئاسمان و زەریا لە چاوانیدا. ئەستێرەو هەور، لەسەرپۆشە پوولەکە ڕێژەکەیدا. شۆڕەبی و ئاوەنیا لە ورشەی پرچەکانیدا. گوڵزاری دنیا لەبۆنی عەتریدا. تریفەی مانگ لەخەندەیدا. جریوەی مەل لەدەم و لەبزیدا، وەختێ پێیدەڵێ: (وەرە لەدەورت گەڕێم!!) ئەم ژنە بالا چون ئالایە، چەندی خۆش پێیدەکەوێ، کۆرپەکەی ڕادەمووسی و دەیکاتە ئامێزی.. ئەم بینایی چاوانەش چەند پەیکەرسازێکی ڕەوانبێژە؟!

## ١٤ جوانکاری

کەپووم نەختاڵێک درێژ بوو؛ جاچی تیایە؟ نەشتەرگەرییان بۆ کردم، دەڵێن ئێستا عەیبی نییە.. لێوم وەک لێوی کەروێشک بوو؛ ئەو درزەی بۆ دووریمەوە کاکی نوژدار.. هەرچی بالامە؛ ئەوەیان کەی کێشەیە؟ پێلاو، بۆی هەیە بستێکیش بالام سەرخا.. گوێشم تۆزکاڵێ گران بوو. ناردم ئامێرم بۆهات و لە گوێچکەم بەست. وژەوەژ کاسی کردووم؛ وەلێ سەدجار شوکر بۆخوا، ئەو کەمایەسییەش نەما.. کوت وکوێر بووم ؛ بەچاویلکە چارم کرد و سەبارەت بەسەری (حۆت)م، لەو ولاتی بەستەڵەکە کالاوقژێکی ڕەش ڕەشیان بۆ چێکردم؛ تا مردن و دوای مردنیش سپی نابێ.. بەم شێوەیە، هەرچی خەوش هەبێ نەمما!!..کەچی ئەوە ماوەیەکە لە چاویلکەکانمە دەبینم، بەهۆی ئامێری پشت گوێمەوە دەبیستم، پسکە پسکیانە و لەگەڵ منیانە، وەک بڵێن:(تۆ زۆر قەل و بێئاوەزی!!) عەشرەت هاوار بێنە فریام، ماخۆلانم

پێکەوتووە.. هەرچەند سەر دێنم و دەبەم نازانم ئەم قەلێتییەم چۆن چاربکەم؟ ئاوەز، لەکام کۆگاو لای کام نوژدار و کامە وڵات پەیدا بکەم؟!

حۆت: سەری بێموو، سەری ڕووتاوە

## ١٥ ئێرەیی

دەستی ڕاستم لووت هەڵناکا، وەختێ چەپم سێوە لاسوورەیەکی پڕچنگی پێیە، خۆش خۆش قەپاڵی لێدەگرێ و بۆنی دەکا. چاوی ڕاستم پێی قاڵس نابێ کاتێ چاوی چەپم دەفرێ. تەنانەت لەسەقەمی زستانیشدا، ڕوومەتی ڕاستم ئێرەیی نابا وەختێ لای چەپم لەخۆرەتاوە.. لاقی چەپم ساردی نانوێنێ، کەمن هەردەم لە گەڕانەوەدا، ڕاستە پێشدەخەم و ئەو یەکەم جار بەگەرم و گوڕیی ماڵەکەم خەنی دەبێ. ئەوەنییە لێوەکانم پێکەوە ئامادەی ماچن و گوێکانیشم پێکەوە هەواڵی کۆستەکەیان بیست و چاوەکانم پێکڕا بۆ شەهیدان فرمێسکیان ڕشت؟ ڕەوەکەیش هەموو پێکەوە فڕاندمیان و گەیاندمیانە دامێنی ئاردبەبا.

## ١٦ شکانەوە

دەک بێبەڵابی شەکرەژن، بەسەرما مەنوشتێرەوە، با ڕووم نەشکێ؛ من کەنەختێ کورتەبالام؛ لە بێشکەوە چڕووساوم.. لەم جیهانە بەرینەدا، هیچ شتێ بەکامی دڵی خۆم نەبوو.. ئەی بێقەزابێ شۆڕەژن، بەسەرسامی لەڕوخسارم ڕامەمێنە.. ئەو تیشکەی وا لەچاوە شینەکانتەوە هەڵی کردووە جەستەمی خستۆتە سەر ئارەقەی شەرم..

چ قەیدی من گەنمڕەنگم. خۆ مەسیحیش بەوێنەی من گەنمڕەنگ و؛ پرچی ڕەش بوو. ڕەنگم چ خەوشێکی تیایە؟ ڕەنگی منیش وەک ڕەنگی تۆ، خـــۆم هەڵم نەبژاردووە، بەشی خـــوایە.. پەریی باکـــوور؛ هەڵسەنگاندن ئاوانابێ. تۆ لەدەروونم بڕوانە، هەتاوی لێ ئاوانابێ!!

فێبروەری ٢٠٠٥

# شار لە پێشوازیی زێوەردا

(ئەوشەوە، چی دیوانی زێوەر لە کوردستاندا هەبوون دەستکاریی کران!)

دوای هەواڵ پرسین، لەنامەی برادەرە هەواڵچنەکەمدا وا هاتووە! بەڕاست کاری لەم جۆرە ئەگەری ڕوودانی هەیە؟ کوردستان وڵاتێکی فراوانەو دیوانی زێوەریش لەهەزاران ماڵ و قوتابخانەو کتێبخانەی تایبەت و گشتیدا هەیە. دەبێ چ هێزێکی ئەفسانەیی توانای ئەم کارەی هەبێ؟ باشە ئەم (شرۆ)یەی برادەرم هەتا پاریش کەسێکێ دامەزراو و ساغ بوو. ڕاستە لە دەزگەیەکی نهێنیدا کارایە. بەڵام تۆبڵێی سروشتی کارەکەی ئاوەزی لێسەندبێ و تێکچووبێ؟ یان دووربا دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی کردبێ؟ نامەکەم دانا و قەدەرێ دۆش دامام و لەهزران ڕۆچووم. نەمتوانی بڕوای پێبێنم. ئەمجا نابەدڵ بەخۆمم وت: بیرت بێ تۆ لەچاخی خێراییدا دەژی، حەمە. ئەگەری ڕوودانی هەر مووجیزەیەک لەئارادایە. دەستم دایەوە نامەکەو یەکسەر بەرەو ڕووی ئەم ڕستە سەرسووڕهێنە بوومەوە: (ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی بەرنامەی خوێندن لەسەرانسەری باشووردا تووشی شلۆقی ببێ، چونکە شیعری زێوەر لە پرۆگرامی خوێندندا هەیە!) نەخێر وادیارە شرۆ بەڕاستێتی. لاپڕەسەنی و تینوێتیم بۆ

هەواڵی وڵات دنەیان دام، لەسەر خوێندنەوەی نامەکەی شرۆ بەردەوام بم:

سەرلە بەیانییەک پیرێکی باڵابەرزی گەنمڕەنگی بەشان و شکۆ، چەشنی بوومەلەرزە شاری هەژاند. ئەو لەپڕێکدا وەک لەئاسمانی حەوتەمەوە باریبێ، بەگردی سەیواندا، ڕووەو شارا داگەڕا. دەستێ کەواو سەڵتەی فاسۆنی ڕەشی خەتداری لەبەردا بوو. عەبایەکی شاڵی زیرەیی بەسەرشاندا دابوو. مشکی و جامانەی تێکەڵ کردبوو. قۆردوونی ساعاتەکەی لە کونی قۆپچەی سەڵتەکەی بەستبوو؛ بەبەر سینگییەوە لەدیلانێدابوو.. بەدەستە دەماراوییەکەی قەپاغی سەعاتە بەرباخەڵە عارەبییەکەی هەڵدایەوە و لەبەر خۆیەوە وتی: (هیشتا زووە. نوێژی نیوەڕۆ دەبەمە لای کاک ئەحمەد و پاشان سەرێکی مەعاریف دەدەم.) قرتەی لەقەپاغی سەعاتەکەی هەڵساند و پێی هەڵگرت.

پیری بەشان و شەوکەت. هەر ئەوەندەی نزیکی (قوتابخانەی زێوەر) بۆوە، ئیدی منداڵان ئاپۆرەیان لێدا. ئەوان بەبەرزاییەوە وێنەی ئەو پیرە بەڕوومەتەیان لەژووری بەڕێوەبەر بینیبوو. ئیدی هەواڵی گەڕانەوەی حەزرەتی زێوەر وەک ئاگرو پووشو بەناو قوتابیاندا و لەوێوە بەناو شاردا بڵاوبۆوە. بۆ ڕێزی ئەو پیرە منەوورە، مەیفرۆشانی شار خڕ، دوکانیان داخست. تەنانەت ئەو ڕۆژە بۆ ڕێزی زێوەر هیچ یانە و مەیخانەک لەشار و سەرچنار، پێشوازیی میوانیان نەکرد. ئەوان دروشمی (شادمانین بەم ڕۆژە پیرۆزە!) یان هەڵواسی. ژنان و پیاوان لەڕیزدا دەوەستان، تاشەرەفی ئەوەیان پێببڕێ دەستی زیارەت بکەن و ئەمجا بەئەدەبەوە لەدوایەوە بڕۆن.

زۆری نەخایاند، چی قوتابیی لە شاری سلێمانی و سەرچناردا

هەیە، ڕژانە سەر شەقامەکان. بەڕیزێکی درێژ، ئەمسەری دیاربوو ئەوسەری نادیار، بەدەم سروودی (چەند شیرینەلام)وە، بەشوێن حەزرەتی زێوەرەوە بەرەو گۆڕەپانی مزگەوتی گەورە قەتارەیان بەست. سروودی چەند شیرینەلام کە، گەورەو بچووک بەدەنگی بەرز دەیانچڕی، لەتەلارە بڵندەکانەوە دەنگی دەدایەوە. (بەردی وەک گەوهەرە ؛ ئاوی چەشنی کەوسەرە!) وەختێ سروودەکە تەواو دەبوو، دووبارە دەیانوتەوە. دوکاندار ئافەرینیان دەکردن و ئاویان دەدانێ هەتا دەنگیان نەنووسێ و زاریان وشکنەبێ و سروودەکەیان بۆ دەسەندنەوە:

فەرزە بۆ وەتەنمان گیان فیدا کردن

لەڕێی ئەم خاکەدا بەکۆمەڵ مردن!

ئیدی مەخلووقێکی زۆر هاتنە پاڵیان و ڕێ بەر ڕێدار نەدەکەوت. تەنانەت ئەوڕۆژە، ئەڤەلۆن و دۆڵفین و شەبەح و لەیلا عەلەوی و مۆنیکای مەسوولەکانیش ڕێیان لێگیرا. بەڵام وان مەسوولان سەریان تەقەی دەهات و نەیانزانی چێ قەوماوەو چ باسە؟! کام قەدرگرانە ڕێی کەوتۆتە ئەم شارە؟! ئەم ڕێزدارە هەرکەسێکە، بۆچی بەرپرسانی لەتەشریف هێنانی ئاگادار نەکردووە؟ ئەگەر ئاژاوەگێڕیشە ئەوا دەبێ بەتوندی بەرپەرچ بدرێتەوە! لەڕێی بێتەل و تەلەفاکس و تەلەفوونی دەستییەوە بەپەلە، بەهەر چوارلادا کەوتنە سۆراخ و هەلەکەسەما و ئارامیان لێبرا. ئەوان تەواو نیگەرانبوون. کەسێ لەو بەرپرسانە ناوی (زێوەر)یان نەبیستبوو! سەرۆکی شارەوانی ئاوا وەڵامی دایەوە:

(ئێمە تەنیا بازاڕی زێوەرمان بیستووە، لەو گوزەرەیش قوماش دەفرۆشن!! ناوبراو هیچ پارچە زەوییەکیشی وەرنەگرتووە بەڵام با ئەو

زێوەر ناوە سوور بزانێ و ئەو دەستە بخاتە ژێر سەری، مەرجەکانی زەوی وەرگرتنی تێدانییە. دەستی بەپەڕەکەی هەورەوە گرتبێ، لەدیوی شاربازێڕیش سەد وپەنجا مەتریی زەوی نادەمێ!!)

بەڕێوەبەری تاپۆش لەوەڵامدا وتی:

(پێدەچی زێوەر، ناوێکی خوازراو بێ. هیچ خانوویەکی بەناوەوە نییە!!)

لەولاشەوە وەڵام هاتەوە:

(ئەم زێوەرە کۆبۆنی خۆراکی بەناوەوە نییە، کەواتە بەم شارە نامۆیە!!)

لەوەڵامی ئاسایشی گشتیدا بەڕێوەبەرێتییەکان شێرانە هاتنە دەست. ئەوان بەبیستنی ناوی زێوەر، هەریەکەو لەتەرەفی خۆیانەوە، کەوتنە پەیجۆر.. بەڕیوەبەرێتی ئاسایشی سەرشەقام، داوادەکا:

(تکایە زۆر بەپەلە سەبارەت قیافەت و سەرو سەکوت و پاشخانی سیاسی و برادەرەکانی و بڕوانامەی، بەوردی چیتان لەبەر دەستایە بۆمانی ڕەوانە بکەن، بەڵکو لەئایندەیەکی نزیکدا بتوانین دەستگیری بکەین. وا لای خۆمانەوە دەسبەجێ فایلێکی پاک و بەتەمیزمان بۆکردەوە. بۆ ئاگاداریتان تکایە!)

بەڕێوەبەری ئاسایشی بەکرەجۆ لەوەڵامدا نووسیبووی:

(مەرێکم مەولوودی پێغەمبەر بێ لەسنووری دەسەڵاتی ئێمەدا نیشتەجێ بێ، پەیمان بێ بەلەقەوە بچمە سەر ورگی. ئەگەر لەماوەیەکی کورتدا ناچارم نەکرد چی پێیە بیدرکێنێ، ئەم سمێڵە سمێڵی پشیلەبێ!!)

بەڕیوەبەری هاتوچۆ زوو هاتە وەڵام :

(ئەم زێوەرەی ئێوە باسی دەکەن، نە مۆڵەتی شوفێریی هەیە، نە ئۆتۆمبێلێکی بەناوەوە هەیە! پێدەچی عارەبانەی یایلیشی لێنەخوڕیبێ!)

دەزگەیەکی زۆر زۆر نهێنیش نووسیبووی:

(مادام هیچ مولکێکی بەناوەوە نییە و مایەپووچە،ڕێی تێدەچێ بڕوای بەمولکدارییی تاک نەبێ. کێبێ لەم ڕۆژەدا لەهەڵپەی ئەرزەدا نەبێ، کەواتە دوور نییە ئەم زێوەر ناوە کۆمۆنستی کرێکاریی بێ.. لەم سۆنگەیەوە جێی مەترسییە!)

ئاسایشی کەلار، چونکە هەموو هێلەکان بەم مەسەلەیەوە خجڵ بوون، لە فاکسەکەیدا نووسیبووی: (بەپێی ئەو ناونیشان و سەرو مێقلەبێ ئێوە هەڵتاندا وە؛ ئەگەری زۆر هەیە سەرچاوەی هزرو تەگبیرکەری ئیسلامییە توندڕۆکان بێ. بەقوربانی کوڕبم نەیەڵەن هەروا بێئارەق دەرچێ. بیدەنە دەست مارینز و هەقتان نەبێ!!)

بەرپرسێکی حیزبیی بەرزەبڵێس، ئاوا هاودەردی و دڵسۆزیی خۆی پیشاندا:

(ئەگەر شاهیدا ئەم زێوەر ناوە نووسەر دەرچوو، ناونیشانی ماڵەکەیم پێبڵێن، ئەمشەو گوێ لە زرمەبگرن و هەقتان نەبێ! ئەمجا بائەو توانیبێتی جەماوەر لەخۆی کۆبکاتەوە؟)

دواجار بەڕێوەبەرێتی نەهێشتنی تاوان هاتە وەڵام:

(ئەم گومان لێکراوە، تاکو ئێستا هیچ تاوانێکی لەدەست نەقەوماوە.. بەڵێن دەدەین ئەگەر قەوماندی ئەوا لە دەستمان ناقونێ؛

حەددی چییە؟!)

کەژاوەی هەراوی خەڵک، بەپێشەوایەتی حەزرەتی زێوەر گەیشتنە لای کاک ئەحمەدی شێخ و لەپێش مزگەوتی گەورەی شاردا پەنگی خواردەوە. منداڵان لەوێوە مایکرۆفۆنیان بۆراکێشا. داوایان لێکرد لەفەرمایشتەکانی بێبەشیان نەکا و سەبارەت هۆی گەڕانەوەی بۆیان بدوێ. قوتابییان لەسەر شانی خۆیانەوە زێوەرەفەندییان سەرخستە بان دیواری مزگەوت و ئەویش بەدەنگێکی نەرم و ئاوازدار وتی:

(پێم خۆشە وەک ئێلچی و شاندی ئەدیبانی گردی سەیوان و مامەیارە بەدیدارتان شاد دەبم.. ڕۆڵەکانم چیبێ لێتان نهێنی بێ، پیرەمێرد هەر، کە گوێی لەڤڕەی مۆنیکا و لەیلا عەلەوی، بەتایبەتی جام تاریکەکان دەبێ، بەبناری گردەکەی یارەدا ڕەتدەبن، ڕادەپەڕێ و بەکفنەکەوە لەگۆڕ دەردێ. سەرنجێکێ دەوروبەری خۆی دەدا، تاکو بزانێ تالان نەکراوە؟ ئەوجا بەناچاریی خۆی بەماڵەکەیدا دەکاتەوە.. وادەزانێ هاتوون کێل و مەڕمەڕو قەفەزی سەر گڵکۆکەی بدزن و ئەودیوی ئێرانی بکەن.. ئەوە ماوەیەکە خەمێکی نوێ لەسەردڵی ئەو زاتەدا گرێیە. کاتێ ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانە بەلایدا ڕادەبرن، ترسی ئەوەی لێنیشتووە، گردەکە بەگڵکۆکەی ئەویشەوە، بەسەر خۆیاندا دابەش بکەن. ئەوی ڕاستی بێ هەموومان بەبێکەس و گۆرانیشەوە ئەو ترسە لەدڵماندا گرێیە. گلەیی بێ لێتان، پێدەچێ سرووودەکانمان ئەو کاریگەرییەی لەسەر نەوەکانی دوای خۆمان نەبووبێ. ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکردن نیشتمان پەروەربن نەک ئەو پارچانەشی لە نیشتمان ماونەتەوە، لەسەر ناحەزان و خۆیانی تاپۆ بکەن، یان ئەودیوی ئێرانیان بکەن. ئەوزاتانەی سەیوان و مامەیارە منیان

ڕاسپاردووە ئاگادارتان بکەمەوە.. ئەوی ڕاستی بێ بۆخۆشم لەسزای ئەم هەموو ناهەقیانەدا کە بەرامبەرتان دەکرێ. کارێک ڕادەپەڕێنم دەبێتە جێی سەرنجی هەموولایەکتان وداواتان لێدەکەم لێم زیز نەبن، لەم کردەوەیەدا، مەبەستم ئێوە نییە...)

لەم دەمەدا مێردمنداڵێک هەڵیدایە: (گەورەم زێوەر ئەوانە نەوەی دوای ئێوە نێن. خەڵکی ئەم وڵاتەیش نین و ئێمەیش چاکیان دەناسین...)

لەم دەمەدا ژمارەیەک چەکداری کلاش لەپێی چاو زەق، هەڵیان کردە سەربانە بەرزەکان و دەورو بەریان تەنی. بەرامبەر جەماوەرەکە، هەمەجۆر چەکیان دابەست. ئیدی ملەقوتێ و ورتە ورت کەوتە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکە. بۆ ئەوەی دەست چەکدارەکان نەکەوێ؛ کەس نەیزانی جەماوەری شار چۆن زێوەریان شاردەوە؟

ئەوشەوە لەزۆر جێی شار و لەزۆر شارو شارۆچکەی ئەم وڵاتە زێوەرەفەندییان بینیبوو. لێرە لەبەردەم کتێبخانەی زانکۆو نامەخانەی ئەوقاف و گشتیدا بینیویانە.. ئەو شەوە هەرچی کتێنخانەی شار هەیە بێئەوەی زیانیان پێبگات، دەرگەیان کرابۆوە. سبەی ئەمینداری کتێبخانەکان سەرنج دەدەن، هەرچی دیوانی زێوەر هەیە، بەچاپی کۆن و نوێوە، لەسەر مێزەکەیان دانراون و لەئاستی سروودی (چەند شیرینەلام)دا کراونەتەوە. زێوەر بەدەستخەتە جوانەکەی، بەمەرەکەبی چینی و بەئووچ لەدوای دێڕەکانی:

بەردی وەک گەوهەرە
ئاوی چەشنی کەوسەرە
ئەم نیوە دیڕەی زیاد کردووە:

ماری جۆری حەوت سەرە!

هاورێ هەواڵچنەکەم بۆی نووسیوم: ئەگەر دیوانی زێوەرت لەلایە سەرنجێکی بدە بزانە داخۆ توانیوێتی بگاتە ئەو باکووری زەوییە و دەستکاریی ئەوەی لەمەڕ تۆشی کردووە؟ بەڵام لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە لەکۆتایی نامەکەیدا بۆی نووسیوم :

(بۆخۆت دەزانی ئێمە برادەری سەردەمی منداڵی و ڕۆژانی تەنگانەین و هیچمان لەیەکدی نەشاردۆتەوە. ئەگەر دەکرێ بەڵکو بەبرای خۆت ناوم بدەیتە کاربەدەستانی دەزگەی کۆچ و کۆچبەریی ئەو وڵاتەی لای خۆت. لەمە زیاتر ناتوانم لێرە بژیم و بەرگە بگرم!)

لەدوا بڕگەی نامەکەیدا، لێی دووبارە کردوومەتەوە، ئەگەر دیوانی زێوەرم لەلایە بیرم بێ ئەم نیوەدێڕەی بۆ زیاد بکەم:

بەردی وەک گەوهەرە
ئاوی چەشنی کەوسەرە
(ماری جۆری حەوت سەرە!)

ئێستا، بەتایبەت لەشاری سلێمانی کاتێ منداڵان سرووودی {چەند شیرنیەلام} دەچڕن، ئەو نیوە دێڕەشیان پاڵداوە: (ماری چەشنی حەوت سەرە!).. ئەوی ڕاستی بێ برادەرەکەی شارم،(شرۆ)ی ناو نییەو شڕۆ ناوێکی خوازراوە. داوای بوورین دەکەم. لەبەر سەلامەتی سەری برادەرە هەواڵچنەکەم ناتوانم ناوی ڕاستەقینەی بدرکێنم.

فێبروەری ٢٠٠٥

* ڕێزی بێپایانم بۆ شاعیری گەورە زێوەر و بنەماڵەکەی بۆ هەموو ئەو نووسەرە کۆچکردووانەی لێرەدا ناویان هاتووە.

# عێلجاڕ

وەنەبێ بەرلەوەی ژنەکەم بەهەناسەی سوار و ڕەنگی پەڕیوەوە چەقی دەرگەی ژوورەکەم پێبگرێ، گوێم لە مرخێش مرخێش و خشەخش و شیڕەی دڕاندنی کاغەزەکانی ژووری ئەودیوی تاوێ بەر لە داگیرساندنی پریمزی حەمامەکە نەبووبێ. ئەگەرچی ئێمە منداڵی وردیشمان نەبوو، وەلێ ئەمەیانم بەلاوە ئاسایی بوو. بەڵام شالاوی لەناکاوی ئەو حەمکە مەردمە دەم بەهاوارە چاوەڕوان نەکراوە و ئەو مرخێش مرخێش و غەڵبە غەڵبەم بەلاوەنامۆ و ناجۆربوو، کە لەگەڵ ڤرەڤرِی هاوکاتی پریمزی گەرماوەکەدا مێشکی کاسدەکرد.. ئەوان بەسەرێک لەنێو خۆیاندا بەیەکدا دەهاتن و بەسەرێکیش، بەوەی بەردەرگەیان پێگرتبووین و چەقی شەقامەکەیان تەنیبوو، هەراسیان بەئێمەو خەڵکی گەڕەک هەڵگرتبوو.. دەستەیەک بەخۆیان دەینشیڕاند:

– نیو نیو نیو نیو ینو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو!

دەستەکەی دی لێکدا لێکدا دەیانسەندەوە:

– لەیەک کەمتر نابێ، لەیەک کەمتر نابێ، لەیەک کەمتر نابێ!

کووپی قاوەکەم داناو هەروا داماو، سەرنجی ژنەئەوقبووەکەمم دەدا، کە دەیویست نهێنییەکی خەتەرناک بدرکێنێ و بۆی نەدەهاتە سەر

زار، یان زمانی گۆی نەدەکرد. ڕاستبوومەوە. کەمێکیش دەستم دەلەرزین. نێربۆزانە پرسیم:

– دەقسەبکە ژنەکە، ئەوە ئەو نیو نیو و لەیەک کەمترنابێیەیان لەچییە؟ ئەوانە کێن و چکارەن و چییان لێم گەرەکە؟!

لەپڕێکا ژنەم ژن، زمانی بەربوو، هەرمەپرسە:

– بەڕاست نازانی کێن ئەوانەی ئەو نیو نیو و یەک یەکەیان لێگرتووینەتەوە؟ یان ئەوەتا خۆتی لێ نەبان دەکەی؟! ئەوە هەمووی گۆتاوەڕۆی دەوری قوونی خۆتە. ئاتۆ سەرێ بێنەدەرەوە، خۆ دنیا ئاخرنابێ. وەرە،چۆن بەدەستی خۆت گۆبەندەکەت گێڕاوە، ئاوهایش بەپیریانەوە بچۆ و چارێکی بۆ بدۆزەرەوە! ئەوانە لەگەڵ تۆیانە! پێدەچێ هەندێکیان لەبنی دنیاوە هاتبن. ڕێیان لە ڕێبوار بەستووە و چی خەڵکی گەڕەکیشە ملەقوتێیانە و تەقەقەی سەریشیان دێ. نازانن بەهاوارمانەوە بێن، یان هەر بەردێکی لەسەر دانێن و بێدەنگەی لێبکەن؟!

لەم بەڵای لابەلای گوزوگومەتە سەرم دەماسا و سەرگەردان، دەمویست هیچنەبێ کەمێ شپرزەییەکەم بشارمەوە و بۆشم پەردەپۆش نەدەکرا. بەشی ئەوەندەم ئاگا لەخۆ بوو، کە وێڕای دەست لەرزینەکەم دەمارێکی ملیشم بەپەلە پلدەدا. ویستم شێواو و شپرێو ڕوخسار دەرنەکەوم. هەرنەبێ نەختێ خۆم کۆبکەمەوە ئەوجا بەرەوڕوویان ببمەوە. بەپەلەپرووزێ پیجامەکانم داکەندن و کراس و پانتۆڵێکم لەبەر خۆ هەڵکێشان.. بەدەم خۆگۆڕینەوە یەکدوو سووکە لەتریشم برد. لە دەرەوەشرا چرەبەندانی مەردم کردبوویان بەڕۆژی خۆیان، یەکبینە چون نێرەکەوی سەرەتای بەهار بەرانبەر یەک دەیانخوێند:

– نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو!

– لەیەک کەمتر نابێ، لەیەک کەمتر نابێ، لەیەک کەمتر نابێ!

بەگەرووی وشک و دەنگی نووساوەوە لە ژنەکەمم پرسییەوە:

– هەر پێتنەوتم چی قەوماوە، من وەختە دەهری دەبم، ئەو نیو نیو و یەک یەکە چ مانایەک دەگەیێنێ و چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟

بەسەرێک لەژنەکەمەوە چاوەڕوانی وەڵامێک بووم، نەختاڵێک ڕۆشنایی بخاتەسەر ئەو زەنازەنایەی وا ناخافڵ لەم سەفەرەدا یەخەگیرم بووە، لە دڵەڕاوکێکەم کەمبکاتەوە. بەسەرێکیش خۆم بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی لاسەنگ سازدەدا. یەخەی کراسەکەمم داخست، تا پلدانی خێرای دەمارەکەی ملمی پێبشارمەوە. پێڵاوەکانم لەپێ هەڵکێشان. لەمووبەقەکە، گوڵمێ ئاوم ئەودیو کرد. بۆ پەردەپۆشی دەستە لەرزیوەکانیشم، کەلێمببوون بەتەوق، تەزبیحە قەزوانەکەمم بەدەستی ڕاستەوە گرت، دەستی چەپیشم خنییە گیرفانی پانتۆڵەکەم. دوای هەڵوێستەیەک، بەلووت هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو بەزار دامەوە. بەنیازی شەڕێکی نابەرانبەر و دەرەنجامە نادیارەکانی، چا هەرچییەک بن، قیروسیام لێکرد و هەنگاوم نا. لەگەڵ ئەوەشدا، کە پڕ شپرزیاگ بووم، وەلێ لە دیمەنی نامۆی ئەو هەموو کاغەزە ونجڕونجڕ و پەرش و بڵاوانەی بەرپێم،کە بەسەریاندا هەنگاوم هەڵدەهێنا سڵەمیمەوە.. دیقەتم دا و زەینم دایە، تمەس ئەم وردە کاغەزانە هەر ئەو زەرفانەن، کە بەخێرێ دوا کۆمەڵە چیرۆکی خۆمم تێخستبوون و ناوو ناونیشانی نووسەرەکانمم لەسەر نووسیبوون، بەونیازەی وەک دوا بەرهەمم بەدیاریی بۆیانی بنێرم. وەهای بۆچووم هەبێ و نەبێ کەسێ لە نائاگایی ئێمەدا خۆی بەماڵداکردووە و ئەم کەتنەی داوە.

سەرپێیی چاوێکم بەکتێبەکاندا گێڕا، دیتم ناوی نووسەرەکان و ئەو چەند وشەی ڕێز و پێشکەشکردنەی لەیەکەم لاپەڕەدا بۆم نووسیبوون، بەتووڕەییەوە ڕەشکرابوونەوە. وێڕای ئەوەش هەندی لاپەڕەی کۆمەڵە چیرۆکەکەم هەر بەجارێ کوژابوونەوە. ختوورەیەک بەمێشکمدا جەخماخەی دا. لێ وەختەکە بۆ پرس و بەشوێنداچوون لەبار نەبوو، چونکە لە دەرەوەڕا هەرا و زەنا درێژەی هەبوو، دەبوو خێرا بەدەمییەوە بچم:

– نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو!

– لەیک کەمتر نابێ، لەیەک کەمتر نابێ، لەیەک کەمتر نابێ!

کاتێ هەزارەزیلەی ئەو مەخلووقەم دی، موچوڕکێک بروسکەیی لەتەوقی سەرمەوە هات و لە کەڵەئەنگوستی پامەوە بەناخی زەویدا ڕۆچوو. ئەوانە وەک عێلجاڕیان کردبێ، لەپەڕگەی دنیاوە هاتبوون. دەرگەیان پێگرتبووم و یەک بەخۆیان دەیانشیڕاند. هەمووشیانم دەناسی. نازانم چۆنیان سۆراخ کردبووم، چۆنیان دۆزیبوومەوە؟ خۆمن ساڵانێکە دوورە وڵات دەژیم و هەروا هەفتەیەکە لەگەڵ ژنەکەمدا بەسەردان گەڕاوینەتەوە. هێمان هەندێ لە قەوم و قیلەکانیشم پێیان نەزانیبووین. ڕۆژی حەشر بوو حەشر. هەر سووسەیان کردم و نەکرد، بوو بەحەمەڕەمزێیەک نەبێتەوە. دەرگایان قڵیشانەوە و پێکڕا هێرشیان بۆ هینام:

– نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو!

هۆیێکم لەخۆ زانی، لەو هەنگامەیەدا، بوو بەلوورەلووری ئاژێر و پەناگرتنی جێبی سەربازیی هامەری شەستتیر بەسەر و حەشر و حەلەللایەک ئەوسەری دیارنەبێ. دیاربوو کەسێ زەنگی بۆ هێزی

هاوپەیمانان لێدابوو، بۆیە بەمارینزی بەڵەکپۆشی کلاوئاسن بەسەری شەشئاگرە لە ئەستوورایی ڕان بەستوو، ئابلووقە دراین و لەهەر چوارلاوە ڕێگەکانیان بڕی. هیندەم زانی ئەپاچییەک داڵ ئاسا بەبان سەرمانەوە دەسووڕێتەوە. چیبکەم؟ تازە ڕووداوێکەو هاتۆتە پێش و بووە بەڕیشەوە، دەبێ شانی بدەمەبەر. یەکدوو نەرمەکۆکەم بۆکردو قیڕاندم:

– هەموو لایەک خۆشهاتن و دیمانەتان بەخێر. دیارە گشتتان دەناسمەوە. بەداخەوە جێتان نابێتەوە تا خوڵکتان بکەمە ماڵۆچکە قنگەجنۆکە کاتییەکەمەوە. بۆخۆشم میوانم و ڕەوتەنی. ئێستاش بابزانم چ کێشەیەکتان هەیە وا هەندێکتان لەوپەڕی دنیاوە سەرتان بەلای منەوە ناوە؟!

وامــوت و وامنەوت، بوو بەهەراو زەناو لەیەکتر ڕاسان و دەنگ هەڵبڕین. دەستەیەک دەیانشیڕاند:

– نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو.!

گەماڵەڕەشە ڕستکراوەکانی نوگرە سەلمانی یاوەریشیان هەر لەسەر هەمان ئاوازی نیو نیو نیو دەحەپین.. دەستەکەی دیکەش بەرانبەریان هەڵدەبلۆقینەوە، هەڕەشە ئامێز دەستیان ڕادەوەشاند و قسەیان پێدەبڕین:

– لە یەک کەمتر نابێ، لە یەک کەمتر نابێ.!

لەو دەمەشدا، مارینزەکان لەپەیجۆری ئەوەدا بوون ئەڵقەی گەمارۆیان تەسکتر بکەن. لەپەستا بەبێتەل هەواڵی ڕەوشەکەیان بەسەرو خۆیان ڕادەگەیاند. کۆپتەر، بوون بەدووان و فڕکوهووڕ لەچەرخە و چاودێریدا بەردەوام بوون و کردبوویانینە ئامانج. دیاربوو

چاوەڕوانی فەرمانی سەروتر بوون. دۆخەکە دەست و بردی گەرەک بوو. وتم:

– تکایە بێدەنگ بن، بەو حاڵە بێحاڵەوە مەحاڵە لێکحاڵی بین. با هەر لایەو نوێنەرێکی قسەبکا.

هێنایان، بردیان، بەیەکداهاتن. دوای قەدەرێک، هەرچی دەستە و دایەرەی فیلە دەحشک، لەوانەی بەهاوکاریی باریق، دەڤەری قەراخی مەفتەنی باوانم و قوولەی مەفتەنی خاڵوانمیان ئەنفال و سووتاندبوو، مرۆڤی گومڕا و سەربەگۆبەن، دۆڕاو، هێڕ، بشێونە و دەمگەرم، کوڕی ڕۆژ، ژەهرفرۆش، ڕسوای زەمانەو مەسوولی بەخت سپی، جانتا و چارە و فایلڕەشیان لە نێودا بوو. جاسووسی ڕۆم و عەجەم دەبینران، وەلێ هێشتا مابووی دەستیان بکەوێتە ڕوو. کۆنە بەعس و کۆنە هەرامە و کەونە دز و تازە دز.. سینگهەڵکێشانی جەنگی ناوخۆی، شێری ماڵەوەو ڕێویی دەرەوە، داوێنتەڕانی شارانیان لەتەکدابوون. شاعیری دەربار و قوزانی و بەعس نووسم بەبوتڵەعارەقی فەلەوە لەناویاندا بینی.. هەموو ئەمانە فایلڕەشێکیان بەنوێنەر هەڵبژارد.. باقیمەنێ، لە پیاوی فرەژن و مرۆڤگەلی توندە تەبیعەتی مۆنی و سابرێنە ڕیشە و بازرگانی جەنگ و مولازم حەجحاجی خەڵکی عەفەچ و عەریف شەمخی و سەربازگەلی پیسنەفەری وەک: بووری مجاری مەسدوود، پرێمز داخیل بەرمیل و زبالە چەللووب واوی و چوار براکە: گرێمش و برێمش و عرێمش و غرێمش، کە گۆڵە ڕەشەکانی نوگرەیان ڕست کردبوو، بەشوێن خۆیاندا دەیانهێنان. گۆڵ دەحەپین و دەگەپین. هەموو ئەمانە، وێڕای تێکەڵەیەک لە گەندە مەخلووقی فرە نەتەوە و ڕەگەز و فرە خولیا، کە بەڵمەڕیشەیەکیان کردە نوێنەری خۆیان.. منیش ئاماژەی فایلڕەشەکەم کرد و وتم:

– فەرموو هەڤاڵی ئەندامی سەرکردایەتی، کێشەکەتان چییە؟

– ئەوی ڕاستی بێ ئێمە بۆ کێشەی خۆمان ئەم ڕێگە دوورەمان نەبڕیوە. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کەخەمی ئێمە لەوە مەترسیدارترە بەنووسەر و مووسەر چارەسەر بکرێ. بۆخۆت دەزانی لەوانەیە دووچاری لێپرسینەوە ببین و بکەوینە بەر شاپی جەماوەر. ئێمە بۆکێشەیەک هاتووین هی تۆیە و ئێمە پێوەی دەناڵێنین. خۆت دەماننناسیتەوە. ئێمە بەدنیایەک جیاوازیمانەوە، خەلقندەی خۆتین. تۆش ئەمڕۆ بەنیازی، چەند دانەیەک لەدوا بەرهەمی خۆت پێشکەش بەهەندێ نووسەر بکەی. لەم دەرفەتەدا، ئێمەش وەک پاڵەوانی چیرۆکەکانت قسەی خۆمان هەیە. خۆت چاک دەزانی، من لەبری کام گرووپ دەدوێم. ئێمە ڕامان وایە: دەبێ یەک گەڵای تەواو بخەیتە نێوان هەر کتێبێکتەوە ئەوجا بۆیانی پۆست بکەیت!

– مەبەستت لەم پێشنیازە چییە هەڤاڵی سەکردە؟!

– ببوورە، ئەمە پێشنیاز نییە، بەڵکو داوایەکی هەنووکەیی بەرەی ئێمەیە. پێی لەسەر دادەگرین و هەردوو پێشت لێدەکەینە کەوشێک! ئاخر ئێمە دڵمان بۆ حاڵت ژاندەکا! ئەمڕو ئەم ئاکارە (خەریکە) دەبێتە نەریتێکی باو و تۆ لێی بێئاگای. ئاخر ئەوەتا کەسێک باسی ئەرک و ماندوبوونت ناکات. لەکاتێکدا وەک ئێمە دەزانین بەشێک لەو بەناو هونەرمەند و نووسەرانەی بەم ڕۆژگارە بەشان و باڵیاندا هەڵدەدرێ، ئەوەی هونەرو ئەدەب بێ پێیان نییە. بگرە هەندێ لەو نووسینانەی بەناوی خۆیانەوە بڵاویان دەکەنەوە، بەسەقەتی لەزمانە دراوسێکانەوە وەریانگێڕاوە. کەچی ئەوەتا بەم ڕۆژگارە مۆنتکارلۆیەک بەدوایانەوەیە، ڕیکلامیان بۆدەکەن و بێبناغە بەشان و باڵیاندا هەڵدەدەن. ئاخر ئەوە

بەزەبری سەد دۆلارەکەیە وا بەختیان یارو چەرخیان یاوەرە حەمەگیان! ئێمە پێمان وایە ئەو دیارییەشی، کەهاوپێچ لەگەڵ هەر کتێبێکدا دەینێری نابێ لە گەڵایەک کەمتربێ!

– لەمەبەستی دەستەی فایلڕەش گەیشتم.. ئێستاش نۆرەی تۆیە، بەڵمەڕیش، چ گرفتێکت هەیە، فەرموو بئاخڤە.

بەڵمەڕیش، بەتەزبیحی دەستییەوە هاتە پێشەوە و وتی:

– شەریفی نۆکەرت، گەورەم!.. ئێمە بەپەسەندی نازانین هەروا بەهەوانتە ئەو برە پارە جوانە بجرنگێنی و لەبەردی بدەی. ئێمەمانان دنیامان زێتر دیوە. لەوەیش ئاگادارین، کە وێڕای ئەوەی ئێوە لە ئەورووپا دەژین، بەڵام وەنەبێ لەوێش پارە ڕژابێ. بۆ بابایەکی وەک(ئەو جۆرە) ڕەخنەسازە مەراییکەرە لات ولوارانە، سەرو پەنجا دۆلاری ئەمریکایی لەدەمی بابیشیان زیادە، ئەویش بەمەرجێ بەڵێن بدەن، هەریەکەو توێژینەوەیەکی پیاهەڵدان ئامێز لەسەر یەکێ لە بەرهەمە دانسقە و ناوازەکانت، کە دوور لە ڕووپامایی، ئەوەدەهێنن وەهایان پێبگوترێ، بهۆنێتەوە. لەگەڵ ڕێزمدا، ئەو برادەرانەی ئەولا، ئایەو مایە و سەرمایەیان لا بێبەهایە. وەدەزانن پارە بەچەقەنە پەیدا دەبێ. ئەوان هەر ئەوەندە دەفامن!.. ئەقڵیان بەوە ناشکێ، کە وەک جەنابی بازرگانباشی دەفەرموێ: ئەوەی پوولێکی نەبێ پوولێکیش ناهێنێ. بەندەی نۆکەرتان وەک کەسێکی زانا، لەوە گەیشتووم، کەهەر سەنتێک دەبێ حسابی تەواوی بۆبکرێ، چونکوم سەنتێکی تر ڕادەکێشێ گەورەم!

بەچواردەورمدا هەدوو لا چرکەیان لەخۆیان بریبوو، چەمەڕای ئەنجامی وتووێژ بوون بەکوێ دەگا. ئاورێکیش چییە لەو گەلە

مــارینزەیان نـەدەدایەوە، کــەپەنجــە لەســـەر پەلاپیــتکە چاوەڕوانی ڕاپەڕاندنی فــەرمــان بوون. ئەو هـەمــوو ئاســایش و مــاســایشــە خۆماڵییەش لەولاوە بوەستێ، کە لەدوای دواوە، کوچک لەئاگر گەرمتر، سـەریان لە ڕاووڕووت دەخـورا . دوای چەند چرکـە سـاتێ سـاکـان، کـە لەتاسانەوە نزیکتر بوو، زارم هەڵهێنایەوە:

– پێــویســتی نەدەکــرد خــۆت بناسێنی. دەتناســـمــەوە، تۆش کارەکتەرێکی دەستکردی خۆمی شەریف!

لەم هەنگامـەیەدا سێرجنتێکی مارینز هاتە بن ڕیشمەوە، بێسلاو، کاوبۆی ئاسا، بەتۆنێکی ئەمریکاییانە وتی:

– فـەرمـاندە مۆڵەتی تەنیـا دە خولەکی پێداون. ئەگەر دەست بڵند نەکەن ئەوا بەخۆشتەوە، توورەکەتان لەسەر دەکەین. تەنیا دە خولەک، نۆمۆڕ!. ئەندەرستاند؟!

– ئۆککەی سێر، ناهێڵم بخایێنێ!

پێشتـر هەر لۆزەنگەر و بۆرمی خۆماڵی گـەفیان لێکردبووم. ئەمە یەکەمجارم بوو چاوشینێ خێسەو گەفم لێبکا . سێرجنت بەمرقەمرق گەڕایەوە لای مارینزەکـان. شـەریفی بەڵمەڕیش و هەڤاڵی فایلڕەشی ئەبرۆو سەرو سمـێڵ بەڕەش بۆیەکـراوی لووت دافـسیـاگیش، وەک نەبایان دیبێ و نە باران هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو. سەیرکەن یاران، ئەمە چ گەڕ تێ ئالاندنێکە؟ چ گۆتاوەڕۆیەکە، پاڵەوانانی چیرۆکەکانم نایانەوە؟! فریای خۆم نەکەوم حاڵم فیشقە و توورەکەم لەسەر دەنێن! بەجارێ سەری دنیام لێهاتەوە یەک. ئەمە چۆن گەشت و گوزارێک بوو بەناخێری گیانم کردم؟ بێئۆقرە لە شەریفم پرسی:

– ئەدی ئەگــەر ئامـادە نەبم ســەنتێکیش چییـە بیـجـرنگێنم؟.. چ

پێویستیم بەمەرایی و پیاهەڵدانی ڕەخنەنووسی کرێگرتە هەیە؟

– ئەمەیان کاری نەکردەیە و هیچ لایەکمان لێتی قەبووڵ ناکەین. دوای ئەوەش چاوەڕوانی ئەوەمان لێنەدەکردی حساب بۆ ئەم هەموو کارەکتەرە نەکەی، کە خەلقندەی هزرو قەڵەمی خۆتین! تۆ بزانە چۆن دەیانەوێ بمفریوێن؟ وادیارە ئەوانە باکیان لە مارینزیش نییە! کات هەروا تەنگی پێهەڵدەچنیم و هێزی مارینزیش گەمارۆی دەورمانی توندتر دەکرد. منیش چارەسەرێکم پێنەبوو. بەهەڤاڵی لووت دافسیاگم وت:

– هەردوولاتان لەسەر بەرتیل کۆکن. جیاوازیتان تەنیا لەبڕی بەرتیلەکەدایە!

بەڵمەڕیشە هاتە پێشەوە، وتی:

– جابۆ بەرتیلی ناو دەنێی، ناوی سەرقەڵەمانە، یان دەستخۆشانەی لێبنێ و بڕایەوە! پەنجا دۆلاریش بڕە پارەیەکی گونجاوە بۆ هەر ڕەخنەگرێ.

سەرنجێکی سەعاتەکەی مەچەکم دا، نزیکەی پێنج خولەکی بەبەرەوە مابوو. من بێئۆقرە و سەدان پاڵەوان و کۆمبارسی چیرۆکەکانیشم مێش میوانیان نەبوو. هەڤاڵ لەولاوە هەڵیدایە:

– وەک پاڵەوانی چیرۆک و ڕۆمانی هەموو ئەو نووسەرانەی دنیا، ئێمەش پێمانخۆشە لە لاپەڕەی گۆڤار و لە دووتوێی کتێبە ڕەخنەییەکاندا ناومان بکەوێتە نێو ناوان. بچینە سەر تەختی شانۆ و پەردەی سینەما، جەماوەر بەعەزرەتەوە بۆ بینینمان ڕیز ببەستن!

بەڵمەڕیشە بۆی سەندەوە:

– نابێ بەناوی ئازاری ویژدان و هەڵویست نواندنەوە، کە نووسەرمان لەهەموو سەردەمێکدا لەسەر زاریتی، کارێ بکا بەو ڕادەیەش بخرێتە پشت گوێ. هەڤاڵی فایلڕەشی لووت دافسیاگ وتی:

– بەڵام من وەک نمایندەی حەشاماتەکەی لای خۆم هەر سوورم لەسەر ئەوەی، کە لە هەموو بارێکدا نابێ دیاریی ڕەخنەگر لە سەد دۆلار کەمتربێ! بەڵمەڕیشە بۆی سەندەوە:

– ئەگەر بەقسەی بەرەی ئێمە نەکات، ئەوا بڕیارە لەناو خۆماندا پیتاک بکەین و چیمان کۆکردەوە بەدیاری بۆ ئەو ڕەخنەسازانەی بنێرین، کە بەرهەمەکانی بەسەر دەکەنەوە. بەمەرجێ بڕی هەر دیارییەک لە پەنجا دۆلار تێنەپەڕێ!

لە هەڤاڵم پرسی:

– بەڕاست ئەمە ڕای شاعیرانی دەرباریشە؟!

– بەڵێ گەورەم، جەنابی کاکە حەمەگیان. ئەوان پێیان وایە، (هەندێ) لەو بەناو ڕۆماننووس و چیرۆکنووسانەی، وا ئەمڕۆ بەزەبری بەرتیل، بەردەوام لەسەر بەرهەمەکانیان دەنووسرێ، نیوەناچڵ تەکنیکی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووی کۆمەڵە چیرۆکی سێبەری ئەسپەشێی جەنابتان، نیوەزمان، کاوێژ دەکەنەوە.

لە بەڵمەڕیشەم پرسی:

– پیاوانی دەستە و دایەرەی تۆ، لەگەڵت هاوڕان؟

– بەڵێ هاوڕاین کاکە محەمەد! ئێمە لەژێر ناونیشانی (وەڵیفەتانە)دا فتوامان بۆداوە و حەلاڵمان کردووە!

بەو ڕۆژە فێنکە، بەدەم دڵەڕاوکێوە، تنۆک تنۆک ئارەقەی

شــەرمــەزاریم دەردەدا . هەرچەنـد دەمــدایە بەر زەینـی خــجـڵم، زێتــر بەناخی زەویدا ڕۆدەچووم. ئەمە چ خۆرەیەکە هزری ئەم مەخلووقەی داڕزاندووە خودایە؟! ئامادەبووان مقۆمقۆیان تێکەوت. دەیانزانی، من بابایەکی لام و ناسـازێم، بۆیە گـفـتوگـۆ لـەوەدایە بگاتە بنجـبـەست. لەولاشەوە دەستـرێژێک، وەک دوا گەف بەسەرماندا ڤزی. من تۆقیبووم و ئەوان بێباک. سەرنجێکی پەلەی سەعاتەکەم دا، تەنیا دوو خولەک مۆڵەتم مابوو. بەژنەکەمم گوت:

– هەیدێ، هەر ئێستا ئەو کتێبانەم بگەێنێ!

دیاربوو خـێـزانەکەم بەتۆنی دەنگ و دەست بردنـی لەپەسـتـامـدا بۆ ئەبرۆ و سمێڵم، هەستی بەدژواریی ئاستی دڵەڕاوکێکەم کردبوو بۆیە تەکانی وەبەر خۆی دا .. لەوانەیشە لەو سۆنگەیەوە بووبێ، وەک هەموو ژنێکی لەگـەڵ کـتـێـبا ناتـەبا، ویسـتـبـێـتی لـەکـۆڵـیـان بکاتـەوە. بۆیە بەفــڕکــانێ ئـەو چەند دانـەیەی لـەوێبــوون، هـێـنـانـی. لەولاشـــەوە ئەو جەماوەرە یەک بەخۆیان دەنگیان لێ هەڵبڕیبوو:

– نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو نیو!

– لەیەک کەمتر نابێ، لەیەک کەمتر نابێ، لەیەک کەمتر نابێ!

دەسـتی ڕاسـتـم هەڵبـڕی و هـەمــوو بەجـارێ بێـدەنگ بـوون. قـوڕگم سافکردو وتم:

– من گوێ لە دایکی شـەهیدو مرۆڤە ساغـەکان دەگرم نەک لەئێوە؛ کـە بەڵمـەڕیشــە و فـایلـڕەش نوێنەرتانە. کـوا بۆ سـوارە و پەریخــان و لەتیف کـەریم و لازۆ و نەخشـین و شـیـلان و مـەردان ومـەلیـحی لـەمـەڕ هەڵەبجە و کاوەی لەمەڕ دەربەن باسـەڕە و ئەمینی سوارچاک و پاکیزە ئەتک کراوەکـانـی نوگرە و حـەزەر و عـەرعـرەتان لەگـەڵ نـیـیـە؟! کـوا بۆ

ئافرەتێکتان لەنێودا نییە؟!

هەڵدەبەزینەوە. پێیان دادەگرت. مستیان ڕادەوەشاند. نارەزاییان دەردەبڕی. دەوەرە سەر سپی مەکە؟ دەستنێژ و دەستکردی قەڵەمی خۆت بن و خۆیان لێکردبێتی بەشت؟!.. ئەوان نێوەندە ئەدەبییەکەم پێدەناسێن!! توخوا ئەم دۆخەی تێیکەوتبووم دەق وەک ئەوە ڕێبوارە نییە، کە تازەکی لە شارەوە گەڕابێتەوە دێ، کەچی لەخەڵکی گوندەکەی بپرسی، خزمینە دەنگ و باسی شار چییە!؟ بەپەلە کتێبەکانم لەژنەکەم وەرگرت. ڕاوەستن بۆم. خۆم دەزانم ئێستا چیتان بەسەر دێنم؟! کتێبەکانم گەیاندە گەرماوەکە و بەتووڕەییەوە، دوابەیەکیانم بەدەم نێڵەنێڵی توونی حەمامەکەوە دا.. گڕ، گرفەگرف زمانەی کێشا. دوای ئەوەی لەوە دڵنیابووم، کتێبەکانم سووتاندووە، بەپارێزەوە ئاوڕێکی نیگەرانم لە پاڵەوانانی چیرۆکەکانم دایەوە، دیتم چۆڵ و هۆڵ، کەسیانم نەدی.. ئەو چرەبەندانی مەردمەی تاوێ لەوەوبەر بەزەوییەوە زەرد نەدەبوون، تووناوتوون چووبوون، شتاقیان لەوێ نەمابوون.

کۆبنهاون ١٥/٩/٢٠٠٤

عێلجاڕ: گردبوونەوەی خێڵ بەنیازی ئەنجامدانی کارێکی گرنگ، (النفیر العام)
گوزو گومەت: لەهیکرا، لەپڕ، لەناکاو
بابایەکی لام: کابرایەکی کەللە ڕەقم و ناسازێم
سەرگەڕ: داڵەکەرخۆر، دالاش، سیسارکە کەچەڵ
دەحشک: جاش
چەمەڕا: چاوەڕێ (هەورامییە)

# کۆشکێ لە لوتکە،ماڵێ لە دامێن

(ویی بیسمیللا، تۆبە خوایە گیان، ئەمەی دەیبینم خەون و خەیاڵە یان ڕاستی؟!) بەرلەوی بەیان گزنگ بدا لەخەو ڕابووم. وەک لەغەیبەوە شتێکیان لەکن درکاندبم، یان هەر تەواوی ڕووداوەکەم هاتبێتە خەون و بەدەم خەونەکەوە ڕاپەڕیبم، کوتوپڕ لەجێی شەو ڕاست بوومەوە. بەچاوی نیوە نووقاوی خەواڵووەوە، هەر بەشارەزایی دەستم بەسەر کۆمەدینەکەدا گێڕا. خڕەخڕ، کلیلەکان بەدەستمەوە هاتن. یەکاندەر دوو گورزە کلیلم پڕدایە. ژووری نوستنم جێهێشت و هەر بەشارەزایی کلیلێکم لە کێلوونی دەرگا ڕۆکرد و چون شێت دەرپەڕیمە حەوشە. بەو تاریک و لێڵە، یەکسەر نیگام بەدەعبا شڕەکەمانەوە ڕوا. لەحەوشە چاوانم زیاتر کرانەوە و زەق زەق ئاوێزانی دەعباکە بوون. دەعبای چی؟! ئەوەندە خراپی لێبەسەرهاتبوو، نەدەناسرایەوە! ئای لەو گۆڕانە کوتوپڕەی بەسەریدا هاتبوو خودایە! هەر ئێستای و هەر ئێوارەی؟ ئاسمان و ڕێسمان!! هەرگیز ڕۆژێ لەڕۆژان گومانم نەدەبرد ئەم نەهامەتییە دڵپرۆێنە ڕووبدا. مستەکۆڵەیەکی وەها قایمم کوتایە کۆڵەی سینگم، دەنگی دڵم هات. بەچاوی ئەبڵەق و دەنگی خنکاوەوە خیزاندم:

(وویی بیسمیللا، تۆبە خوایە گیان، ئەمەی دیبینم خەون و خەیاڵە

یان ڕاستی؟!)

ئەوەندەم بەزاردا هات و ئیدی دڵەکوتێ دوابڕاوەکە هێرشی بۆ هێنامەوە. چوومە شەرای مەرگ و نەمردم. وەک ناخافل و بەچوار دەستە تووڕیاندابێتمە گۆمێ ئاوی ڕچیوەوە، دەلەرزیم. بەوەی باش بوو دەرو دراوسێ گوێیان لەم خورپەو هاوارە نووساوەی تاریک و لێڵم نەبوو. دەنا بەسەرمدا دادەبارین. ئەوان هێشتا نوستبوون. منیش لە کوتوپڕی کارەسات و گەورەیی کەسەرەکە خەریک بوو لە هۆش خۆم بچم. چاوم ئەبڵەق کرابوونەوە. زاریشم وەک دەمی مەنجەڵۆکەیەکی بێسەرقاپ، بەش.. گورڕم دایەخۆم و بامدایەوە. بەهەڵەداوان خۆم بەژووردا کردەوە. پەردەی پەنجەرکەم لادا. پڕم دایە لێفەکەی سەر ڕەجەب و ئەویشم لادا. ڕەجەب وەک کێچ ڕاپەڕی:

(چی قەوماوە، وا بەم نیوەشەوە چاکت لێ بەلاداکردووە و ناهێلی خەو بچێتە چاوم؟!.. خوا شەڕمان لێ لادا!)

(جالەوە لەمە خراپتر چی بقەومێ؟ شەڕ بەپای پیلان هاتۆتە ماڵەوەوە و دەرگەی پێگرتووین، وەختی باوێشک دان و خۆکێشانەوە نییە، ڕابەو بزانە چیمان بەسەرهاتووە ڕەجەب؟!)

(خۆ مناڵەکان هیچیان لێنەقوماوە؟)

(نەء، کاتی پرس نییە، تاحەوشە بچۆ دەزانی چی قەوماوە!)

ڕەجەب چرۆچاوی گڵۆفت. بەدەم باوێشکەوە، نیگایەکی نیوە کراوەی پێدا گێڕام. ئاوا هاتمە پێشچاوی: ڕوویەکی زەنەق چووی پەرێشان حاڵ، جەستەیەکی نیوەگیان. لچ و لێوی وشکهەڵاتوو، هەناسەی توند. سینەم چون مووشەدەمە یەکبینە بەرزونزم دەبۆوە و

دوا ئەندامیشم دەلەرزین. ڕەجەب هەستی کرد کارەساتەکە گەورەیە. بێ ئەوەی دەست دابدات ڕاست بۆوە، وەک پایە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا قنج وەستا و بەچوار دەوردا چاوی گێڕا. ئەمجا پێخاوس و سەر قوت دەرپەڕی و منیش بەشوێنیا. کاتێ بەچاوی خۆی دیمەنە کارەساتبارەکەی دی، هەتا هێزی تێدابوو چەپۆکیکی بەسەرە ماش و برنجییە قۆتەکەیدا کێشا و هاواری لێهەڵسا:

(پشتم شکاوە، کۆستیش لەمە گەورەتر کوا؟!)

(ماڵی وێرانم، جا هانا بۆکێ بەرین؟!)

منیش بەشوێنیدا، بەم شێوەیە بێهیوایم دەربڕی. هەرچی ڕەجەبیشە وەک قەڵەمی دەست و ئەژنۆی شکابێ، چۆکی کەوتە لەرزین و نەیتوانی بەپێوە خۆی ڕابگرێ. کز و کەلەلا ؛ لەسەر لێواری بەرهەیوانە سارد و سڕەکە تلیسایەوە و سەری نایە نێوان هەردوو لەپییەوە. سەرماکەش لەبنی پێیەوە کاری خۆی دەکرد و بەجەستەیدا هەڵدەکشا. پێدەچوو پەنهان، بێ فرمێسک بگری. منیش دەستەکانم دەگلۆفتن و کز و کوورِ بەدیارییەوە، چاوەڕوانی تەگبیرێ، چارەسەرێ بووم. ڕەجەب لە تاسەوە چووبوو. بێدەنگ و سەنگ، سەری داژەندووی لەنێوان دەستەکانیدا و، خۆی ڕادەژەند. منیش بەدیارییەوە، لەژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوەدا، هەروا ئەوق مابووم. ئاسمانی سەربە تەنکە هەوریش بەرە بەرە ڕۆشندەبۆوە.

(من واشێت دەبم، دەقسەیەک بکەپیاوکە؟)

(قسەی چی بکەم؟ لە ژیانمدا ئاوا خۆم دەسەوسان نەدیوە! پێدەچی لەم ساتەدا هیچم لەباردا نەبێ و مریشکێکم پێ لەئاو نەکرێ!)

(بەڵام پیاو ئەگەر زاخێکی تێدا بێ، ئەوا لە تەنگانەدا دەدرەوشێتەوە!)

دیاربوو ئەم قسانەم، ڕەجەبی وەک کارەبا گرتوو ڕاتەکاند. ئەگەرچی وەڵامەکەی نائومێدانە بوو، وەلێ، قیت بۆوە. دڵسووتاوانە بەرامبەر دەعباکە وشک وەستا. هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و هەناسەیەکی بۆکرووزی دایەوە. زۆری نەمابوو لە هاڕەی براڕۆ بدا، وەلێ دانی بەخۆیدا گرت، حەسرەتەکەی قووتدایەوە و نووزاندی:

(چاوم بەرایی نادا چیتر سەیری بکەم! مناڵەکان بەئاگا مەهێنە تاخۆم دەگەڕێمەوە! وای بەباش دەزانم هەتا خۆر و بان بڵاودەبێتەوە دراوسێکانیش پێنەزانن!)

(پۆلیس ئاگادار ناکەی؟)

(نەبابە پۆلیسی چی؟ ئەگەر ئاگاداریان بکەم، دەبێ هەردوو سەر تاکسییان بۆ بگرم و هیچیشیان لەدەست نایە!)

(ئەی کەواتە بۆکوێ و کەی وەختی چوونە دەرەوەیە پیاوەکە؟ چۆن خۆم پێڕادەگیرێ نەیدرکێنم؟ کارەساتی وەها گەورە ساتار دەکرێ؟!)
(دان بەخۆتا بگرە ژنەکە، زۆرم پێناچێ!)

ڕەجەب بەوەندە قسەیە، وەڵامی ئەم حەمکە پرسەی منی دایەوە. خۆی بەژووریدا کردەوە. جلکی کاری ڕۆژانەی لەبەر هەڵکێشا. دەستی دایە گوێنییەک و گەڕایەوە حەوشە. لە گۆشەیەکدا دەستی دایە پاچێک. دەرگای حەوشەی بەشوێن خۆیدا جووتکردو، دەرفرتا.. لە گۆشەی شەقامەکەوە کەوتە نەدیوی. منیشی سەراسیمەو تەنیابال جێهێشت. لەسەر عەردە ساردە ڕووتەکە، بەرامبەر دەعباکە کزکۆڵەم

کرد و لەبەر خۆشمەوە سێ و دووی دڵم دەکرد:

(ڕۆیی و شڵپێ ئاوی بەچاوییەوە نەدا، یەکەم جارە نەگبەتیی وەها شانی بگرێ، دەبڵێ ماخۆلانم بوو وا زوو لەخەو ڕامپەڕاند، داماوە دوای نیوەشەو لەکار گەڕاوەتەوە، نەمهێشت تێرخەوبێ ڕامپەڕاند، دەبوایە خۆم ڕابگرتایەو لەخەوەکەم نەکردایە، هەرکاتێ بەئاگاهات خۆی بەکارەڕەهاتەکەی دەزانی، یەک لەیەک بەدبەختتر، بەڕاست بۆچی نەموت لەسەرم ڕاوەستە با منیش بێم، ئەگەر مردنیشە با پێکەوە بین، ئێستا دەرو دراوسێ پێبزانن بەسەرماندا دادەبارن، بەپرس مێشکم کوندەکەن، ڕەنگە هەیانبێ تەگبیر و چارەسەریشی لەلابێ، باشە من چۆنیان وەڵام بدەمەوە، نا، وەک خۆی وتی با جارێ بەردێکی لەسەر دانێم، بوو بەمەراقم، ئەم پیاوە لەم کاتە ناسکەدا و بەم بەیانی زووە، کەهێشتا خێرو شەڕ بەش نەکراوە، بەگوێنییەک و پاچێکەوە بۆکوێ دەرپەڕی و سەری خۆی هەڵگرت، چی لەدەست دێ..) دەستم دادا و بەدوو تەکان ڕاست بوومەوە. لەنگەری خۆم گرتەوە و بەلەقە لەق بەرەو دەرگەی حەوشە چووم. بەرلەوەی دەستووری شەو جووتی بکەم و بەسورگی دایبخەم. بەلای ڕاست و چەپدا سەرم لارکردەوە. جوان دیقەتی بەرامبەرم دا. بێجگە لە حیمایەی هەڤاڵی مەسوولی ماڵ لە تەوقەنەی گردەکەی بەرامبەرمان، کە دەروازەی کۆشکی دەپاراست، زیندەوەرم نەدی. قەدەرێ لە حەوشەو بان ڕامام. سەریشم لەگێژەوە دەچوو، وەختابوو بەلادا بێم، وەلێ بەدیوارەکان خۆم دەگرتەوە. لەبەرخۆمەوە وتم:

(دەرگا هیچ عەیبێکی نییە. ئەوەتا نە چەپگێر بووە و نە زیانی بەرکەوتووە. دیارە بەسەر دیواری حەوشەدا بازیانداوە و هاتوونەتە

گیانمان. جاکێ دەڵی زۆربوون. کەتنی وەهاگران ڕەنگە بەتەنیا کەسێکیش بکرێ. نوستنیش وەک مردن وەهایە. کە هەستیان کردووە ئێمە نوستووین، بەهەلیان زانیوە، بازیان هەڵداوەتە، یان بازی هەڵداوەتە حەوشەوە. خوا پێم نەگرێ، کێ دەڵی کاری دەرو دراوسێش نییە؟)

چاوێکم بەدەعباکەدا گێڕایەوە. دڵم هاتەوە سوێ. لەسام و لەسەرمانا، گوێم لە چۆقەچۆقی ددانەکانی خۆم بوو. لۆژ لۆژ خۆم بەژووردا کردەوە. وەلێ نەمدەتوانی ئۆقرەبگرم و داسەکنێم. بەماڵە ساردو سڕەکەمدا دەهاتم و دەچووم. سەرنجی سەعاتی سەر دیوارەکەم دەدا و چاوەڕوان بووم، ها ئێستە هاتاوێکی دی ڕەجەب لەدەرگە بدات. گورج گورج سەرم دەکێشایە حەوشەو بەبالای دەعبا کارەساتبارەکەماندا دەمڕوانی. کزە لە جەرگمەوە دەهات و بۆ کڵۆڵی خۆم، زۆری نەمابوو دڵم ببێ بەئاو.

***

خۆر تازەکی لەکەل سەری کێشابوو، کاتێ زرم زرم لەدەرگا درا. تەزبیحە درێژەکەم داناو دەرپەڕیم. بەهەڵەداوان گەیشتمە دەرگای دەرەوە و ئاوەڵام کرد. لە دوور، تەنیا ئێشکگری بەردەم دەروازەی کۆشکی مەسوولەکەی ماڵیان بەترۆپکی گردەکەوە بوو چاوی تێوەبوو، دەنا دەور و بەر چۆڵ و کشومات. لەو ساتە وەختەدا کەڵەشێرەکانی گەڕکیش بێدەنگ بوون. وەختایێ دەرگەم قڵیشانەوە چی ببینم؟ هەناوم بەجارێ داکەوت کاتێ ڕەجەبم بەو جۆرە دی. گورجێ پاچەکەم لەدەست گرت و ئەودیوی حەوشەم کرد. ئەو لەژێر کۆڵێکی قورسدا پشتی چەمیبوو. بەو وشکە سەرمای بەیانییە دڵۆپەی ئارەقە لەسەری

لووتییەوە دەتکایە بەرپێی. ڕووی ئاڵ، خوێنی تێزابوو. دەمارەکانی دەست و مەچەک و گەردنی لە داوەبەنی ئاڵۆسکاو دەچوون. بەپەلەپڕووزێ بەو بارە گرانەوە خۆم کوتایە حەوشە و دەرگە گەراجیەکەم بەدوادا فەڕاشەدا.

(ئەم کوڵە قورسە چییە و لەکوێت هێناوە؟! ناشێ تۆش خوانەکەران...)

ڕەجەب کوڵەکەی کوتایە زەویدا. زرمەیەکی لێوەهات و تۆزی لێهەڵسا. بەپشووی سوارەوە، دەمی باخواردووی گوێنییەکەی گرت و بەشوێن خۆیدا بەکێشی کردە ژێر بەلۆعەی تەنکیی ئاوەکە. ئەمجا هەڵسایەوە و ڕووی تێکردم:

(هەر ئێستە بەو چاوانەی خۆت دەیبینی چیم هێناوە و لە کوێشم هێناوە!)

ڕەجەب تەشتێکی پلاستیکی گەورەی هێنا و دایە بەر بەلووعەی تەنکییەکە. ئەمجا هەرچی لەگوێنییەکەدا بوو بەجارێ هەڵیڕشتە نێو تەشتەکە و ئاوی بەردایە سەر.

(بیکە بەخاتری خودا، نیازی چیت هەیە پیاوەکە؟!)

(خەریکی ئەوەم وادەیبینی. ئاتۆ ئەو منالانەم بۆ خەبەربکەرەوە ئەوجا بەتەواوی تێدەگەی نیازی چیم هەیە!!)

کاتێ منالان بەچاویی خەوالووەوە هاتنە حەوشە و باوکیان بینی سەری لە قوڕناوە هەر حەوتیان بەجارێ دایاندایە هارەی فێزاح و گریانێک ئەوسەری دیارنەبێ. ڕەجەب بۆ خۆشی لووشکە لووشک دەگریا. منیش دەستم بەخۆڕنینەوە کرد. بانگ و سەدای براڕۆم

گەڕەکەماڵیکی لەخەو ڕاپەڕاند. دەرو دراوسێ بەسەرماندا دابارین. ڕەجەب بەدەم گریانەوە، لەپێشدا سەری من ئەمجا سەری هەر حەوت مناڵەکەی لە قوڕێکی خەست نا. هەر بەسەریانەوە نەوەستا؛ شان و یەخەیانیشی تێنا. سەیری یەکیان دەکرد و بەکوڵتر دەگریان.

ئەوەی بەهانامانەوە دەهات، هەرکە لەدەرگا ئاوەڵاکەمان ئەمدیو دەبوو، چاوی بەدەعباکە دەکەوت، ئیدی دەیزانی چیمان لێقەوماوەو لەپای چی سەرو بالاّمان تێناوە و لەقوڕ نیشتووین؟! دراوسێ دڵخۆشییان دەداینەوە. دڵنەواییان دەکردین. داوای تەمنی درێژیان بۆ خۆمان و منداڵەکان دەکرد، بەلاّم ئێمە بەهیچ ژیر نەدەبووینەوە. ئۆتۆمبێلەکان دەوەستان و لە هۆی ئاپۆرەی ئەو حەشاماتەیان دەپرسی. سەیری سەر و پۆتەلاّک و ئامبالاّی لە قوڕ هەڵکێشراویان دەکردین. دەیانویست گورجێ، کورتە مێژوویەکی ئەم خێزانە لێقەوماوەی ئێمە بزانن. لە ڕاستە شەقامی بەرماڵەکەماندا کاروانی ئۆتۆمبێل پەنگی خواردبۆوە. شوفێر هەبوو هەربەدەم لێخوڕینەوە سەری دەردەهێناو بەپرسێ دووان دڵی ئاوی دەخواردەوە. هەبوو هەتا دانەبەزییایەو لە نزیکەوە دەعباکەی نەبینیایە و یەکە بەیەکەی ئەندامانی خێزانەکەمانی بەسەرنەکردایەتەوە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە. لەبەر حورمەتی دۆخە پرسەئامێزەکە، شوفێرەکان هۆڕنیان لێنەدەدا. ئەوان وەک لەمەراسیمی بەخاک سپاردنی ئازیزێکدا بەڕێوەبن، خاو ڕێیان دەبڕی. لەجەنگەی ئەو هەنگامەیەدا شوفێرێ مەیلی پێشکەوتنی ئەویدیکەی نەبوو. لەم جەنجاڵی و کەس بەکەسەدا، لەپڕ ڕەجەب وەک شێت بیرۆکەیەکی دیکەی بەخەیاڵدا هات. شێرزادی بەسەری بەقوڕەوە ناردە ئەمسەر و ئازادی ناردە

ئەوسەری ڕاستە شەقامەکە. نەوزاد و بەهزادی نارەدە برامبەر و هەرسێ کچۆڵە وردیلەکانیش، کنێر و شلێر و ئاودێری ڕەوانەی پێش دەروازەی هەڤاڵی مەسوول کرد. هەردووکمان لەحەوشەی ماڵەکەماندا ماینەوە. بەم شێوەیە لە پێنج قۆڵەوە دادو بێداد و شین و شەپۆڕ بەرزبۆوە. ئەو مووچەخۆر و کرێکارەی بۆسەر کار بچووایە، لایدەدا. ئەو زاڕۆیەی بۆ قوتابخانە بچوایە، ئەو ژنەشی بۆ وەرگرتنی بایعییەکە بڕۆیشتایە، هەر لایدەدا. چێشتەنگاوێکی درەنگ پەیامنێری ئاژانسی هەواڵ و هی مانگنامە و هەفتەنامە و تی ڤییەکان، بەکامێرە و مایک و ڕیکۆردەرەکانیانەوە گەیشتن. لەگۆشەی جیاوە وێنەی ئەم خێزانە سەر بەقوڕەیان دەگرت. لەممانەوە دەچوونە لای ئەوی دیکەمان. ئێمە هەموومان لەسەر یەک ئاواز دەگریان وبەدەم فیزاحەوە هەمان شتمان دەوتەوە: (باوکەڕۆ، دایکەڕۆ، دەعبای خانومانم ڕۆ!!).

لەهەموومان سەرنجکێشتر دیمەنی سەری بەقوڕ و زاق و زرووقی سێ کیژۆڵە وردیلەکەم، کنێر و شلێر و ئاودێر بوو. دەنگی ئەوان تیژتر بوو، تا مەودایەکی دوور کاری دەکرد و هەناوی بەردەدایەوە. لای چێشتەنگاو پۆلیسە بەڕێزەکان پەیدا نەبوون و نیوەڕۆی بەسەردا هات و پۆلیسە بەڕێزەکان هەر پەیدا نەبوون. کاتێ بانگی نیوەڕۆی دا، بەتەنیا ڕەجەب خۆی توانای گریانی مابوو. ئەوانی دیکەمان لەبرسانا و لەسەرمانا پەکمان کەوتبوو، دەنگیشمان نووسابوو. لەو دەمەو نیوەڕۆیەدا کە ڕەجەب هێشتا بەشی چەند سەعاتێکی دیکەشی فیزاح پێمابوو، دووان لە حیمایەکانی هەڤاڵی مەسوول؛ بەرەولای لای ڕەجەب شۆڕبوونەوە. خەڵکی گەڕەک هەریەکەو بەهزری خۆی بۆ هەڵوێستی هەڤاڵی مەسوول دەچوو.

کاک حەسەنی دراوسێی دەستەڕاست:(ئاخری بەزەیی تلیسایەوە، ناردی سەرەخۆشیی لێبکا و ڕەنگە حەمامەکەی خۆیان بەرەوڕو بکاتەوە، سەریان پێ بشۆرێ و لەم شین و واوەیلایە ژیوانیان بکاتەوە و دەست بەسەریاندا بێنێ!)

عەتێ خانی دراوسێی دەستە چەپ وتی:(بۆیە حیمایەکانی ناردە دووی تا باربووی بکا. ئەو ئەگەر مەیلی لێبێ دەتوانێ ڕەجەب لەژێر هەڵکێشێ،!)

کرێکارێکی سپیکاریی، لەو گەڕەکە کاری دەکرد، لە دڵی خۆیدا وتی: (مانگێ لە کۆشکە پەنجا و دوو ژوورییەکەیدا کارم کردووە، باوەڕم کزە پەنجا دیناری چاپی بەغدای لە دەست ببێتەوە!)

***

ڕەجەب بەدوای حیمایەکەدا خۆی بەکۆشکدا کرد. هەڤاڵی مەسوول لە ڕاڕەوەکانەوە بەقاتی شین و بۆیمباخی سوورو بووتی ڕەشەوە بەرەوڕووی هات. لە چاوی ڕەجەبدا پیاوێکی ڕەشیدو بەشان و شەوکەت دەینواند. دەستی ڕاستی بڵند کردو ڕەجەبی سەربەقوڕ وتی: (سڵاوی خوا لەئێوەش!). بەڵام دوای دەست هەڵبڕینی ئەو، حیمایەکەی توند باڵی ڕەجەبی گرت و نەیهێشت پێ بەر پێ بنێ. ڕەجەب لەم وەستاندنە کوتوپڕە ڕاچەنی، حیمایەکەش سووکێ بەگوێیدا چرپاند:(لێرەدا بوێستە بزانە هەڤاڵی سەرکردە فەرمایشتی بەچییە. ئەگەر بچیتە ژوورەوە ماڵەکە پیس دەکەی!) ڕەجەب بەزۆر لەخۆکردن ئەوجا دەیتوانی بەپێوە ڕاوەستێ. ئەو ماندوو، برسی و پرزەلێبڕاو بوو. لەخوار پلیکانەکانەوە بەچاوی شکاوەوە بەرز بۆ مەسوولی لەدەم دەروازەی کۆشکدا وەستاوی دەڕوانی. هەڤاڵ کەمێ

بێدەنگ وەستا و بۆ دیمەنی ناجۆری ڕەجەبی ڕوانی و وتی: (ئەوە داناوەشێی پیاو، بۆ چوار تایەی نیوداشتی لادا ڕزیوێ سەری خۆت و ماڵ و منداڵت لەقوڕناوە و ئەم گەڕەکەت لەزەواق ناوە و ڕێت لەڕێبواران بەستووە و لەسبای ساڵحانەوە نایبڕیتەوە؟!.. چوار تایەی نیوداشتی لادا شڕێک ئەوەدێنێ؟!)

ڕەجەب وەک نزا بکات، دەستە قوڕاوییەکانی هەڵبڕی و وتی: (ئێوە لەو گەرمیانە لەسەر جووتێ مراوی جەنگێکتان بەرپاکرد، وڵاتێکتان تێوەگلاند. ئەگەر چی دنیا خەریکی کوژاندنەوەیەتی کەچی تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە! ئیدی بۆچی من لەسەر دوو جووت تایەی لادا، کەبژێویی نۆ سەر خێزانی لەسەرە، سەری خۆم و ماڵ و منداڵم لە قوڕ نەنێم؟ دەسا هەتا ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنەبێتەوە و خودی کوفی ئەنان لەچاکەی من بڕیارێک دەرنەکات. ناهێڵم ئەم گەڕەکە ماڵە خەو بچێتە چاوێ!!)

٢٠٠٤/١٠/٢٢

# بەنرخترین دیاری

دیمەنێکی گشتیی قەڵا و شەقامە بازنەییەکەی دامێنی. (میرزۆ) لە دوورەوە دەردەکەوێ و بەرە بەرە دێتە پێشێ. گۆچانەکەی بەقۆڵی پەستەکەکەیدا ئاوێزانە. دەست بەپشتوێن و شەرواڵەکەیدا دەهێنێ و دەوەستێ. کیسە تووتنەکەی لەسەر دیواری پاڵپشتی قەڵا دادەنێ. پشتوێنەکەی دەبەستێتەوە. خۆی دەتەکێنێ و سەرەوژوور و سەرەوخوار دەست بەگیرفانی کورتەکەکەیدا دێنێ و زەردەخەنەیەک ڕووی دەگەشێنێتەوە. کیسەتوونەکەی ئاوێزانی پشتوێنەکەی دەکاتەوە. بەدەم ڕێوە جامەدانییەکەی دەکاتەوە و جارێکی دی دەیبەستێتەوە. دوو ڕیز وردە گوڵنگەی ڕاست و چەپ بەهەنیەیدا شۆڕدەبنەوە. سروەی با دەیانهەژێنێ. میرزۆ سەری هەڵیناوە، باڵەخانەیەکی قەڵا سەرنجی ڕاکیشاوە. میرزۆ بۆ خۆی دەدوێ و سیلەی چاویشی لە باڵەخانەکەیە:

(پەککوو. دەبێ ئەم تەلارە بڵندە تەمەنی چەندبێ.. وەک ئێستای هێمنۆکی کوڕم بووم، بابی ڕەحمەتیم لەگەڵ خۆی دەیهێنامە پیرە هەولێر، لەوساوە ئەو باڵەخانەیە وک خۆیەتی. قەت بڵێی کەرپووچێکی لێ بەرنەبۆتەوە.. ئەمیش وەک منارەی چۆڵییە. بەبیرەوەری من هەر دەڵین ئەمڕۆنا سبەی دەڕووخێ و کەچی تاکو ئێستاش بەپێوە

وەستاوە..)

هۆڕنێکی بەرز و ئۆتۆمبێلێکی خاوێن بەتەکیدا ڕەتدەبێ.. میرزۆ ڕادەچڵەکێ و لادەکاتەوە. کیسە تووتنەکەی لەبەر پشتوێنەکەی دەترازێنێ، لادەداتە کەناری پیادەڕەوەکە و پشت بەقەڵاوە دەدات. میرزۆ سەرنجی ئۆتۆمبێلەکان دەدات و بەدەم پێچانەوەی سیگارەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێ: (وەیهوو وەیهوو. ئەمە ئۆتۆمبێلە و پیکابە قوڕاوییەکەی مەغدیدیش ئۆتۆمبێلە.. ئاسمان و ڕێسمان.. وەی لەبەر ئەو بۆن و بەرامەیەت مرم.. دەک ئاوابی بالیسان بۆ تووتنت.. منداڵە شاریی بەتیر و توانجن.. تەشقەڵیەکم پێدەکەن.. ئەوان بابیان قوونک سۆر نەبێ ناکێشن..)

زمان بەسیگارەکەدا دێنێ. بەپەنجەکانی ڕێک و لەباری دەکات و لەزارکی دارجگەرەکەی دەنێ. پەنجەی لەسەر ماشەی چەرخە نەوتییەکەی دادەنێ. گڕێکی نارنجی بڵێسە دەدا .. ڕووی میرزۆ وەختێ مژ لە سیگارەکە دەدا . دووکەڵی سیگارەکە، بڵند و پاشان پەرت دەبێ. دوور دەڕوانێ. چەند جارێک لەپ بەگیرفانی کورتەکەکەیدا دێنێ. لەبەر خۆیەوە دەدوێ:

(بڕوانە ئەقڵی زولەیخا.. ئەو باوەڕی نەبوو قازانج بکەم. دەنا بزنەکەڕی دوو دینار و بزنەپۆش دیناریک.. تۆبڵێ ئەو دوانەکەی دیش دوو.. بەهەمووی کردی پێنج دینار.. لەیەک جێ پێنج دینار.. پێنج جاران لەخودا بەزیادبێ.. وەی خۆزیا ئێستا زولێ دەیزانی. پەلەت نەبێ پیاو، هەر دەزانێ.. بەڕاست بۆچی نەچمە ئوروزدی و دیارییەکی جوانی بۆ نەکرم.)

خۆی بەکۆگایەکی گەورەدا دەکات. ونبوونی لەسەرخۆی میرزۆ و

دەرکەوتنی لەسەرخۆی گوند.. خانوویەکی قوڕ. لۆدەیەک لە پێشی. لە حەوشەکەیدا سەگ، مەڕ و بزن و مریشک و قەل هەن. ژمارەیەک منداڵ دێن و دەچن و گەمەدەکەن. سێ کوڕیان بەکەلا شووشە خەریکی هەڵماتێن. کیژێکی دەستە، منداڵیکی لەباوەش گرتووە. کیژێکی شەش حەوت سالان، مژووڵی کتێب و دەفتەرە، ئەرکی ماڵەوە جێبەجێ دەکات.. ژووری نیشتەنی دێتە پێشێ.. بۆفێیەکی کۆن. چین لەسەر چین نوێنی لەسەر هەڵچنراوە.. لباد و قالی ڕاخراون..چەند بالیفێکی گەورە لەوکۆڕەن.. بەقەد دیوارەکانەوە، حەسیرێک بەوێنەی مزگەوت و منارە و چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافیی ڕەش و سپی هەڵواسراون.. لەسەر شانی میرزۆوە ڕووی زولەیخا دیارە.

– زولەیخا: (لەکوێمان بوو پیاوەکە؟ ئاخر منداڵیش خەرجییان دەوێ. پێم نالێی ماشەڵڵا ئەم هەموو منداڵەت بۆ چییە؟ خۆ ئەتوو نەعەلیاغای تا بەنیازی خوێندن بیاننێریتە هەولێر و بەغدایە و بیانکەیتە ئەفەندی. نە حاجی قادریشی سەرو پیکابیان لەبۆ بکڕی، هاتوچۆی دەشتی پێبکەن.)

لەسەر شانی زولەیخاوە ڕووی میرزۆ دەبینرێ.

– میرزۆ: (وەیهوو !.. دیسان مەسەلەکەیە زولێ؟.. نازانم بۆ کردووتە بەغایلەی شەوو ڕۆژت؟ من نانیان لۆ پەیدا دەکەم من! وەک دەڵێن: سەری بێڕزقیش لەژێر خاکدایە!)

لەسەر شانی میرزۆوە ڕووی زولەیخا.

– زولەیخا: (خراپ نالێم میرزۆ. بۆمان ناکرێنە پیاو. بالێرەدا بیوەستێنین. وەختایێ چوویتە شار، لەو حەبەم لۆ بکڕە، کە ناهێڵێ

چیدی منداڵمان ببێ.. ئەگەر لەبۆ مردنیان گەورەدەکەی حەوت منداڵ بەسە. ئەگەر بۆ ئەوەشیان گەورە دەکەی ببنە وەزیر هەر حەوت بەسە!)

– میرزۆ: (دەسا بۆ ئەوەیان گەورەدەکەم ببنە پیاو. ئێمەش دەرامەتمان خراپ نییە. بەشی خۆمان هەیە. بابم وەکی تەمەنی درێژی بۆ بەجێهێشتین، تەنیا دوو سەر مەڕی لەڕی لە پاش بەجێما. ئێستا خودا نەیبڕێ ئەمن گەلێک زیاترم هەیە. جۆخینەکەی من گەلێک لەوەی بابم گەورەترە.. منداڵەکانیشمان لە ئێمە باشتر دەژین.. ئەوانەی لە منداڵی زۆر دەترسن با برێ زیاتر ڕەنج بدەن و خۆیان ماندوو بکەن.. سەری دونیا بەپووش نەگیراوە زولێ.. بەرچاوت فراوان بێ زولێ.. منداڵ بەنرخترین دیارییە زولێ.)

بڕین و گەڕانەوە بۆلای میرزۆ. لەسەر شەقامەکەی دامێنی قەلا.. میرزۆ پیاسەدەکات و لەبەر خۆیەوە دەپەیڤێ: (ئەدی حەبەکان؟ وەڵڵا ئەگەر بیانکرم! با ئۆمەتی کورد و موحەممەد هەر زۆربن.. بنۆڕێ؛ زولێم لێبۆتە ژنە ئەفەندی. ئەوانیش منداڵێکیان دەبێ و عەیب نەبێ ئیتر ئم، قەپاتی دەکەن.. بەدیارییەک دەمی چەوردەکەم.. پێموایە ئەگەر بێتو دیارییەکی نایابی بۆ بکرم ئیدی پرتەو بۆڵەی نامێنێ. حاجی قادر حەزی لەمەڕی دووگ شۆڕە. هەرچی عەلیاغایە کەیفی بەکۆمباین و ترەکتۆر دێ. ئێ منیش حەزم لەوەیە نەوەم زۆربن و بڕایەوە!)

جارێکی دی بەخەیاڵ دەگەڕێتەوە گوند. لەپێش ماڵیاندا زەماوەندە. ئاپۆرەی گوند لەوێندەرێیە و هەموو خۆیان گۆڕیوە و جلکی نوێیان لەبەرە. دەهۆڵ و زوڕنایەو میرزۆ، زولێ و هەر حەوت منداڵەکەی

دەستیان کرتووە. میرزۆ سەرچۆپی کێشە و زولەیخا لەگاوانییەوە دەستی گرتووە. منداڵەکانیش لەنێواندا، ڕەشبەڵەک، زەماوەند دەگێڕن. میرزۆ خەنجەری دەبانی کێشاوە و تیشکی خۆر لەسەر جەوهەری جەنجەرەکەی دەشکێتەوە. لەوسەریشەوە زولێخا دەسرۆکەیەکی سوور بادەدات. شایی دەمێ بەلای میرزۆ و گاڤێ بەلای زۆلێدا دەگەڕێ. هەموو خەڵکی گوند بۆ ئەم شاییە نۆ کەسییە دەڕوانن و دڵشادن. لەپڕ، لەگەڕی شاییدا منداڵەکان گەورەدەبن. میرزۆ، زولێخا، زورناژەن، دەهۆڵکوت و خەڵکی ئاوایی هەر وەک خۆیانن و شاییەکەش هەر دەگەڕێ. وەلێ منداڵەکانی میرزۆ بوونەتە شەنگە کوڕ و شۆخە کیژی باڵابەرز و پۆشتەو پەرداخ و سەرنجی ئەو حەشاماتەیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاوە. ئەم دیمەنە زۆر درێژە ناکێشێ و وردە وردە کاڵدەبێتەوە.

میرزۆ دیسان لەشارە. جارێ ڕێبواری سەر پیادەڕەوەکان و جارێکی دی سەرنشینی ئۆتۆمبێلە خاوێنەکان سەرنجی ڕادەکێشن. جاری وایش هەیە کۆگاو بازاڕە ڕازاوەکان ناچاری دەکەن سەریان بەلادا لار بکاتەوەو سەرسام بەدیاریانەوە بوەستێ. لەبەرخۆیەوە دەدوێ:

(جا توخودا ئەوەی بێتە هەولێر و کەبابی وەستا عەبدوڵڵا نەخوات، بەهاتن بۆی حسابە؟.. کوڕە نەوەڵڵا نەهاتنی گەلێ باشترە! هەر بۆنی دووکوڵەکەی تێرت دەکا.! ئەدی سەوزە؟ ئەدی ئەو سماقە سوورەی وەختێ بەپیازەکەوەی دەکات؟.. دەچم دەچم.. بەگۆڕی بابم دەچم.. بەڵام لەکن زولێ و منداڵان نایکێڕمەوە، نەفسیان دەچێتە سەر.. گفتێکە و داومە پارچەیەک بۆ زولێ هەردەکڕم.. زولێ زۆر ماندووە.

خودا نەیبڕێ ئەرکی حەوت منداڵان گەمە نییە..کوڕە ئەدی ئەرکی خۆم؟ خودا هەڵناگرێ هیندەی سێ منداڵان ئەرکم هەیە. ئەدی تاقەتکردنی ماڵات؟ ناهەقی ناگرم وەختێ دەڵی حەز بێ و بەس بێ.. بەلام شتەکە بەدەستی خۆم نییە کەیفم لێیە نەوەم زۆر بن.. دەی، پارچەیەکی بۆ دەکڕم کیژانەبێ.. وای، چەندی کەیف پێدێ کاتێ دیاریی بۆ دەکڕم؟!.. هەر بەجارێ خەنی دەبێ!)

ڕوانینەکای میرزۆ دەچنە سەر ئافرەتێکی مۆدە.. ئافرەتەکە بەرەو ڕووی دێ.. ئەم لەجێی خۆی دەوەستێ و سەرنج لەقەد و بالای ئافرەتەکە دەئالێنێ. پێیدا سەردەکەوێ و پێیدا دێتە خوار. هاوکات هۆڕنی ئۆتۆمبێل و دەنگی دەستفرۆش و سەوزەفرۆش دێ:

(بڕوانە چۆن خۆی ڕازاندۆتەوە؟.. نەعەبایەک، نەدەسرۆکەیەک!. زەینی خۆتی بدەیە چۆن بسکی لەسەر شان و ملی هەڵخستووە و خۆی ئارایشت داوە؟. بلێی ئەگەر ماڵمان لەهەولێر بووایە، زولەیخاکەی لەمەڕ منیش وەها خۆی تیفتیفە بدایە؟. جا ئەو حەلە ئەمنیش دەبوومە ئەفەندی!. باوەڕ ناکەم. زولێ چاوی ڕێشکەو پێشکە دەکا.. ناتوانێ لەسەر ئەو پاژنە بەرزانە بڕوات. دەکەوێ و شوێنێکی دەشکێ، ئەرێوەڵلا. جا ئەوسا ماڵم کاول دەبێ!)

میرزۆ لە کەبابخانەیەک دێتەدەر و بەدەستەسڕەکەی دەست و دەمی دەسڕێ. سەعاتەکەی دەردێنێ.. سەعاتەکەی میرزۆ بەگەورەیی.. دەیخاتەوە کیفەکەی و پاشان بۆ بەرباخەڵی..

(هێشتا لەکوێیەتی دوو سەعاتی تریش مەغدید بەڕێناکەوێ..)

بەدەم وتەکانی ناخییەوە دەڕوات. دەچێتە دووکانی بازرگانێکەوە..

چاودەگێڕێ.. سەیری قوماشی ژنانە دەکات، دەستیان لێدەدات.. دواجار پارچەیەکی ئاڵ هەڵدەبژێرێ.. خاوەن دووکان دەیپێوێ و بۆی دەپێچێتەوە.. پارەکەی دەدات و دووکانەکە جێدێڵێ..

(دەزانم حەزی لەڕەنگی کچانەیە.. قابیلێتی، ئێ لۆنابێ بابەکەم لۆنابێ؟!. بەبەرییەوە ماوەو هێشتا جحێڵە!. ئەوجا لۆ جحێڵ نییە؟ ژن هەتا منداڵی ببێ و سکوزا بکا مانای وایە جحێڵە.. جا چوونکە بۆخۆی گەنمڕەنگە ئەوا ئەم ڕەنگە ئاڵەی بەجوانی لێدەوەشێتەوە!)

ڕووی لە گەڕەکێکی میللیە. سەدای زەنگی دووچەرخە، دەنگی منداڵی دەستفرۆش.. ڤرەڤرِی ئۆتۆمبێلەکان.. سەرنجی منداڵێکی گوڵەبەڕۆژەفرۆش دەدا..

(وەی دەنا ئەو منداڵە ڕێک بەکۆچەری من دەچێ!)

ئافرەتێک منداڵێکی ساوای بەباوشەوەیە، لەبەر دەرگەیەک وەستاوە. سەرنجی ڕادەکێشێ. منداڵەکە بەگەورەیی دێتەپێشەوە.

(وەیش چەند وردیلە و جوانە! خوا لەداک و بابی خۆی نەسێنێ.. بەداک و باب گەورەبێ.. دەڵێی سێوەلاسوورەیە.. هەر بەکیژە ساواکەی مامۆستا جەمالی کن خۆمان دەچێ، ئەرێوەڵڵا!)

لەپڕ لەهەمان ماڵەوە دە دوانزە منداڵ دەردەپەڕنە کۆڵان. میرزۆ بەسەرسامییەوە، یەکە یەکە چاویان پێدا دەگێڕێ...

دیسان دیمەنەکە کاڵدەبێتەوە و گوندەکە دێتەوە پێش. لەدووررا ڕەشماڵێکی گەورە دیارە. بەکزی دەنگی قورئانی لێوە دێ. خەڵکانێ ڕووێ تێدەکەن و خەڵکانێکیش لێی دەردێن. یانزە کەس بەڕیزو بەشوێن یەکدا، بەرەو ڕەشماڵەکە بەڕێوەن. لە ناوەڕاستیاندا میرزۆ

هەیە، بەجلکی نوێوە. ئەوانی دی هەموو کوڕەلاوی پۆشتەو پەرداخن. بەرەو ڕەشماڵەکە دەڕۆن و دەنگی قورئانەکە بەرزتر دێتە گوێ. نزیک ڕەشماڵەکە ئاگر و تاقمی قاوە هەیە. لەژێر ڕەشماڵدا پرسەگێڕ سەرکز دانیشتوون. یانزە پیاوەکە دەگەنە نزیک ڕەشماڵەکە. ئیستێک دەکەن و میرزۆ پێشیان دەکەوێ و کوڕەلاوەکان بەشوێنیدا. پرسەگێڕ لەبەریان هەڵدەسن. هەموو، بەکوڕەکانی خۆیەوە بەپێوە دەوەستن تا میرزۆ دادەنیشێ. کەمیرزۆ دانیشت ئەمجا کوڕەکانی دادەنیشن. میرزۆ فاتیحا دەخوێنێ. بێجگە لەخۆی و کوڕەکانی هەرچی لەژێر ڕەشماڵەکەدایە، بۆڕێزی ئەوان بەپێوەن و لێویان دەجووڵێ. زڕەی فنجانی قاوە دێ. دیمەنەکە وردە وردە وندەبێ.

میرزۆ هێشتا هەر لە هەولێرە و دەگاتە سەری کۆڵانێک. لەدووڕا ئاپۆرەیەک دیارە. کۆمەڵێک خەڵک وەک دەوری شتێکی نامۆیان دابێ، لەدووڕا بەدیار دەکەوێ. میرزۆ بەرە بەرە لە کۆمای خەڵکەکە نزیک دەبێتەوە: (پێدەچێ پێشهاتێ قەومابێ؟! ئەمە شارە شار، شاریش بەحرە بەحر!. با سەرنجێ بدەم.) میرزۆ پەرۆشە بزانێ چی ڕوویداوە.. دەچێتە پێشتر.. دڕ بەخەڵکەکە دەدات. منداڵێکی ساوای قوماتکراو لەسەر زەوییەکە دانراوە.. منداڵ دەگری.. ڕووی میرزۆ، سەغڵەتە.

– میرزۆ: (ئەی هاوارم هەی. کوڕە خۆ وەختە سوێی دەبێتەوە! ئەوە دایکەکەی لەکوێیە؟!)

– مێردمنداڵێک: (ئەوە لەبەیانی زووەوە لێرۆکانە فڕێدراوە. بێخاوەنە!)

– میرزۆ: (منداڵ چۆن فڕێدەدرێ کوڕی خۆم؟! چۆن بێخاوەن دەبێ

کوڕی خۆم؟ خۆ ناشێ لەدرزی دیواران هاتبێتە دەر. هەردەبێ باب و داکی هەبێ!!)

- پیاو (١): (چۆن نییەتی؟ هەیەتی، بەڵام وەک دەبینی فڕێیان داوە. بزانە پێیان بەخێو ناکرێ.. یان باب و دایکەکەی لێک جیابوونەتەوەو کەسیان نایگرنە خۆیان؟ هەردەبێ هۆیەک هەبێ. دەنا کێبێ هێندە لەجەرگی خۆی بێزار بێ، فڕێبداتە ئەو گۆڕەی؟!) - ژن (١): (لەوانەیە دایکەکەی تێکچووبێ، یان بێوەژن کەوتبێ و نەتوانێ بەخێوی بکات و بۆ چاکەی منداڵەکە پێێ بەجەرگی خۆیدا نابێت و ئەم کارەی لێوەشابێتەوە. وتبێتی خێرەومەندێک هەردەبێ هەڵیبگرێتەوە و بیگرێتە خۆی. نابێ؟!)

- میرزۆ: (ئەوە منداڵی ساوایە، منداڵیش دیاریی خودایە. دیاریی خودا چۆن فڕێدەدرێ؟!. ئەی هاوارم هەی!)

- ژن (٢) (خودا بەگوناهم لەسەر حساب نەکات، کێ دەڵێ بیژی نییە؟!)

- پیاو (٢) (پێموایە نیشانەی ئاخرزەمانە، تۆبە خودایە!)

- پیاو (٣) : (دەبوایە خێرەومەندێک هەڵیبگری و بۆ مزگەوتی ببات. لەوێ پیاوچاکێک هەر پەیدا دەبێ بەخێوی بکات! تۆ بڵێی لەم دنیا بەرینەدا پیاوچاکێک پەیدا نەبێ؟)

- پیاو (٤) : (ئەمە کاری شارەوانییە. ئەو دەبێ چارێکی بۆ بدۆزێتەوە!)

- ژن (٣) : (ئەو بەستەزمانە برسییەتی بۆیە دەگری. دیارە لە بەیانییەوە مەمکی دایکی نەدیوە!)

- پیاو (٢) (پێموایە ئەم جۆرە ڕووداوانە گۆبەندیان بەدواوەیە، بۆیە دەبێ ئەم ساوایە تەسلیم بەپۆلیس بکرێ!)

میرزۆ بەم قسانە سەغڵەتە. جامەدانییەکەی لەسەری دەکاتەوە. کڵاوەکە دەکاتەوە سەر و بۆ منداڵەکە دادێتەوە.

- میرزۆ: (نە بابە نە، پێویست بەپۆلیس ناکات!) میرزۆ منداڵەکە هەڵدەگرێ. لە جامەدانییەکەیەوە دەئاڵێنێ، دەیکاتە باوەش و لەگەڵ خۆی دەیبات. منداڵەکە بەباوەشییەوە ژێردەبێتەوە.. هەتا بەتەواوی دوور دەکەوێتەوە سەرنجی خەڵکەکەی بەدواوەیە. میرزۆ بەدەم ڕێوە دەدوێ:

(مەگری دایکی دایکم.. مەگری باوکی باوکم.. تۆ بەنرختترین دیاریت.. سەری دنیا بەپووش نەگیراوە.. لەوێ هەر شیری مەڕ بخۆرەوە.. لەوێ من باوکتم.. لەوێ هەر بەقسەی خۆش زولەیخاش قایل دەکەم ببێتە دایکت..) بانگی نیوەڕۆ لە چەند مزگەوتێکەوە بڵند دەبێ. (درەنگە با پێ هەڵگرین. ئێستا مەغدید ئامادەیە!) پێهەڵدەگرێ.. لەسیلەی کۆڵانێکەوە ئاوادەبێ..

لە دووورڕا؛ ئاوازی حەیرانێک دێتە گوێ و پیکابێکی سەرگیراویش، بەدەشتێکدا داژوێ.. ڕێگەکە وشکەسییە و ئۆتۆمبێلەکە تۆزدەکات. پیکاب دێتە پێش و پێشتر. پڕە لەسەرنشین و کەلوپەل. سەرنشینەکان دێهاتین.. میرزۆ لە بەشێ دواوە دانیشتووە. بەڕووی گەشەوە ساواکەی لە ئامێز گرتووە. دیمەنەکە، وردە وردە دوور دەکەوێتەوە، تا لەچاو وندەبێ.

بەیان، ژمارە (٦٣) حوزەیرانی١٩٨٠

پێداچوونەوەی دەق، فێبریوەری ٢٠٠٥

# شەوەکەی عەریف زبالە

ئەو دەمـــەی تەواوی گـــوزەرەکـــە لە دۆخـــێکی شـــادەوە بۆ پرســـە و ئازیەتبـاری گـــۆڕدرا، من لـەوێ لە چاوەڕوانیی شــەریفـدا بووم. لەو ساتەوەختـەدا، چایچییـە لاوەکە، گۆرانییـەکی دەهۆڵیی تـایبـەت بـەم گـەرمـیـانەی لەسـەر نـابوو، شـانی بەگـوێدێر هەڵدەتەکـانـد و خـەڵکی دەهـێنـایە ســەر کـــەیف. هـەرکـــە هەســـتی دۆخـــە نوێکەی کـــرد، بەپەلەپڕووزێ فـریاکـەوت، بێـدەنگی بکا. حـەشـامـاتێ لە مـەردمی بەلەباریکەی ڕیشـهـاتووی ڕوومـەت قـوپاو و مـاندوو، تەوێڵ بەچرچ و لۆچ، سـەرنجی بەرپێی خۆیان دەدا. نتم ڕێیان دەکرد، لەگەڵ خۆیاندا هەرچی هـەنگامـە و بزاڤ هەبوو ڕایانگرت. ئۆتۆمـبـێلەکـان بێ هۆڕن لێـدان کـەناریان گـرت. پایسکل سـوارەکـان بێ ئـەوەی زەنگ لێ دەن پیـادەبوون و لەپاڵ پایسکلەکـانیـاندا وشک وەســتــان. دێوەرەکــان لەپاڵدانی عارەبانە و بەبالآدا هەڵدانی واڵەکـانیـان کەوتـن و بۆ ڕێزی ئەم پێـشـــهـاتە نوێیـە چەند هـەناســەیەک هـەڵوەســتــان. پیــرە چەقۆتیژکـەرەکەی سەر پیادەڕەوەکەیش چەرخەکەی وەستان و دەستی بەسیکاردە کولەکەوە وشک بوو. کوڕیژگە بۆیاخچییەکانیش بەسۆلی دەســـتــە ڕەنگاوڕەنگیـــانەوە لە گـــەڕان و چاو وردکـــردنەوە و هـاوار وەستان. هەر لە پینەدۆز و بەقاڵ و بازرگانەوە تا تاوڵەچی و ئەزنیف و

دۆمـــینـه کـــەره بێکارەکـــان، بەدەرۆژەکـــەرانی دەم ڕاســـتـــە شـەقامـەکەیشـەوە، هـەمـوو ڕاست بوونەوە. مـنیش هـەڵسام و کز و بێ ورتە لە بـەرامـبـەریاندا، دەسـتـەکـانم پان کـردەوە. تـەنیـا بـەرێکەران خۆیان بوون دەجووڵان.

ئەوان بـەبێـدەنگی ڕەتبـوون. تـەرمــەکـانیــان لەپشــتی دوو پیکاب بارکـردبوو. بەدەست خـۆم نـەبوو چاوم لەسـەریان بوو. ئـەوەندەم زانـی وەک بـەڵای لەپڕ، چـوار دەست، یان چـوار بـاڵی هـەرە درێژی تـووکنـی خـوێناوی لە دارەتەرمـەکانـەوە وەک تیـر دەرچـوون. ڕێک بەرەو چاوانم فـڕین. دوو بـاڵی درێژی ڕەقـەڵەی ئەسـمـەری تووکن، بەبـان سـەری ئەو هەمـوو مـەخلووقـە مـات و سـەرکـزەدا بەو خـێـراییـیـە دەپـەڕین و دەیانویست پـەنجـە خوێناوییەکانیان لەچاڵی چـاوم بچەقێنن. خـۆشم نەمـزانـی چۆن فـریاکـەوتم دەست بەچاوەکانمەوە بگرم و گـورجێ بێمـە سەر چۆک. ئیتر دەستەکان، یان ڕاستتر وایە بڵێم تیرە خوێناوییەکان سەریان کـرد. دوای مـاوەیەک، چاوم کردەوە. بەڵام دیسانەوە نەمـتوانـی ســـەرنجی دارەتـەرمـــەکـــان نەدەم. چـاوم تێـــوەبـوو چـەند جـــارێ، هـەردووکیان پێکەوە، دەسـتە خـوێناوییەکـانیان لەکفنەکانیانەوە ڕووەو ئاسمـان هـەڵبڕی؛ وەک ئـەوەی گلەیی و بناشـتیان بـەرەو تـەختی بینـاییی چاوان بەرزبکەنەوە. من نـەمــپـرسـی داخـۆ ئەوەی من دیم خـەڵکی ئـەم شـارۆچکەیـەش بەچاوی خۆیان دییـان، یان ئـەو جووتە کوژراوە بـەتـەنیا منیــان کـردبووە ئامــانج. بـەدوورکـەوتنەوەی ئەوان، دەنـگ و جـووڵەش کـــەوتـەوە گـــوزەرەکـــە. هـەبوون لە ســـۆراخـی ناو و بـنـەچـەی جـــووتـە کوژراوەکەدا بوون. هـەشـبوون لەمـەڕ ئەو گوندەی ڕەویان لێوە کردبوو و، چۆنـچــۆنـی لەئـەنفـــال خـــۆیان دەرباز کـــردبوو، دەدوان. هـەبوون

مەبەستیان بوو بزانن ئەو کوژراوانە ماڵ و ژندار بوون یان سەڵت قوڵت، چەند منداڵیان لەپاش بەجێ ماوە.. چەندیان کوڕن و چەندیان کچ.. ئەوان لەنێو یەکدا، زۆر زانیارییان لەمەڕ کوژراوەکان گۆڕییەوە. بەڵام کەس بەکەین و بەینی نێوان شەریفی خانەخوێم و ئەو دوو قوربانییەی نەدەزانی. تۆبڵێی منیش تێوەگلابم و لەم تاوانەدا پشکداربم؟! ئەدی ئەوان دەستی خوێناوییان بۆ چاوەکانم درێژ نەکرد؟ منی بابایەکی ڕەفتەنی، دانیشتووی کۆمەڵگەیەکی دیکەی دوور. منێک، کە لەم چایخانەیەدا سەبرم سواوە و بەناچاری چاوەڕوانی شەریفی خانەخوێم دەکەم.

شەوی ڕابوردووم، لەگەڕەکی شۆڕش ڕۆژکردەوە. بڕوا و سەر بەدواوە نەهێنێ. شەو لەگەڕەکی شۆڕش سروەی (با)یش نەدەهات. دیمەنی کەلاوەکانی دەورو بەری ماڵی شەریفی خانەخوێم، لەژێر ئاسمانی بەجریوەی ئەستێراندا وەحشەتناک دەینواند. کەلاوەکان، دیوارە کەوتووەکان، کەڵەکی بەرد و بلۆکە شکاوەکان بووبوونە داڵدەی سەگی خوێڕی و گڕوێ.. ماڵەکانی دەوروبەر بەرەو کۆنە مەفتەنیان گەڕابوونەوە. ئەوەی وەک یادگار لە پاشیان جێ مابێ، لادیواری کەل و کۆم و درزبردوو، دەرختی تینووی پرچ هەڵکڕووزاو بوو، کە بەتەنیا ئێشکگری هەواری چۆڵ بوون. لەوێ لەگەڕەکی شۆڕش، بۆی هەیە فوول لایتی ئۆتۆمبێلێک، ئەو سەربازگە گەورەیەی بانمەقان بورووژێنێ و هێمنی شەو لەم کۆمەڵگەیە تێک بدات و ژمارەی قوربانی و کەلاوەش بەرزبکاتەوە. بەڵام شەو کپ، قرەی ماشێنێ، سیرەی سیسرکێکیش نەدەهات.

لەحەوشەی ئەو تەنیا ماڵەیەی شەریفی خانەخوێمدا، لەبەر زەردەی

گـڵـــۆپێکی کــز، لەگــەڵ (شـــەریف)دا، دوو بەدوو بـەرامـــبـــەر یەک دانیـشــتـبـووین. ئەگـەرچی زۆر یادگـاری هاوبەشی سـەردەمی گـوند هەبوو باسی بکەین و شەوگاری پێ بەسەربەرین. بەڵام ماڵەکە لەدەمی مـردوو ساردتر بـوو. من و شـەریـف، جگە لەوەی هاوتەمـەنین، هەمـوو قۆناغی منداڵیشمان پێکەوە لەو گەرمیانە، لە(ک)ی گوندە ڕووتەڵەکەی خۆمان بەسەربرد. ڕێکەوتی ڕووت هەردووکمانی ڕزگارکردووە. زۆرێک لە هاوتـەمـەنـەکانمان سـەریان بەدواوە نەهێنا و ئێـمـە دەرباز بووین. بۆیە جارناجار لە هەواڵی یەکدی دەپرسین و بەسـەریەکمانەوە هەیە. وەلێ دیدەنیی ئـەمــجـــارەیان بۆ وەرگــرتنەوەی قـــەرزە. ئەو قـــەرزەی دەبووایە چەند مـــانگێک لـەمـــەوبەر شـــەریفی برادەرم، بەدەســـتی بیگێڕایەتەوە و نەیهێنا.

دایکە پیـرەکـەی لە بەرهـەیوانەکـە سـەرقـاڵی چای دەمکردن بوو. منیش ســـەرنجم ئاڵاندبووە ئـەو گـــڵـــۆپە زەردەی بەبەرزاییـــیـــەوە لەکـۆڵەکەیەک بەسـتـرابوو، مـێشـوولە و پەپوولەی بەشـەوارەکـەوەتوو لەدەوری دەفڕین، کاتێ شەریف شەقڵی بێدەنگیی شکاند و وتی:

– سبەی ببێتە دەستم، نایخەمە دووسبەی قەرزەکەت دەدەمەوە!

وەنەبێ لە دەوڵەمـــەندیما، ئەو بڕە پارەیەم بەقـــەرز پـێ دابێ. بگرە زیاتر لەبەر ئـەوە بوو دڵم پێی ســـووتا. ئەگـــینا لـەشـــەریف کـــەم دەرامەتترم. بۆیە وتم:

– دەســـتـــەنگی ڕووی تێ کـــردووم. دەنا بەم شـــەوە نـەدەبوومـــە میـوانێکی درەنگوەختی ئێسکگران. ئێستاش خۆت سـەغڵـەت مـەکە شەریف، هەرکاتێ بووت. ئەم هاتنەشم بەدیدەنی بۆ حساب کە!

دیاربوو شەریف بەقسەکانم کەمێ سوکنایی بۆ هات. شانی دادایە سەر بالیفە گەورەکەی پاڵی و بەمنیشی وت:

– پاڵ بدەرەوە سمایل، خۆت بەمیوان مەزانە. ئێمە براین و دەزانم پارە لە نێوانمادا مەسەلەیەک نییە.

منیش شانم دادایە سەر سەرینەکەی پاڵم. هەردوولامان بێدەنگ ماین. دوای قەدەرێک دایکی شەریف دوو پیاڵە چای لەپێشمان دانا و ئێمەیش ڕاست بووینەوە. زرنگەی کەوچکی نێو پیاڵەکان ئاوازێکی بەو دانیشتنە نائارامە دابوو. دایکی شەریف بەدەم چایی تێ کردنەوە شەوگاری هاوینی گوندی بەبیرهێنامەوە. کاتێکم زانی لەپڕ بێدەنگیی کۆمەڵگەی شۆڕش شڵەقا. بوو بەتۆپبارانێ ئەوسەری دیار نەبێ. لەگەڕەکی شۆڕش تۆپباران ئاساییە. بەڵام لە ماڵی شەریف نائاسایی بوو! گرمەی یەکەم تۆپ، کەشی ماڵەکەی بەشێوەیەکی سەیر و نامۆ گۆڕی. شەریف هەڵسا. منیش بەدوایدا هەڵسام، وام زانی خۆی بەژووریدا، یان پەنایەکدا دەکات. بەڵام وانەبوو، ڕێک چووە چەقی حەوشەکە و هاواری لێ هەڵسا:

– چوار هەزار، چوار هەزار!.. بەڕەتڵ (زبالە)گیان، بەڕەتڵ! ترسم لێ نیشت. نەمزانی لەکاتی وەهادا چی بکەم باشە؟ لێی چوومە پێشتر، تاکو لە نزیکەوە ڕووخساری ببینم بزانم لە کاتی هاوارکردندا ڕووی چ گۆڕانێکی بەسەردا دێ؟ چ جۆرە هەستێک لەسەر ڕووی پەرچ دەبێتەوە؟! وای بۆچووبووم، لەکوتوپڕیی تۆپبارانەکەوە تووشی گەشکە بووە. وەلێ ئەو سرەوتی نەبوو، بەردەوام هەڵدەبەزییەوە. بەجووڵە و هاوارەکانیدا لە مەیموون دەچوو. دوای گرمەی دووەم تۆپ، هاواری کرد:

- هەشت هەزار ! بەردەوام بە زبالەگیان بەردەوام بە!

بیریشم لەوە دەکردەوە ڕەنگ بێ حاڵەکاتی بەسەردا هاتبێ و دووربا شێتی سەری لێ دابێ. دەنا کێ هەیە بەتۆپبارانی ئاواییەکەی دڵشادبێ. لەگەڵ زرمەی چوارەمدا. چوو بەئاسماندا و یەک بەخۆی شیراندی:

- ئەرێ وەڵڵا شازدەهەزار!

گوللەتۆپەکان هەروا بەردەوام بوون و شەریفیش هەموو گیانی دەجوولا و جێی بەخۆی نەدەگرت و قسەکانی پاتەدەکردنەوە: بیست هەزار.. بیست و چوار هەزار.. بیست و هەشت هەزار!! بەردەوام بە عەریف زبالە، بەڕەتڵ بینێرە! ئەمدیوی کە زبالە!!.. بەهەر چوار کەناردا زبالە!! بەرەو چەمچەماڵیش!

بەم شێوەیە، لەگەڵ تەقینی هەر تۆپێکدا شەریف چوار هەزار سەردەکەوت و لەگەڵیدا پێخاوس هەڵدەبەزییەوە و دەتریقایەوە. ئەمجا لە قاقای پێکەنینەوە دەیگۆڕی بۆ گازەگاز و هاوار و قیژەی بێ مانا. هەندێ جار وەک دەرویش دەیهوولاند.

هەر گوللە تۆپێک دووجار دەتەقی. جارێک لەبانمەقان و جارێک لەکۆڵان و ماڵەکانی شۆڕش. گەردەلوولی تۆز و دووکەڵ تێکەڵ دەبوون. بۆن بارووت لووتی دەچووزانەوە. ئاگر دەکەوتەوە. ترس هەڵمەتی بۆ هێنام و چۆکم دەلەرزی. لێشم بووبووە کوردەناموسی. بۆیە نەمدەکرد خۆم بەزەویدادەم. خاوەنماڵ مێش میوانی نەبوو، ئیدی منیش پێم کەمایەسی بوو نیگەرانی پیشان دەم. دواتر ئەوەی وای لێ کردبووم زۆر خۆم نیگەران نیشان نەدەم. دایکی شەریف بوو. ئەو

پیرەژنە لە جەنگەی ئەو هەنگامە و گرمە و ناڵەی تۆپبارانەدا بێباک بەلبادەکەوە پان بووبووەوە، مێشێک میوانی نەبوو. پەنجەرەکان زرەزر دەزرنگانەوە. دەرگـەکـان دەکـرانەوە و شـەق پێـوەدەدران. زەوی لە ژێرماندا دەلەرزی. شەوێک بوو تۆپی تێدا دەباری. ئیدی شەریف کوڕە سەلارەکەی جاران نەمابوو. دەربایسی ئەوە نەبوو، میوانی هەیە و گەرەکە ڕێزی خۆی و میوانەکەی بگرێ.

– چلوچوار هەزار!.. ئافەرین عەریف زبالە، بەردەوام بە!

باوەشم بەناوقەدیا کرد و بەرەو هەیوانەکە پاڵم دا! ئەوی ڕاستی بێ ئەم هاوار هاوارەی شەریف لە گوللەتۆپەکان زیاتر کاریان تێ کردبووم. نەڕاندم: ئەوە چیت لێ قەوماوە شەریف؟ ئارام بە شەریف ئێستا دەوەستێ.. دان بەخۆتا بگرە شەریف! تەنگانەی لەمە تەنگانەترمان دیوە شەریف!

بەڵام هەوڵەکەم بێ هوودە بوو. خۆی لە دەستم ڕاپسکاند و ڕای کردەوە چەقی حەوشە و دەستی بەهاوار و هەڵبەز هەڵبەز کردەوە. من دڵم کەوتبووە پەلەپەل و پشووم توند، نەمدەزانی دەبێ هەنگاوی داهاتووم چی بێ. بەلای دایکی شەریفدا بام دایەوە. ئەو هێشتا بەدیار قۆری و پیاڵەکانیەوە دانیشتبوو. دەستی لێ هەڵتەکانم، وتی:

– وازی لێ بێنە، شەریف لە هەوای خۆیدایە!

لە وەلامی دایکی شەریف ئەوەندە تێ گەیشتم، کە شەریف بەتۆپباران تووشی ئەم بێحاڵییە دەبێ و هیچ چارێکی نییە. بۆیە بەترسەوە، لەگەڵ شەریفدا کەوتمە سەرنجدانی ئاسمان و بانمەقان و شوێنی کەوتنەوەی گوللە تۆپەکان. بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. چوار

گـــولله تۆپ وەک چوار پشکۆی گـــەورەی ســـوور ســـووری تیـــژباڵ بەئاسمانی شۆڕشدا ڕووە و دەربەندەکەی بەرامبەر کشان. شەریفیش هەر لەســەر کــەیف و هــەڵقــون هــەڵقــون و ژمــاردنــی خــۆی بــوو. لەدوا ژمارەی لەمەڕ شەریفدا کە پێم وایە شەست هەزار بوو. زاق و زریق و هاوار هاوار لە قووڵاییی کۆمەڵگەکەوە بڵندبوو. سەی خوێڕی حەچ و لووریان بوو. شەریف سەر پەیژەکەیان کەوت و منیش بەشوێنیدا. لەو دەمەدا پۆلێ کۆتر لەشەققەی باڵیان دا و هێلانەواز بوون. نەمزانی بەو شــەوە تووشــە کــوێوە چوون. ئەوەندە هەبوو بەشــەقــقــەی باڵیــان، لە تۆپەکــان زیاتر ڕایان چڵــەکــاندم. لە دووررا، منداڵ و تاڵ، ژن و ژاڵ دەیانزووڕاند و دەیانزریکاند. دیمەنـەکـەم هێنایە پێش چاو. پێم وابوو خۆیان دەڕنییەوە.

بەڕاست نەمــزانــی چ ناوێکی لێ بنێم؟ ئەم کــۆمــەڵگەیە نـەشــارە نەلادێ! وەها ڕەنگی بۆ ڕێژراوە لەمســەری شـۆڕش ســەگێک دەرکەوت لەوسـەرەوە دیاربێ. سـەد مەترێک لە بەرامـبەرمانـەوە، گڕ چۆن زمـانی دێو بەئـاســـمـــاندا دەچوو. دیاربوو هـەبوون بەهـانایانەوە دەچوون. دەنگەکان بەیەکدا دەهاتن و تێکەڵ دەبوون. کاتێکم زانی گولله تۆپێک وەک ئەستـێرەی ڕژاو کەوتە سـەر ڕاستـە جادەی سـەنگاو و لەسـەر قـیـرەکـە هـەڵسـایەوە و بەتاقی ئاسـمـاندا چوو. تاکـو سـارد بووەوە پریشکی پرتـەقاڵیی بەدەوری خۆیدا دەباراند. لەیاری فیشـەکەشێتـە دەچوو، کــاتێ وڵاتانی دوور، لـە ئاهـەنگەیادی ســەربـەخــۆییــیــاندا، ئاسـمـانی پایەتـەختـیـانـی پێ دەڕەنگێنن. لەگـەڵ ئەوەشــدا شــەریف هەســـتی ڕاگــرتبــوو، بەچوار کـــەناردا چاوی دەگــێـــڕا. دیار بوو دەیخواست تا گزنگی بەیان، یەکبینە عەریف زبالە ئەم ئۆردووگا نیوە

چۆڵ و نیوە ئاوەدانە بکوتێ و سرەوتی نەبێ!

تۆپەکان سرەوتن، بەڵام گریان و هاوار هاوارەکە درێژەی هەبوو. منیش خەوم لێ زڕا. بوو بەغایلەم: (بڵێی ئەم عەریف زباڵەیە ناوێکی ڕاستەقینە بێت و خۆی بێ ئەم ئۆردوگایەی کردبێتە نیشانە. ئەگەر وابێ شەریف ئەم زباڵە ناوە چۆن دەناسێ. خۆ تائەم دواییەش شەریف کەسێکی دامەزراو و ساغڵەم بوو، چۆن و بەچی وا تێک چوو.) من وا خەریک بووم لێکم دەدایەوە و شەریف بەدەم خەوەنوچکێوە وتی:

– پێ و قدوومت خێر بوو سمایل!

– ئەگەر خێر وەهابێ، دەک خوا بیبڕێ!

***

لێرە لەم ڕاستە بازاڕە، هەموو شتەکان چوونەوە شوێنی خۆیان. جمەوجووڵ و هایکردنی سەوزە و میوەفرۆش و هاتن و چوونی بۆیاخچییەکان لەنوێ ئاوەدانییان خستەوە گوزەرەکە. هێشتا تەرمەکان نەگەیشتبوونە دوا مەنزڵیان، چایچییەکە بەستەیەکی خێرای شان هەڵتەکێنی هاویشتە سەر. من ددانم هاڵدەبوونەوە و لەدەنگی تۆپەکانی شەوم پێ ناسازتر بوو. ئەگەر بڵێی کەسم نەدی بزەی بێتەسەر لێو، یان لەگەڵ ڕەزمی بەستەکەدا شانی بۆ بلەقێنێ..

من هەروا بێزاری چاوەڕوانی بووم. ڕەنگ بێ تەرمەکان گەیشتبنە غەریبستان و نەگەیشتبن؛ کاتێ شەریف بەتوورەکەیەکی نایلۆنی ڕەشەوە گەیشت. ئەو هیچی نەبردە سەر خۆی و لێڵ نەبوو. جامێ ئاوی بەسەرەوە ناو چۆڕبڕی کرد. ئەمجا چەند لۆیەکی پشتوێنە

ڕەشـەکـەی ترازاند و، ڕووی، کە شـەلاڵی ئارەقـەبوو پێ وشک کردەوە. سـەبارەت دواکەوتنەکـەی، داوای لێبوردنـی بەزاردا نـەهات. چایەکم بۆ بانگ کرد. وەختێ پیاڵەکەی بۆ لێوی برد، من سەرنجی ڕوویم دەدا. سـپـێنەی چاوەکـانی بەتۆڕی ورده دەمـاری شـەرابی تەنرابوون. ئەگەرچی چاییەکە داخ بوو، وەلێ ئەو بەدوو فڕ هەڵیقوڕاند. دەست و پەنجـەکـانی لە چنگی لاشـخـۆر دەچوون، کـۆتاییـیـەکـانی باریک و نینۆکـەکـانی تیژ و چەماوە. لە هـەمووی ترسناکتـر ددانەکـانی بوو. یەکەم جاربوو ئەمەی لێ ببینم. هـەر هـەموویان بووبوون بەقـوڕقـوشـم. ڕەنگێکی خۆڵەمێشیی تەڵخیان هەبوو. قوڕقوشمیش لەو کانزایانەیە، کە زوو گـەرم دەبێ. ئەی باشە چۆن ئەو چایە داخەی وا بەپەلە فڕ کرد و دەم و زمـانی دانەپلۆخـا؟ ترسێ لـەناخـمدا باری خست. نەمدەزانی چۆنی دەربڕم. بەبێزارییەوە پرسیم:

– لەبەیانییەوە منت لەم چایخانەیە بەستووەتەوە. زۆرت پێ چوو؟!

– سـەگ وەسـتـابێ مـن نەوەسـتـاوم. هەتا شـەست هـەزارم لە خێرەوەمەندێک قەرز کرد و سواری ئۆتوموبیل بووم بۆ بانمەقان و لەوێ عەریف زبالەم دۆزییەوە و پارەکەم دایە و قەوانی تۆپەکانم لێ وەرگرت و بارم کردن و گـەڕامـەوە چەمچـەماڵ و لێرە ساغم کردنەوە، ئەوندەم هەر پێ دەچێ، سمایل گیان!

سـەیرێکی تـوورەکـە نایلـۆنەکـەم کـرد. ڕەشـی تـۆخ، وەک بەڵگەی تاوانەکـە، لـەسـەر مـێـزەکـەی بەردەمم دانرابوو، هەر ئەوەبوو هاواری نەدەکرد. وەختابوو برشێمەوە. نەمزانی چی بکەم. پرسیم:

– ئەی برادەرانی خـۆمـان لەخـاڵی پشـکنین، چۆن پێـیـان نـەزانیت؟ چۆن دەنگیان نەکرد؟

– پێی دەزانن. بەڵام دەنگ ناکەن. خۆمن بەدزیی ئەوانەوە، ئەم کارە ناکەم!.. ئەوان گومرگی خۆیان بەزیادەوە وەردەگرن.. هەندێ جار کەبابیشیان بۆ دەکڕم!

دوای پشوویەک بێدنگیی شەریف و، حەپەسانی من، شەریف لەسەری ڕۆیی:

– بەرامبەر هەر قەوانێک چوار هەزاری چاپی بەغدا بەعەریف زبالە دەدەم. لێرە، لە چەمچەماڵ، هەر دانەو بەدووسەد دیناری چاپی سویسرا دەفرۆشمەوە. لەوێش زبالە بەتەنیا نییە. هەتا مولازم ئەووەل (چەللوب)ی ئامیر بەتەریەش لێی دەخوا.. بەکورتی قەرزەکەی تۆ پارەی دوو قەوان و نیوە، کاک سمایل!!

هەر بۆیە وەختێ شەریف کیسە نایلۆنەکی دابەسەر مێزەکەدا تەپەیەکی لێوە هەڵسا هێندەی زرمەی تۆپێک لە مێشکمدا ترس و دەنگدانەوەی هەبوو. شەریف شێتانە پەنجەکانی دەجووڵان. دەستی بۆ کیسە ڕەشەکەبرد، کە لە نیگای منەوە بووبوونە چنگی دڕندەی لاشخۆر. بەبێزارییەکی هێڵنج هێنەوە سەرنجم دەدا. سەرودڵم گیرابوو. سەفتەیەک پێنج دیناریی دەرهێنا، وەک دوا بەیەکی پێنج دینارییەکان بەخوێنی دوو قوربانییەکەی شەوێ سوور هەڵگەڕابن، ئاوا دەهاتنە پێش چاوم. شەریف سەفتەکەی بۆ ڕاگرتم وتی:

– ماڵت ئاوابێ، فەرموو ئەوە قەرزەکەت، بیژمێرە؟ لێم وەرگرت. نەمژمارد و خێرا تەپاندمە گیرفانی شەرواڵەکەم. وەختایێ سەرنجێکی دەستەکانی خۆم دا مینا پێنج دینارییەکان سوور هەڵگەڕابوون.کە ئەوم جێ هێشت، ئاوڕێکم لە گۆڕستانەکە دایەوە. جارێکی دی دەستی تۆڵەی کوژراوەکانم بینییەوە بەخێراییەکی زۆر،

جاریّ ڕووەو ئاسمان جاری ڕووە من شالاویان دەهێنا. ئەوەندەم پیّ کرا لەپەوڕوو خۆم بەزەویدا بدەم.. دوای ماوەیەک بەڕووی خۆلاوییەوە هەڵسامەوە و بەپەلەپڕووزیّ شارۆچکەکەم چۆڵ کرد. نازانم بۆ منیان کردبووە نیشانە؟ خۆمن نانم بەئارەق و ڕەنجی شانم دەردێنم.!

١١ی ئوکتۆبەری ١٩٩٥

* هەزار دیناری چاپی بەغدا، یەکسانە بەهەژدە دیناری چاپی سویسرا.
* گەڕەکی شۆڕش: کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێیە، پاش کاولکردنی دێهاتەکانیانی گەرمیان، بەعس بۆ خەڵکی ناوچەکەی دروست کرد. نزیک شاری چەمچەماڵە.
* بانمەقان: بانێکی بەرینە یان بەرزاییەکە بەسەر چەمچەماڵ و گەڕەکی شۆڕشدا دەڕوانیّ و سەربازگەیەکی گەورەی ڕێژیمی لێیە. دوا پێگەی دوژمنە لە قۆڵی کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی. جادەی سەرکیی کەرکووک سلێمانی کۆنترۆڵ دەکا و چاودێریی هەموو ناوچەکەشی پیّ سپێردراوە.

# سێ ڕۆژە

ئەمڕۆ سێڕۆژگانەیانە. سێڕۆژەی سێسەدو پەنجا هاوڕێم بەجارێک!.. ئەوان سێ شەوە دەوریان چۆڵکردووم. لەوساوە مۆتەکەی بێکەسی و تەنیابالّی چوارکەناریان لێتەنیوم و سەری دنیام لێهاتۆتەوە یەک. بەوانەوە ماڵەکەم ئاوەدان بوو.. منی سەرگەشتە و بێمەیل، نازانم چۆن و بەچی دڵنەوایی خۆم بدەمەوە؟..چ جۆرە هەڵوایەک بۆ سێڕۆژگانەیان چێبکەم و بیبەخشمەوە؟ بیهێنە پێش چاوت، سێسەدو پەنجا هاوڕێت پێکەوە و لەڕۆژێکدا لەدەست بچێ، کارەساتێکە قەرەبوو ناکرێتەوە و هەر بەدەم خۆشە.. مرۆڤی خۆڕاگری گەرەکە بەرگەی بگرێ!.. ئاخر من چەندین ڕۆژم لەتەک یەکە بەیەکەیاندا بردۆتەسەر. چەندین شەویشم لەگەڵیاندا ڕۆژکردۆتەوە. ئەوانەهاوڕێی شیرینم بوون. ئەگەر سپڵەو پێنەزان بم، لەچاوم گیرێ! تا ئەم دواییەش ڕۆژێ لەڕۆژان نە دڵم یەشاندبوون و نە دڵیشیان یەشاندبووم! یەکێکیان ڕۆژێ لەڕۆژان پێینەوتووم: (ئەوڕەحمان پشتی چاوت برۆیە!)

لەم سەردەمە شندی مندییەدا، کەمن ناوم لێناوە سەردەمی دافەتان، وەفا لە بەینماندا هەبوو!.. بەڵام سەد جاران حەیف و دووسەد جاران مەخابن، بەم دواییە ئەو گەرم و گوڕییەی نێوانمان

ساردبۆوە و وەکو جاران نەما. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕوام پێبکەن هاوڕێ ئازیزەکانم ئەوەی ڕوویدا گوناهی منی تێدا نەبوو، ناچاریی پێیکردم!.. دەزانم، ڕەنگبێ گلەیی ئەوەم لێبکەن گوایە دوای ئەو هەموو ساڵە پەیمان و بەینەتە، سپڵەییم بەرامبەرتان نواندبێ و ئێوەم فرۆشتبێ!.. نا، هەرگیز وانییە.. من بڵێم چی لەم سەردەمی دافەتانەدا، ئەرکی ژیان ئەوەندە گرانە و ئێوەش بەو ڕادەیە هەرزان؟!..

ئۆغری بەخێرتان، کارەساتەکەی زستانی ١٩٦٣ م دێنێتەوە یاد. کاتێ (معاون)ە لووت بەخاڵەکە، بەوەندە دڵی ئاوی نەخواردەوە، لەماڵەکەی خۆمدا کەلەپچەی کردم، هات نزیکەی ٢٣٠٠ کتێبیشی بەکتێبخانەکەمەوە بارکرد. لەوێ لە حەوشی سەرادا گڕی لەگشتیان بەردا. نازانم چۆنی دڵیهات؟ خۆ ئەو کتێبانە زۆربەیان بەزمانەکەی خۆی نووسرابوون. ئەو ساڵە تازە (نەورۆز)ی نۆبەرەمان لە دایک بووبوو. وامزانی گڕ لەو بەردەدات. معاونەکە شێتانە بەرامبەر بڵێسەی گڕی کتێبخانە و کتێبەکان دەتریقایەوە. ئەو ڕووداوە، معاونەکەی لەبەر چاوم کردە نێروون وەختێ ڕۆما دەسووتێنێ و بەدیار بڵێسەی گڕی شارەوە قاقا پێدەکەنێ.. پێشتر نەهامەتیی وەهام بەسەرنەهاتبوو. چونکە تا ئەو ساتە ڕێکەوتی کەسێکی وەها دڕندەم نەکردبوو چێژ لە کتێب سووتاندن ببینێ. لەبەرامبەر ئەم دیمەنەدا ئەوەندەم لەدەست هات دەستە کەلەپچە کراوەکانم بەچاومەوە بگرم، بۆئەوەی بڵێسەی گڕەکەیان نەبینم. بەڵام بێسوود بوو چونکە گوێم لە کڵپە و هەڵقرچانیان بوو. بۆنسۆشیان لووتی پڕکردبووم. هەربەوەندە دڵی ئاوی نەخواردەوە، هاوڕێ ئازیزەکانم. هۆپێکم لە خۆزانی بەدەم قاقای پێکەنینەوە شاپێکیشی لەپاشەڵم هەڵدا.

- ئێوە کوڕانی هۆلاکۆن!

ناهەقم نەبوو ئاوام پێوت. دەبوایە دوای ئەوەی هۆلاکۆ قەتڵ و عامی کتێبی کردو، ئەوەی هەبوو دایبەدەم ڕوباری دیجلەوە، ئیدی ببڕای ببڕ، جارێکی دی لەم ولاتی عێراقەدا، کتێب بەدەم ئاوو ئاگرەوە نەدرایە. هەر دەمم سووتا و ئەوەندەم وت، ئیتر بەسەرما داباریـن. ئەوەی دۆنکیی پێبوو بەدۆنکی، ئەوەی پێی نەبوو بەشاپان. شاپی پۆستاڵ! پۆلیس گوڕیان دەبەستەوە و بۆمدەهاتن. بێ بەزەییانە لەکەشکەژنۆیان هەڵدەدام. لە گولمەی ڕانیان هەڵدەدام. هەیانبوو ئەوەندە قایم گوڕی دەبەستەوە. دوای ئەوەی شاپەکەی دەگەیاندمێ خۆشی تەپ بەپشتا دەکەوت. هەیان بوو وەک ئەسپی تازە ناڵکراوی تاوی غار پریشکی ئاگر لە ناڵچەی پۆستاڵەکانییەوە بەرز دەبۆوە. تەختیان کردم. لە عەردا دەیانتلاندمەوە. تەپڵیتۆپێنی ئەو سەرایەیان پێکردم. ئیدی بەرچاوم لێل، تەڵخ و تاریک بوو.. بەتەواوی کوژامەوە.. کاتێ بەدەم ئازارەوە بەئاگا هاتمەوە، دەستیان بەچرپای خەستەخانەکەوە کەلەپچە کردبووم.

ئەمڕۆ، لە سێڕۆژەی هاوڕێ ئازیزەکانمدا، برینی کۆن و نوێم هاتوونەتە سوێ. ئێوە سێ ڕۆژە چواردەورمتان چۆڵکردووە. چۆڵکردنێکی هەتاهەتایی. بەلام چۆن بتوانم لە یەک کاتدا پرسە بۆ هەر سێسەدو پەنجاتان نوێ بکەمەوە ئازیزەکانم؟! ئێستا دێمە سەر گۆڕتان.. هەر ئەوەندەم لەدەست دێ.. لەوێ کڵاوەکەم دابگرم. سەردادەخەم و تاوێ بەمەلوولێ لەسەرینتان دەوەستم!

**

لەوێ، لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی، لەژێر دیواربەندەکەی شێخدا،

سەدان کتێبی هەمەجۆر، بێناز لەسەر چیمەنتۆ ڕووتەکە ڕیزکرابوون. ڕەشەبا خشە خش گەمەی بەپەڕەکانیان دەکرد. ئەو کتێبانە تا چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر، بەبەرزاییەوە. لەنێو خانەی کتێبخانەی مالاّندا بەڕێزەوە دانرابوون. هەرچەند ڕۆژێ جارێ، دەستیان پێدا دەهێنرا و لە تۆزو گەرد پاکدەکرانەوە. کەچی ئەوەتا ئەمێستا لەنێو خۆڵ و پاشەرۆکی گوڵەبەڕۆژەی تروکاو و توێکڵی پاقلەی کولاّودا فرێدراون. بێدەنگ بەدیاریانەوە ڕوام، چەند هەرزەکاریش ئاپۆرەیان لێدابوون. سەرپێیی چاویان پێدا دەخشاندن. دووان دەڕۆی، سیانی دیکە دەهاتن. کتێبفرۆشە جحێڵەکە وەک شوان بەدیاریانەوە وەستابوو. ڕێکەوت ڕووی تێکردم و ناسیمییەوە. بەسەرلەقاندنێک ڕۆژباشی لێکردم. منی مەلوولیش هەر بەشێوەکەی خۆی وەلاّمم دایەوە.

هەروا وەستابووم سەرنجم دەدان، کاتێ کوڕیژگەیەکی قژبژ پەیدا بوو. جووتێک پێلاّوی ڕەشی کالّەوەبووی درزبردووی لەپێدا بوو. لووتەکانی سپی، وەک هەرگیز بۆیاخیان بەخۆیانەوە نەدیبێ. کراسە سپییە چڵکنەکەی تەنیا سێ قۆپچەی پێوەمابوو. مێردمنداڵەکە هەر بەپێلاّوەکانەوە، کەوتە ناو کتێبەکان. وامدەزانی بەسەر گازەرای پشتی ڕووتی مندا هەنگاو دەنێ!.. بۆیە مورەغەی پشتم ئازاری پێدەگەیی. یەکە یەکە دەستی دەدانێ، لە دیوی دەرەوە سەرنجی قەبارەیانی دەدا و دایدەنانەوە. ئەنجام چەند کتێبێکی هەمەڕەنگی لەمێژوو، ئەدەب و لێکۆڵینەوەی زانستی هەڵبژارد. گوڵبژێرییەکەی سەرنجی کێشدەکرد. کوڕیژگەیەکی وەها بەو سەرەتای تەمەنەوە ئارەزووی خوێندنەوەی ئەم هەموو ڕشتەیەی هەبێ، دیاردەیەکی نائاسایی بوو؟! کاتێ لەسەر یەکی هەڵچنین و لەکڕینیان دڵنیا بووم،

فێنکاییەک بەهەناوم گەیشت و ئۆخژنم بۆهات. دیارە دەخوێنێتەوە. بەم تەمەنە کەمەوە و لەو ئاستە بەرزەدا، ئەدەب و کۆمەڵناسی بخوێنێتەوە، لەوانەیە لە ئایندەدا زانا، یان نووسەرێکی گەورەی لێدەربچێ. ئەم دیمەنە و بەم سەردەمی دافەتانە، نەختێ لە خەمی سێرۆژەی سێسەد و پەنجا هاورێکەمی کەمکردەوە. ویستم بزانم ناوی چییە. بەڵام ئەو خجڵی کاری خۆی بوو. دەستی برد دوو کتێبی دیکەی گەورەی جیاکردەوەو لەسەر سیانەکەی پێشووی هەڵیچنین و لەگەڵ کتێبفرۆشەکەدا کەوتنە سەوا و مامەڵە:

– ئەم کۆمەڵە کتێبە بایی چەندە؟

– بەهەمووی پەنجا دینار بدە.

– ئەی سی دینار چۆنە؟

– نابێ، زۆر کەمە!

– ئەی سیوپێنج دینار چۆنە؟

– نابێ، دەزانی ئەوانە ئەگەر کاغەزی سپی بوونایە بایی دووسەد دینار دەبوون؟!

– ڕاستە.. بەڵام کاغەز، کەچاپکرا نرخی دادەبەزێ!! ئەگەر چی ڕاستی وت، بەڵام بەم قسانەی دوایی دڵم گوشرا، لە بێئۆقرەییدا لەجێی خۆم پێکوتەم دەکرد، دوای ئەوەی دوو سێ لاو کەوتنە دیقەتدانم ئەمجا هەستم بەخۆم کرد، کە من تەواو نیگەرانم.. زەفتی خۆم کرد و بڕی ئارام بوومەوە. مێرد منداڵەکە کتێبەکانی بەباوەشەوە گرتبوو هەڵیدەسەنگاندن. وەک کتێبیش پەتاتە ئاسا بەکیلۆ بفرۆشرێ. پاشان ڕووی لە کتێبفرۆشەکە کردەوە، وتی:

- هەر سیو پێنج دینار دەهێنن، لەوندە زیاتریان پێنادەم!

مێردمنداڵەکە لەوەدابوو کتێبەکان دابنێتەوە و کتێبفرۆش وتی:

- باشە هەڵیانگرە.

مێرد منداڵەکە کتێبەکانی لەسەر زەوییە ڕووتەکە دانا. لە گیرفانی شەرواڵەکەیدا سەفتەیەکی نوشتاوەی دەیی و پێنج دیناریی قەدکراوی دەرهێنا و خێرا نرخەکەی دایە کتێبفرۆشەکە. هەناسەیەکی دڵنیایی هەڵمژی و دانەوییەوە. دەستی دایە یەکێکیان، کە دیوانێکی گەورەی شیعر بوو. بەبەر چاوی خۆمەوە، برێ خۆی جیرکردەوە و ڕاست و چەپ لێینەوی. ڕێک لە ناوەڕاستدا کردی بەدوو کەرتەوە! کسپەیەک لەناخم هەڵسا و داچڵەکیم. شیرەی کتێبەکە لە گریانی ساوا دەچوو! من خراپ تێگەیشتبووم!.. خۆم پێڕانەگیرا، پرسیم:

- ئەوە بۆ وەهای لێدەکەی کوڕی باش؟

ئەو کوڕیژگەیەی من هێوام پێیبوو ببێتە زانا یاخود نووسەری ناوداری ئایندەی کورد، لە پاکی و بەرائەتی منداڵان داشۆردرابوو. لەبەر چاوم، وێنەی بۆ بیچمی پیاوێکی پۆرخز و مۆن گۆردرا. بەدەم پەڕە پەڕە کردنی دیوانەکەوە، سەرنجێکی ئاگراویی دوژمنانەی بەبالامدا سەرخست و بێمنەت وتی:

- جا تۆ هەقت چییە بەسەرەوە؟ بەپارەی خۆم کڕیومەو دەیکەم بەلوولەی گوڵەبەڕۆژە!!

تمەس ئەستووریی کتێبەکانی بەدڵدا چووبوو. خۆمن دەمزانی کە ئەم مێرد منداڵەیش لە قوربانییەک بەولاوە هێچی دیکە نییە. ئەو چووزانێ خەڵکانی بێ کتێب بێ شوناسیشن. ئەو چووزانێ ماڵی بێ

کتێب چۆڵەوانییە. لەگەڵ ئەوەشدا بەدەستم بوایە لەوکاتەدا گوێم لەبنا دەردەهێنا!.. لە ڕیزی تەماشاکەراندا لاوێکی خاوێن و باوێن، ڕۆژنامەیەکی لوولکراوی لە مست بوو، هەڵیدایە:

– بەویژدانم حەیفە بکرێن بەلوولەی گوڵەبەڕۆژە. دەسەڵاتم هەبووایە نەمدەهێشت!

بۆ چەند هەناسەیەک ئاهێکم تێگەڕا. بەڵام کوڕێژگەکە ئەو قسانەی بەهەند نەگرت. پێدەچوو سینییە گوڵەبەڕۆژەکەی لای برادەرێکی جێهێشتبێ، بۆیە بەخێسەیەک وەڵامی هەرزەکارەکەی دایەوە. باوەشی بەگورزە کتێبەکەدا کرد و لێیدا ڕۆیی. وەک پڕ بەلاشەی منداڵێکمدا بکات وەهابوو!.. ئاگادار بووم، وردە وردە چۆکم شلدەبوون. لاجانگەکانم گەرم ڕادەهاتن. خۆنەویستانە لێوەکانم دەلەرینەوە. بەدەست خۆم نەبوو. وەختێکم زانی بەچەپۆک بەربوومەتە سەرە سپییەکەم و دامدایە قوڵپی گریان:

– براڕۆ مشک خواردمی!.. باوکەڕۆ بەعس خواردمی! گشت کەسم ڕۆ نێروون و هۆلاکۆ خواردمی!!

لەسەر کتێبەکان ڕەهێڵ بووم. لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر، بەناویاندا دەتلامەوە. بەدەم تەپاوتلەوە کتێبەکانم بەسینەوە دەگرتن. تۆزو توێکڵی گوڵەبەڕۆژەی ترووکاو، جل و بەرگە خاوینەکەمی لەوتاندو، دەخزانە بێخی سەرە سپییەکەمەوە. خڵتانی خۆڵ بووم و بەجارێ بوومە گەپجاڕ و سینەمای ئەو هەموو مەخلووقە دەست بەتاڵە. کاتێ بەخۆمزانی سەدان بێکار، ئاپۆرەیان لێداوم. هەندێ وایاندەزانی پەرکرمم لەگەڵەو فێم لێهاتووە. هەندێ بەسەرخۆشیان دەزانیم. گوێکانم قسەی یەکێکیانی ئاوا قۆزتەوە: (پیاو هەر شێتیش بێ،

بەگەنجی شێت بێ!)

دەستیان دەگرتم. بانگیان دەکردم. یەکێکیان پەرداخێ ئاوی پرژاندە ڕووما. پیرەمێردێکیش کڵاوەکەی تەپاندەوە سەرم.. ئەوان نەیاندەزانی ئەو بانگهەڵدان و خۆ گەوزاندنەم بەنێو ئەو کتێبە خۆڵاوییانەدا لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ و کوێم ژاندەکا؟.. بەم شێوە ناجۆرە، ئەو عەسرەم لەسەر گۆڕی ئەو سێسەدو پەنجا هاوڕێ کۆچکردووەم گوزەراند!.. ئاوا سێڕۆژەم بۆ گێڕان!.. بۆ ئەو سێسەدو پەنجا هاوڕێ ئازیزەی، کەناچارمام بێانفرۆشم و بەپارەکەیان فردەیەک ئارد بکڕم.. ئەمڕۆ سێڕۆژەیان بوو.

٢ی نۆڤەمبەری ١٩٩٥

# نەیژەنی مەزن

(فەرەیدوونی پەیامنێری ڕۆژنامەی شار..) بەم شێوەیە و بەکورتی خۆم ناساند. دوای پشوویەک؛ ڕیکۆردەرە چکۆلانەکەم لە پێش کەمانژەنی یەکەمی تیپدا دانا. ئەویش کەمانە گەردن زراڤەکەی نایە ژێرچەنەی. ئەنگوستەکانی لەقامکی زەرییەکی پێست ناسک و نازدار دەچوون، لێڕاهاتبێ ڕۆژانە چەند جارێ بەکرێم بیانهەنوێ. سەرەتا بەپەنجەی شایەتومانی چەند دنگەیەکی لەژێی دووەم هەڵساند و قەدەرێک بەبادانی کلیل و کۆک کردنیانەوە خجڵ ما. هەر لەم دەرفەتەدا فلاشی کامێراکەم بۆ چرکەیەک ڕوخساری ڕۆشنکردەوە. ئەو هەروا خەریک بوو بەکەوان ؛ ختووکەی ژێکانی کەمانەکەی دەدا و دەنگی نیان و گڕو تیژیان لێوە بڵند دەبوو. ئەندامێکی تیپ ڕووی زەربەکەی کردبووە هیتەرە کارەباییەکە و خۆش خۆش لەپی پێدا دەهێنا. بەپرچی درێژی پەرژینێکی ڕەش و چڕی لەدەوری ڕووی تەنیبوو. تەنیا بەدەفەی شانیدا دەزانرا ؛ کە نێرینەیە. سێیەمیان، عوودەکەی وەک کۆرپەیەکی نازدار لەهەمێز نابوو؛ لەبان کورسییەکی تەختە بەدەم ژەنینێکی نامۆوە خۆی ڕادەژەند. ڕیکۆردەریش دەنگەکانی تۆماردەکرد. وێڕای ئەوەی سەرشان و ئانیشکەکانی چەرمپۆش بوون، دەیان دوگمەی زیوینی بریقەدار چاکەتە قاوەییەکەی کەمانژەنیان ڕازاندبۆوە. بەم شێوەیە دەرگەی پرسارم خستە

سەرپشت:

– ئێوە وەک کەمانژەنی تیپ، دەکرێ پێمان بڵێن داخۆ تیپەکەتان بەچەند گۆرانی و پارچە مۆزیک بەشداریی لەو ڤیستفاڵەدا دەکا، کەبڕیارە بەبۆنەی ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینەوە چێبکرێ؟ ئاوازەکان نوێن یان فۆلکلۆرن؟ ئەگەر نوێن، ئاوازدانەرەکان کێن؟ بەپێشبینی ئێوە کام تیپ پلەی یەکەم بەدەست دێنێ؟

– ناکرێ چاوەڕوان بن تا نەیژەنی مەزن دەگات؟

کەمانچەژەن هاوکات کەوانەکەی لەبان ژێکان دەجووڵاند و منیش بروسکەیی سەرنجێکی سەعاتەکەم داو وتم:

– بڕیار وابوو نەیژەن سەعات چوار بۆ چاوپێکەوتن لێرە ئامادەبێ. ئەوەتا چارەکێک لایداوەو...

– نەیژەن هونەرمەندێکی گەورەو بەتوانایە. دڵنیام لەو ڤیستفاڵەدا جێدەستی دیاردەبێ!

– بڵام نەیژەن نەهات!

– هیچی ئەوتۆ لەئارادا نییە. جار بەجارێک دوادەکەوێ. بەڵام خۆ ئەو شان لەشانی گەورە هونەرمەندانی جیهان دەدا!

– وەک بزانی دەخوێنێتەوە؟ مەشق دەکا؟

– بەڵێ بەڵێ بێگومان.

– کەواتە لەڕووی تیۆریشەوە شارەزایە. بڵێی لەماڵەوە ناماخانەیەکی چکۆلەی تایبەت بەخۆی هەبێ؟

– بەداخەوە نییەتی. ئێمە وەک تیپ، ستۆدیۆی دەنگیشمان نییە. خۆت دەزانی ئێمە تیپیکی نوێین!

– ستۆدیۆی دەنگ؟ چەند گرنگە؟! دەبوایە ئەوە پرسیارێکی من بێ،

بەڵام وا بۆخۆت درکانت. بەهەر حاڵ.. تاکو ئێستا نەیژەنی مەزن چی لەسەر موسیک و ئاوازی کوردی نووسیوە؟

– نانا. ئەو حەزی لەخۆ دەرخستن و سینگ هەڵکێشانی سەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان نییە. هونەرمەندێکی تەواو خاکییە. بەڵام (محیدین)ی هونەرمەند، موسیک زانێکی مەزنە!

– ببوورە، من هیچ ئاوازێکم بەناوی محێدینی هونەرمەندەوە نەبیستووە؟

– بیرت بێ نەیژەنی مەزن بەهێمنی کاردەکا. کەیفی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نییە. ئەو ئاوازی زۆرن، بەڵام هەموویانی لە سینگی خۆیدا پاراستووە!.. ئەو سینگی دەفتەرە. چاوەڕوانبە هاکا هات.

– چاوەڕوانیی هەتا کەی؟ بیست خولەک لەکاتی دیاریکراو لایداوەو نەیژەنی مەزن نەگەیشت!

– مەبەستم لەوەیە، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەودا تام و بەرامەی خۆی هەیە و بەدڵی ئێوەش دەبێ. ئەو لەبوای خۆیدا دەریایە دەریا!

– جاکە ئەو ئامادە نەبێ ئیدی چاوپێکەوتنی چی؟ – لەڕۆژانی ڤیستفاڵدا محێدینی هونەرمەند دەدرەوشێتەوە. لەوێدا بەدیاردەکەوێ چ خاوەن بەهرەیەکی گەورەیە؟ کارێزێکی تەقیوەو هەرگیز چکبوونی نییە!

– بریا بهاتابا !

– ئارام بەو کەمێ پشووتان درێژ بێ، پێچەوانەی هونەرەکەی، لە بەڵێن و پەیمانەکانیدا کەمێک لەدوایە، ئەویش شتێکی ئەوتۆ نییە بەخەوش بگیرێ، وانییە؟

– بەڵام من نامەوێ دوابکەوم. لەگەڵ شانزە تیپی دیکەدا چاوپێکەوتنم هەیە و فریاناکەوم!

– شانزە تیپ؟!

– بەڵێ شانزە تیپی دیکە، تەنیا لەم شارۆچکەیەدا.. ئەوا نەیژەنی مەزنیش هەر نەگەیشت!

– هەر نەیژەن نییە کە دواکەوتووە، بەڵکو لەکۆی پانزە ئەندامی تیپەکەمان، تەنیا ئەم سیانەمان ئامادەین!

– نازانی هۆی دواکەوتنەکەیان چییە؟ بەهەرحاڵ، من لەگەڵ محێدینی نەیژەندا چاوپێکەوتنم هەیە! مەبەستم ئەوەیە ئەوانی دیکە بەمن چی؟ خرژنی دەسکی دەرگەی ژوورەکە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشاو سنوورێکیشی بۆ ئەو گفت و گۆ ساردەی نێوانمان دانا. دەرگە قلێشایەوەو کەمانژەن بەدەنگێکی بەرزو زوڵاڵ وتی:

– مژدەبێ، کاک محێدینی، هونەرمەند، ناسراو بەنەیژەنی مەزن گەیشت!!

لەکوتوپڕی خرژنێ دەرگەو لە شێوەی هاواری کەمانچەژەن و کاردانەوەی ئەو هەموو پیاهەڵدانەدا، ناچارمام بەرزەپێ لەبەری هەڵسم. کاتێ نەیژەن خۆی بەژووردا کرد، دەستی چەپی بەزارییەوە گرتبوو. بینیم هەر پێنج پەنجەی دەستی چەپێ وەک بەچەپەجاخێکی تیژ خاشەبڕ لەبندا قرتابن، ئەو بێ پەنجە بوو!! سڵەمیمەوە و ساکام. پەنجەکانی زیاتر لەمۆمی سووتاو دەچوون و مابێتنەوە سەر کۆتەرەکانیان. وەک بەوچلەی زستانەو لە نائاگاییدا تەشتێ بەفراویان بەسەردا کردبم، پشووم توند بوو، زارم بستێ کرایەوە.. بەڵام نەیژەن وەختێ بۆ سڵاو دەستی ڕاستی بەزکردەوە، جوان دیار بوو، کە پەنجەکانی دەستی ڕاستیشی بەنێولەپییەوە نووسابوون، تەنیا پەنجە

کەڵەی بوو، وەک سەری تووتەی سیاومار دەجووڵایەوە. لەچاوەڕوان نەکراوی و کوتوپڕیی دیمەنەکە؛ بیرم چوو وەڵامی سڵاوەکەی بدەمەوە. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو لەحەشمەتی ئەوەی نەبادا خۆنەویستانە بیکەم بەهاوار، یان تێکەوم و وشەیەکی هەڵەم لەدەم دەرپەڕێ، توند هەردوو دەستم بەزارمەوە گرت. وەلێ ڕێک لەو هەناسەیەدا، نەیژەن دەستی چەپێ لەزاری دوور خستەوە؛ سەرسووڕمانەکەم زیاتر بوو، گەیشتە ئاستی ئەوقبوون ؛ کە دیم لێوی چون لێوی کەروێشک دووکەرتە!! دیمەنی نەیژەن زیاتر لە تاپۆی دەعبایەکی کێوی دەچوو بەددانی گڕو ڕیچەوە، بۆ سەر دوژمنەکەی؛ لەتافی هەڵمەتدا بێ. دەستم لەزارم خۆم بەردا. چاوی ئەبڵەقیشم بڕیبووە نەیژەن. دیاربوو، ئەم هەڵوێستە نامۆیەم سەرنجی کەمانچەژەن و ئەوانی دیکەی بەتوندیی ڕاکێشابوو. بۆیە هەر بۆ دڵنیایی و جەخت کردن لەگەڵ دوو ئەندامەکەی تیپدا، پێکەوە؛ وەک پێشتر لەسەری ڕێککەوتبن، لەسەر ڕیتم و ئاوازێک زاریان هەڵهێنایەوە:- محێدینی هونەرمەند. نەیژەنی مەزن گەیشت!! ئەوان ئەمەندەیان وت و چرک دوگمەکانی ڕیکۆردەرەکە هەڵسانەوە.

سلێمانی ١٤/١٢/١٩٩٥.

تێبینی: کاتی خۆی چیرۆکێکی (ناماقووڵ)م خوێندۆتەوە، ناوی نووسەرەکەیم لەیادنەماوە. باسی لە پرۆفیسۆرێکی بلیمەت دەکرد. جەماوەر لەهۆڵێکدا چاوەڕوانی دەکەن، بێت وتارێکیان بۆبدا. کاتێ پرۆفیسۆر دەگات(سەر)ی نییە. ڕەنگە نەیژەنی مەزن کاریگەریی ئەو چیرۆکەی لەسەربێ.

* ئەم چیرۆکە، لەلایەن نووسەری کۆچکردوو (حەمید ڕێبوار) ەوە،بۆ عارەبی وەرگێڕدراوە.

# ڕوونکردنەوەیەک

سەرەتای ١٩٩١ ئەم پێنج کورتەچیرۆکەم (پەریخان، ترەکتۆر، چەتر، گومان، کاکل بەدوای کاردا وێڵە)بەهۆی حەمەسەعی-ی برامەوە، لە چاپخانەی هەڵەبجەی وڵاتی سوێد، بەناونیشانی پەریخان و لەژێر ناوی خوازراوی (پشتیوان)دا، چاپ و بڵاوکردەوە. لەژێر ئەو نازناوەدا بڵاوم کردنەوە؛ چونکە ئەوی ڕاستی بێ ئەگەری ئەوە هەبوو بەناوی خۆمەوە بوونایە، منێکی مامۆستا، کەلەسلێمانی لەبەردەستی ڕژێمدا بووم، دووچاری لێپێچینەوەو لێپرسینەوەی زیاتر ببوومایە. چونکە تا ئەو ڕۆژەی ڕاپەڕین ڕوویدا ناوبەناو دەزگای ئاسایشی ڕژێم بۆ لێپێچینەوە بانگیان دەکردم و تەواو سەغڵەتیان کردبووم. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، لەو سۆنگەیەوە کە سەرۆکی دەستە کاتییەکەی (یەکێتی نووسەرانی کوردستان / لقی سلێمانی)ی سەردەمی ڕاپەڕین بووم. ئەو دەستەیەی لە ١٩٩١/٣/١٩ هەڵبژێردراو چالاکییەکی بەرچاوی هەبوو ئەوەندەی دی ئێسکم لەلای دەوڵەت قورس ببوو. جێی باسە حکومەتی عێراق لەئوکتۆبەری هەمان ساڵدا شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکی چۆڵکرد.* ئەگەر خوێنەر سەرنجی ناوەرۆکی چیرۆکەکانی (ترەکتۆر، گومان، کاکل بەدوای کاردا وێڵە) بدا، بەئاشکرا دیارە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارەن،کە کورد لەسایەی ڕژێمی بەعس دا دووچاری ببوو. دیارە چیرۆکەکان باسی چی دەکەن. وەختاییێ بڵاو کتێبەکەبڵاو بۆوە کەم کەس دەیانزانی ئەو نووسەرە ئەزم. هەربۆیە دەمەتەقێی نەهێنایە ئاراوە. وەکیدی بەتیراژێکی کەم چاپ بوو. ژمارەیەکی کەمیشی گەیشتەوە وڵات. دوای ماوەیەکی کورت لە بڵاوبوونەوەی، ئەوەبوو ڕژێم ناچارما لەکوردستان بکشێتەوە.

خۆ ناشوکری نەبێ ڕەخنە و توێژینەوەی ئەدەبی لەکوردستاندا

لەنرخی نەبووانە، دەنا لە چیرۆكی پەریخان دا، بەئاشكرا دیارە، كە بیست ساڵێك بەرلە ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ئاشكرابوونی فایلەكانی بەغدا، پێشبینی ئەوەم كردووە كە هەندێ بەناو سەركردە لەژێرەوە پیاوی ڕژێمی بەغدان. ئەوەبوو دوای ڕووخانی ڕژێم، پێشبینییەكەم بەڕاست گەڕا. ئەوانەش بەفایلڕەش ناسران و دەستیان كەوتەڕوو. ئەگەرچی پێشبینی نووسەران لەدنیادا گرنگیی زۆری پێدەدرێ، كەچی لای خۆمان كەسێ نەبوو ئاوڕێ لەم مەسەلەیە بداتەوە. جێی وتنە كاتی خۆی سیانیان وەرگێردراونەتە سەر زمانی فارسی و عارەبی. ئەم چیرۆكانە بەلای خۆمەوە زێدە ئازیزن و مایەی سەربڵندی و شانازیمن. بۆیە لەبەر ئەو هۆیانەی بروسكەیی ئاماژەم پێدان ئەمجارەیان بەناوی تەواوی خۆمەوە بڵاویان دەكەمەوە.

* ساڵی ١٩٨٥یش بەهەمان ناوی خوازراوی (پشتیوان)ەوە، نامیلكەیەكم بەناونیشانی (هونەر و مەسەلەكانی سەردەم)، كە بریتی بوو لە چەند لێكۆڵینەوەیەك لەمەڕ بارودۆخی ئەو سەردەمەی هونەری شێوەكاری كورد، لەسایەی بەعسی ناوزڕاودا، لەچیا بڵاوكردەوە. جێی باسە، وەك دەست پێشخەریی و مێژوو، ئەوە یەكەم كتێبە لەسەر هونەری شێوەكاری كورد بدوێ، و كوردێك لە باشووری كوردستان نووسیبێتی.

كۆبنهاون، فێبروەری ٢٠٠٥

# پەریخان

دەڵێن: (گـورگـێک بۆی هەیە ملی سـەد سـەر مـەڕ بشکێنـێ. بەڵام لەسەری سـەدهەمدا خۆیشی دەپسێ. گورگ هەرکە فیچقەو بازرەقەی خوێنی بینی، چاوی سوور دەبێ و هێزێکی ئەفسانەیی تێدەڕژێ.)

***

چەند هـەواڵێکی کـوتوپڕە کـاتێ دەیدا بەگـوێی خـەڵکی ئاواییـدا و دەرگەی هـەموو مـاڵێک دەقڵـیشـێنێتـەوە.. تـاشـەبەردێکە، لە کـلاوەی چیاوە خل دەبێتـەوە. دەنگ و دەنگدانـەوە بەرپادەکا و بەشـوێن خۆیدا وردە تاوێر و گڵـمتک خلۆردەکاتەوە.. دەوەن و بنچک دەشـێلێ.. هەتا بێتـە خوارتـر، وزە و خێرایی پتر دەبێ و لەسـەر سینگی چیاوە بەرەو گۆمی دێ؛ گـوڕ دەخـواتەوە و شـڵپ و هـووڕ دەیشـڵـەقێنێ!.. هەواڵەکە بروسکە و هـەورەناڵـەیەکـە، دڕ بەتـاریکی دەدات و بەتـوندیی پەردەی گوێ دەلـەرێنێتـەوە!.. جـووتیـار، پێـڵاو لەپێ هـەڵدەکـێشن و بەکـۆڵانە خـوارو خێـچـەکاندا بـەرەو بەرهـەیوانی مزگـەوت دێنەخـوار.. وردە وردە مزگەوت پەنگ دەخواتەوە.

یەکەم: نـەبووە و نابێ!.. بۆی هـەڵدەبەستن!

دووەم: ڕێبواری شوان لەکوێ و کاری وەها چرووک لەکوێ؟!

سێیەم: بەچاوی خـۆم بیبینم، هـێشتـا هـەر باوەڕ نـاکەم!.. ئەمـە کەی

ڕووی داوە و لەکوێ؟

چوارەم: جا بۆ بڕواناکەن براگەل؟.. پاش چی؟.. هەر لە یەکەم مەڕەوە، کە بەگورگان خوارد چوو، سمکۆ گومانی لێ پەیدا کردبوو!

باوکی پەریخان: دەک سەر بەدواوە نەهێنێ!.. هەرچی چۆنێک بێ بەچاوی خۆمان ببینین چاکترە!

سمکۆ: دەزانم ئەم هەواڵە سەختە بەگوێی زۆربەتاندا ناچێ.. ئەوەیش دەزانم، کە خەڵکی ئەم دێیە، هەتا کارەساتەکە بەچاوی خۆیان نەبینن نایسەلمێنن و ددانی پێدا نانێن.. دەفەرموون ئەوەی ئارەزووی لێیە، با بێت بیبەمە سەر هەوارگەی نوێی کاک ڕێبوار.. جێبەکە لە ئاواییە، هەمووی چەند ساتێکمان پێدەچێت.. بەڵام مەرجێکم هەیە!

هەموو: زووکە مەرجەکەت بڵێ..؟!

سمکۆ: دەبێ پەریخانمان لەگەڵدا بێ!

***

جێبە سپییەکەی دێ تەکان دەدات. لەبەر تیشکی خۆرەتاو دەبریسکێتەوە. بەشوێن خۆیدا گەڕداوێک گەڵای وەریو و پەپوولە پایزە گێژدەدا و پاشان بەئاسمانی بێ پەیدا بڵاویان دەکاتەوە. جێبەکە بێ وچان ڕێ دەبڕێ.. هەندێ جاران باسک و گردۆڵکەکان دەینێنە بان تەوقی سەریان، بڕی جاریش دەکەوێتە نەدیوی و دەرە و دۆڵەکان دەیگرنە ئامێز.. بڕێ جاریش دەشتە بەرینەکان دەیخەنە سەر لەپی دەستیان.

***

گوند نەوبووکێکە، شـانی داداوەتە سـەر سـینگی چیـا و پاو پووزی لەناو چۆم و سـەرچاوەکانی لای پاییندا هەڵکردووە.. ئاوی سـازگار و پاوەنی زۆر.. وەک لەبنەڕەتەوە بۆ دەوڵەت ڕاگـرتن و مـاڵیـات بەخێوکردن ڕسکابێ.. هەموو بەیانییەک خۆر بەپەنجەی زێڕینی خۆی، دەیان تابلۆی ئاویی گرانبەها دەکاتە گەردنی کەژەکانی پشتی دێ و بەلاپاڵ و سەهەندەکاندا هەڵیاندەواسێ.

ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت ڕێبوار ڕێی کەوتۆتە ئێرە.. خەڵکی ئەم گوندەش ڕێبواریان بەشوانی مێگەلەکەیان پەسند کردووە.. ئەو، هەر ئێوارەیەک و بۆ شێو، میوانی سەر خوانی ماڵە جووتیارێکە. ڕێبوار بەشمشاڵی کەمەر و توێشەبەرەی پشت و گاڵۆکی دەستییەوە، بەهاوکاریی گەماڵە دڕەکانی، شوانێکی کۆک و گاڵتە پێنەکراوە.. بەئاوازی شمشاڵەکەی، دەروونی چیانشینان لە ڕک و کێنە دەشۆرێ.. لەگەرووی شمشاڵەکەیەوە ئەفسوونێک دەڕژێ، بۆی هەیە لەوپەڕی هێمنیدا دەروونت بهێنێتە جۆش.. یان لە گەڕی ڕەشبەڵەکدا بتخاتە هاڕەی گریان و بانگ هەڵدان.

(ئەوی حەوت ساڵان شوان بووبێ بەهەشتییە. شوان لەدەشت و دەرە. عاشقی کێو و بەندەنە.. نە گۆشتی کەس دەجوێت و نەچاوی لە ماڵی خەڵکییە.. شوان پێیخۆشە خۆی برسی بێ و پەزەکانی تێر..)

ئەمە ڕای خەڵکی دێیە بەرامبەر بەشوان. ئەوە ماوەیەکە خەڵکی دێ، بەتایبەت بێرییان، سووسەیان کردووە، ئێواران کاتێ دەچنە مەڕدۆشین، ڕێبواری شوان وەک لە پێشوازیی ئازیزێکدا بێ، هەڵدەکاتە بان بەردەبێری و ڕووەو ئاوایی قامکان لەشمشاڵ دەبزێوێ.. بەڵام هیچ کام لەو ئاوازانە ناگەنە ئەوەی، کاتێ پەریخان

بەدیاردەکەوێ، فووی پێدا دەکا و دەیلەقێنێتەوە. ئەو ئاوازەیان تایبەکاری و دانسقەیە.. هەندێ دەڵێن سرووتێکە ؛ هەم ئاوازە و هەم هۆنراوە.. هەیە، یەکە بەیەکەی وشەکانی دەخوێنێتەوە.. هەوایەکی دڵنەوازە و بەزمانی شمشاڵ ؛ ڕاز و نیازێ دەگێڕێتەوە، نهێنییەکی بەرز و پیرۆزی لێ دەڕژێ..

پەریخان لای ئێواران؛ وەختێ دەچێتە نێو پەزان، ڕووی وەک مانگی چواردەی لێدێ، ئاڵ، بەدەوریدا خەرمانەی نوورێکی زیوین پەرژینێتی.. ئەگەرچی پەریخان تازە دەگاتێ، بەڵام لەو ئافرەتانە دەچێ، کەلەکتێبە پیرۆزە ئاسمانییەکانا ناویان دێ. پەریخان لەنهێنی ئاوازەکەی ڕێبوار حاڵییە!.. زۆر ئێواران بینیویانە، تەڵێ ڕێحانە ڕەشە، تەڵی نێرگز، یان گوڵەباخێکی خۆماڵی دەدات لەقژ.. بەڵام، کاتێ بەجامە شیرەوە دەگەڕێتەوە، گوڵەکەی بەسەرەوە نەماوە!.. دەڵێن:" پێشکەش بەڕێبواری شوانی دەکا" ڕێبواریش ئەوەندەی لە پەریخان دەچێتە پێشەوە و بەدەوریدا دێ، نێو ئەوەندە بەدەوری بێرییانی دیکەدا ناچێ.. دیویانە مەڕی بۆ دەگرێ!.. کاتێکیش تاریکی لەوەدایە باڵ بکێشێ، هەر شتە و بەوادەی خۆی.. هەرمێ کێویلە، هەڵەکۆک، کوارگ، گورزەیەک ڕێواس، بەدیاری دەداتە پەریخان. تەنانەت قسەی ئەوەیشی لێدەکەن: " پەریخان جامەدانییەکەی بۆ هەڵدەبەستێت." ڕێبوار یەکە بەیەکەی مەڕەکانی پەریخان دەناسێ و دەتوانێ بەئاسانی لە مێگەل بریان بکات.

– سوپاس ڕێبوار.. چەند چەپکێکی جوانە.. نێرگزی بناری چیایە!

– جا نێرگز چییە پەریخان؟. ئەم دەشت و هەڵەتە بەتۆوە جوانن. لە دەستم بێ، نێرگزی ئاسمانت بۆ دادەگرم..!

– نێرگزی ئاسمان؟.. مەبەستت لە چییە؟

– مەبەستم پێ ئەستێرەکانە! ئاخر پۆلە ئەستێرەش نێرگزەجاڕی ئاسمانن.. بۆم بکرێ تەڵ تەڵ بۆتیان چەپک دەکەم!– ئەڵڵا.. قسەکانت چەند خۆشن!!

– دەڵێم ئەم هاوینە بێتەوە، شەرتە شوانییەکەم وەردەگرم.

– جا نیازی چیت هەیە ڕێبوار؟

– بەنیازم زەماوەند بکەین پەریخان!

– دەزانی ڕێبوار، پێش ئەوەی خۆت بیدرکێنی، دەستە خوشکەکانم ئەم هەواڵەیان بەگوێمدا داوە؟!

– دیارە بەبۆچوونی ئەوانیش، وادەی هاتووە.. بەڵام ئەوەی کۆسپ بێ لەڕێگەماندا...

– هەیرۆ کۆسپی چی؟!

– سمکۆ!.. خۆت دەزانی ئەویش بەهیوایە.. چاویشی بەمندا هەڵنایە.

– ئۆ.. ئەویش وەک کوڕگەلی دێ ڕەنگە لە دڵی خۆیدا وەهای دانابێ و بەتەمای شتێ بێ. دەنا هیچ گفت و بەڵێنێکمان لە نێواندا نییە. لەم ڕووەوە دڵپەرت مەبە ڕێبوار.

– بەڵام سمکۆ شیر و تیرم لێدەسوێ.. بەشوێن ئەسڵ و فەسڵمدا دەگەڕێ.. شتی بچووکم بۆ گەورە دەکا!

– نازانم ئێوە بۆ پێکەوە ناتانکرێ؟! بڕوا بکە ڕێبوار، هیچ لە گۆڕێ نییە. ئەوەندە نەبێ سمکۆیش وەک ئەوانی دیکە لەدڵی خۆیدا بەنیازی

شتێکە، بێ ئەوەی هیچ گفتێکم پێدابێ..

– ئەوەت لە یاد بێ، سمکۆ لەوانی دیکە بەهەڵپەترە.. زۆرزانتریشە!

***

ئێوارایەکی ئاساییە.. ژاوە ژاو کەوتۆتە دێ. هەواڵێکی ناسازە و سەر بەکۆشی هەموو خێزانێکدا، بەمزگەوت و کانیی ژناندا دەکا.

یەکەم: چۆن دڵگران نەبم؟ ئایەو مایەمان ئەو مەڕانەیە!

ڕێبوار: گورگ تێیان کەوت!

دووەم: ئێمەیش دوو سەرمان دیار نییە!.. ئەی شوانمان بۆچی ڕاگرتووە؟

ڕێبوار: نەبووە بەباو، شوان گورگان خواردوو ببژێرێ، ئەگینا بۆم دەبژاردن!

سێیەم: بەرانێکی ئێمەیش جێماوە!.. ئەگەر بڵێی دەمی گورگیشم لێ بەستبوو.. بەڵام تازە باوەڕناکەم بگەڕێتەوە!

ڕێبوار: باوەڕ بکەن تەم و مژێک بوو، چاو چاوی نەدەبینی. نەخۆم و نەشێرە و نە گورزە پێمان نەزانیوە کەی و لە کوێدا گورگ پەلاماری داوین.

چوارەم: قەزا و بەڵایان بردبێ. بۆ لەمەولا ئاگادار بە، ئاگادار!

***

جێبەکە بەڕێوەیە.. سەرنشینەکانی پەرۆشی ئەوەن شوانەکەیان لە بارو دۆخی نوێدا ببینن. سمکۆ لە هەموویان پەرۆشترە و بەقسەی خۆی، دەیەوێ ڕووی ڕاستەقینەی ڕێبواریان پیشان بدا.. جێبی

مـــاندوو، برێ جـاران، كــاتـێ ڕووەو نشــێــوان دادێتــەوە، كــارێز و چومـەڵڵانان، بەدەسـتی تەڕیان ئاو پرژێنی دەكەن و فێنكی دەبێتـەوە.. كـاتێكیش هەوراز هـەڵدەكشێ، دارو شـەخسێكی چڕ لەسـەر ڕێیدا بۆ پێشوازی هۆبەی هەڵداوە.

***

ڕێبـواری شـوان، لەســەر جـێگەكـەی ڕاكـشـاوە و چاوی بڕیوەتە بنمـیـچــەكــە. وەك بیـر لەكـارێك بكاتەوە.. پاشــان دەست دەداتە شمـشاڵەكەی و فووی پێدا دەكا. خـەیاڵی دەفڕێ، گەلێ دوور دەفڕێ.. لەتەقەی دەرگەی ژوورەكەی وریا دەبێتەوە و شمشاڵەكەی دادەنێ:

– فــەرمـــوو وەرە ژووری، لە مـێــژە چاوەڕوانم! – ڕاســتــیت دەوێ قەدەرێكە لەلاتم!

– چۆن؟.. ئەی ئەوە نەبوو ئێستا لە دەرگەت دا؟!

– ئێستا لەدەرگەم دا، بەلام تاوێكە لەودیو دەرگەوە گوێم بۆ ئاوازی شمشاڵەكەت هەڵخستووە.

– دانیشە با ئەو ئاوازەت بۆ بژەنم، كە حەزت لێیە. – جارێ پێم بڵێ بۆچی لە دووت ناردبووم؟

– بەشــان و گــۆزەی ســوورەوە چەند جـوان بووی، كـاتێ ئێـوارە لە كانی دەگەڕایتەوە!!*

– سـوپـاس ڕێبـوار.. ڕەنگە هەر لە چاوی تۆدا بەو ڕادەیە جـوان بم، ئەگینا كچۆڵەیەكی ئاساییم.

– نانـا، زۆر ســەرو ئاســایی كــەوتووی!.. نابینی كــوڕگــەلی دێ بەئاواتی زەردەخەنەیەكتەوەن؟

– چ قەیدی خۆ من تەنیا یەکێکم لەو کوڕگەلە پەسند کردووە!.. هەر بۆ ئەوەندە بوو لە دووت ناردم؟ – وامەڵێ پەریخان. دەخوازم هەمیشە لەبەر چاوم بی.. دوای ئەوەیش دیاریم بۆ هێناوی.. دیاریی شوانیش..

– هەڵەکۆکە.. ئادەی بزانم؟!.. ئەی لە هەموو ڕێ و بانێک بەخێر بێیتەوە!

– ئەگەر بڵێی بەتایبەتی لەبەر ئەم گوێژە ؛ ڕانەکەم بەرەو بنار دایەبەر.. بنۆڕە دەنکەکانی چەند گەورەو گەشن؟!

– ئەڵڵا!.. دەڵێی گۆی زێڕن!

– لەوێشەوە بەلاپاڵە تەشوێ تاشەکەدا هەڵزنام.. لای سەراورد، توێژاڵێک بەفر بەچیاوەیە.. چەپکیکم لەم گوڵە سپییەش بۆ چنیت!

– ئادەی.. بەڵام ئەو شوێنە زۆر ئەستەمە ڕێبوار.. خۆت خستۆتە مەترسییەوە. ئادەی، کە جوانە!.. بەداخەوە بێ بۆنە.. دەزانێ ناوی چییە؟

– لای خۆمەوە نێرگزە پاییزەی پێدەڵێم.. جانازانم خەڵکی ناوچەکە چ ناوێکیان لێناوە.. تەمەنی زۆر کورتە.. لەژێر ڕنووە بەفرەوە شین دەبێ.. وەک دەبینی باڵایەکی کورتیشی هەیە.. شایانی باڵا بەرزەکەی تۆ نییە پەریخان!

– ئەو دیارییەی لەلایەن تۆوە بێ ڕێبوار گیان پێی دەگەشێمەوە.. خۆزیا تەمەنی کورت نەبووایە.. بریا باڵای بەرزتر بووایە.. لەگەڵ ئەوەشدا سەیرە!.. گوڵیش هەیە لەژێر ڕنووە بەفرەوە شین دەبێ.. نێرگزە پایزە!.. ناوێکی خۆشت لێناوە ڕێبوار!

***

– سەد بریا دایکت لە ژیاندا بووایە؟!

باوکی پەریخان ئانیشکی لەسەر سەرینە پەڕەکە هەڵبڕی.. ئەم وتەیەش لە کانگەی دڵییەوە سەری هەڵدا و بەگوێی پەریخانیدا دا.

– چۆن بوو لەم کاتەدا دایکمت هاتەوە یاد؟

– ئاخر ئەگەر دایکت بمایە، چاوی پێت ڕوون دەبۆوە.. هەر لەکچینی ئەویش دەچیت!

– باسی جوانی و ژیری دایکمیان زۆر بۆ گێڕاومەتەوە.. جاکوا بچوومایەتەوە سەر ئەو...

– وامەڵێ کچم، خوا نەکا بچیتەوە سەر ئەو!.. دایکت بەتەڕن تێدا چوو!

– ئۆی ئاژاوە و شەڕە دگل، لەم دەورو ناوە نابڕێ.. بریا نەکەوتایەتە نێوانیانەوە.. ئاخر ئافرەتێکی وەک دایکم لەکوێ توانای ناوبژیی ئەو لۆزەنگەرانەی هەیە؟

– تازە ڕۆی.. هەر زانیبووی ئەو دوو کوێخایە شەڕیانە، وتبووی" با خوێنی خەڵکی بێ تاوان نەڕژێ" ڕووی کردبووە مزگەوت و پەلاماری قورئانێکی دابوو، ڕێک بۆ ناوەڕاستی شەڕەکە، تا بکەوێتە نێوانیانەوە.. ئەوانیش سەنگەریان لەیەک گرتبوو.. هەر گوێشیان لێ نەگرت و کەوتە بەر دەستڕێژی هەردوولایان!.. ئەوە بۆیە وتم خوانەکا بچیتەوە سەر ئەو!

– دایکم لە خۆڕایی تیاچوو.. هەرەتی ژنێتی بوو، کاتێ بەجێی هێشتین!

– ئەو حەلە تۆ زۆر مناڵ بووی، باوەڕ ناکەم بێتەوە یادت. دەزانی

دوا قسەی چی بوو، پەریخان؟

– بۆت نەگێڕاومەتەوە.

– " ئەمـانەتی تۆو پـەریخـان" ئەوەنـدەی وت و وەک گـوڵەبـەڕۆژە ملی لارەوەبوو.. بەم پەنجـانەم چاوە گـەشـەکـانیم داخـست. ئەگـەر بڵـێی نەبزڕکابوو.. دەتگوت تازە لە گەرماو دەرهاتووە!.. ئاخ.!!

– بەداخـەوە بابەگـیـان.. مـەرگی دایکم زامێکی هەمـیشـە نوێیـە و سارێژ نابێ!

– ئێستـەیش کچم خۆت سـەرپشک بە. ئەوە ڕێبـوارە و لەبەر چاوتە. هیچ زۆرم لەسـەرت نییـە. ئەوەیش سـمکۆ.. بۆ مـەسـەلەی سـمکۆ، باوو باپیری دەناسم و پێکەوە لەم دێیە ژیاوین. بەئێمە نامـۆ نییـە.. هـەرچی ڕێبواریشـە بەهـەڵس و کەوتیا دیارە چۆن کوڕێکە.

– بۆچی ئافرەت چەند جار هاوسـەری خۆی دیاری دەکا؟

– دەچاکە.. کەواتە ئەمە دوا قسـەتە و ڕات لەسـەر ڕێبوارە!

– بەڵی دوا قسـەمە بابە.. ئەرێ ئەو هـەرا و زەنایە چییە؟!

– وەکو هـەراکـە ڕووەو ئێـرە بێ وەهـایە.. کـوا پێـڵاوەکـانم با سـەرێک بکێشم!

– ئەوە پێڵاو .. ها فانۆسـەکەیش با پێت بێ.

– نایبەم، چۆن تۆ بەتاریکی بەجی دێڵم؟

– ئەم گۆچانەیشت باپێبێ بابە.

***

یەکەم: دووعامان لێ گیرا بووە!

دووەم: لە غەیبەوە بۆیان دێن.

سییەم: سەرم لەم کارە دەرناچێ.. مەتەڵێکە و بەکەس هەڵنایەت!

سمکۆ: نە دوعامان لێ گیرا بووەو نە لە غەیبیشەوە بۆیان دێن.. ئەگەر مەتەڵیش بێ هەر دەبێ هەڵبێت.

باوکی پەریخان: لەسەر خۆ بابە گیان لەسەرخۆ.. دیسان چی ڕوویداوە؟

یەکەم: بەرانێک و دوو سەر مەڕی سمکۆ نەگەڕاونەتەوە!.

ب. پەریخان: بەداخەوە کوڕم ڕێبوار تۆ چی دەڵێی؟

ڕێبوار: منیش زۆرم پێناخۆشە مامە.. تەم بوو. خۆت دەزانی گورگ لەتەمدا فرسەت دێنێ.

سمکۆ: وانییە.. تەم نەبووە.. تەم دوای باران یان هیچ نەبێ دوای بەفر پەیدا دەبێ.. ئەوە بۆ هەفتەیەک دەچێ تنۆکێک چییە باران نەباریوە.. کلوویەک چییە بەفریش لەپادەشت نەباریوە!

یەکەم: پشتاو پشتی ئەم دێیە کارەڕەهاتی وەهایان بەخۆیانەوە نەدیوە!.. وا ڕانەکە قڕی تێدەکەوێ.. بۆ خاتری خوا خەڵکینە چارێک؟

دووەم: ڕانی ئەم دێیە بەنامێ بوو!

سێیەم: هەرچی چۆنێک بێ، ئەم کێشەیە بەهێمنی چار دەکرێ!

سمکۆ: خۆ هەر مەڕی من نییە.. سێ سەر مەڕی پیرەژنێکیشە.. هەمووشیان مەڕی دووگ شۆڕن. لەم کارەساتەیشدا تەنیا یەک کەس پەنجەی گومانی بۆ درێژ دەکرێ!

ڕێبوار: بەقسەکانی تۆدا کاک سمکۆ، وەها دەردەکەوێ خۆم سەرم

بڕیبن، وانییە؟

چوارەم: هەق بەسمكۆیە.. بەلای كەمەوە، بۆی هەیە پێت بڵێ: شوانێكی كەمتەرخەمی!

ڕێبوار: بەڵایەكە و تووش بووین.. لەپێش هەمووتانەوە ڕیشی خۆم دەگرێتەوە.

سمكۆ: ئاخر ڕان هەرچیەكی بەسەر بێ شوان لێی بەرپرسیارە ڕێبوار.. باوكی پەریخان ئێوە دەمسپیی دێن.. پێویستە زیاتر بەتەنگەوە بن. ب. پەریخان: جا مەبەستت چییە سمكۆ؟ خەوی لێكەوتووە؟

سمكۆ: لەوە خراپتر!!

ب. پەریخان: لەوە خراپتر دەبێ چیبێ؟.. خۆ سەری نەبڕیون؟ سەری بڕیون؟!.. گریمان سەریشیان ببڕێ. مەڕێك سەروزیادە.. ئەو بەجارێك شەش سەر دیار نییە!!

سمكۆ: ئاخر ئەگەر گورگیش بێ، خۆ دەبێ جاریك ملی مەڕە لاتێك بشكێنی؟!.. ئەو هەر بەران و مەڕی دۆشەنی و دووگ شۆڕ ناگەڕێنەوە، هەی بێ بەڵابی باوكی پەریخان!

چوارەم: ئەم ماستە موویەكی تێدایە!

ڕیبوار: لەوانەیە ورچ بیانبات، كێ چووزانێ؟

سمكۆ: دەبێ تۆ بزانی. تۆ شوانی.. تۆ لەمەڕی ئاوایی بەرپرسی.. ئەگەر ئەم ماستە موویەكی تێدا نییە، بۆچی چەند جارمان داوامان لێكردی ئەم مێگەلە زۆرە، بەشوانێك بەڕێوەناچێ، با یەكێك یارمەتیدەرت بێ، كەچی تۆ قایل نابیت و دەڵێی: شێرە و گورزەم

بەسن؟!

سێیەم: ئەم قسەیە تەواوە.. ڕێبوار لە پێشی مێگەلەکەوە بڕوات، ئەوی دیکەیان مێرد منداڵێکیش بێ هەر چاکە. لەدواوە ئاگای لێیان دەبێ.. شێرە و گورزەیش با بەچوار دەوردا بێن و بچن.

دووەم: چوار چاو باشتر چاودێری پێدەکری وەک لە دوو چاو.

سمکۆ: ڕێبوار بەوە قایل نابێ.. ئێوەش قسەی تێدا ناکەن، ئەوا بۆخۆی ڕانی ئاوایی بەقرچوو!

ڕێبوار: دیارە سمکۆ. تۆ هەر دەتەوێ تاوانبارم بکەیت. ڕاوەستە بۆم!

سمکۆ: بەڵی، تۆ ناپاکی لەگەڵ خەڵکی دێدا دەکەی.. وەرە هەی ناپاک!

سمکۆ و ڕێبوار چنگاوشی یەک دەبن.. خوێن بەپەلە دەکەوێتەقوڵپدان. هەنگاوەکان خوار و خێچ و بەدەوری یەکدا دێن و دەچن.. باسکەکان بەتوندی تێکدەئاڵێن.. پەنجەی هەڕەشە لێک ڕادەوەشێنن.. با، دەنگەکان دەشێوێنێ، دەیانبات، بەگوێی خەڵکی دێیاندا دەدا و دەرگەیان دەقڵیشێنێتەوە.. هەندێک گوێ مووچی هەواڵن، سەردەکێشن و هەندێکی دی بەدەم هەراکەوە دێن.. باوکی پەریخان گۆچانەکەی بەرزدەکاتەوە، دەکەوێتە نێوانیانەوە و جیایان دەکاتەوە.

ب. پەریخان: کوڕینە گوێ بگرن:

یەکەم: گوێ لە دەمسپیی دێ بگرن..

ب. پەریخان: ڕۆڵە ڕێبوار، ئەمڕۆ ڕانەکەت هەتا کوێ برد؟

ڕێبوار: دۆڵی سوورەچنار و دارستانەکەی بەربنار.

ب. پەریخـا.: دەفـەرموون، چەقـۆ بەدەست، خـەنجـەر بەقـەد، تفـەنگ بەشـان.. بەتاریکی نا، چرا و لۆکس بێنن.. ئەمـشـەو هـەردەبێ سـاغی بکەینەوە!.. با ڕێبوار لەناو دێ بێ!

دووەم: کێومالّە؟

سێیەم: جا بەم شەوە و کێومالّ؟!

ب. پەریخـان: بـەڵێ کێـومـالّە و بەم شـەوەیش! سـمکۆ: زۆر چاکە با ناوی خوای لێ بێنین.

چوارەم: با ئەم گرێ کوێرەیە بکرێتەوە.. با بەس مێگەلی دێ غایلەی شەوو ڕۆژمان بێ.

سـمکۆ: ئەگەر گورگ، یان هـەر دەعبایەکی دی، لەمێگەلەکەی دابێ، خۆ دەبێ شـوێن پێیان بەعەردەکەوە دیار بێ.. یان هەر هیچ نەبێ، خۆ دەبێ قـوڵاخی مـەڕێک بدۆزینـەوە؟!.. یان ئەوەتا گورگی دوو پێمـان پێ فێربووە!!

***

پەریخـان لێوەکـانی وشک هەڵاتوون.. بی خـوڵک و هێـز.. بەدەم زیندە خەوەوە، لـەسـەر جێگەکەی تل دەخوات.. یـادگارەکانی والّا دەکـاتەوە: " لێم بەگومانە، بەڵام وەک بیستوومە هەموو دڵداریێ تادەگاتە دڵبەرەکەی لێی بەگومـانە، پاشـان وردە وردە تەمی خانە گومانیی دەڕەوێتەوە.. جا کـوا من بـەینم لەگـەڵ کـەسـێکی دیکەدا هـەیە، یان هەبووە، غـەیری ڕێبـوار؛ مـەگـەر ئەو جـارە نزیک چەمی گـەورە، چەمـەورە، ئەویش بەڕێکەوت من لە پـەرێز و سـمکۆ لەڕاو دەگـەڕایەوە، ئیدی ئەوەبوو، بوو

بەهاورێم و قسـەی بۆکـردم، وەک بێتـەوە یادم بەدەم ڕێوە وتی ئەوە ساتەوەختێکە پەریخان لە دیار ئەو گۆمە دانیشتووم، تۆش بەگۆشت و خوێن و ئێسکەوە بەڕووت و قووتی، پرچت تەڕو، بەپشت و سینەتەوە دەنووسێ، بێباک بەپێش چاومدا دێیت و دەچی، بانگت لێدەکەم و ئاوڕ نادەیتەوە، وەکو تریش شەرمم لێ ناکەیت و مێش میوانت نییە؛ لەبەر چاوم شلّپ و هووڕ مەلە دەکەی، ئەمجا وەک شەڕەئاو لەگەڵ کەسێکی ئازیزدا بکەی، ڕووت و قووت و دڵشاد، بەهەر چوار لادا دەکەویتە ئاو پرژاندن، قاقا پێدەکەنی، چاوم دەگلۆفم، سەر هەڵدەبڕم، بالآی لوتکەکەی بەرامبەرم دەبێتە بالآی تۆ، یان بالآی تۆ دەبیتە چیایەکی بلّند، پرچت دەبێتە گەلآی دارەبەن و بای خاو دەیشەنێ، زۆری پێناچێ، لەپەنا هەر زنارێکدا، لەتەنیشت قەدی هەر پیرەداربەڕوویەکدا، لەسایەی هەر دەوەن و شەخەڵێکدا، لە بوودڕ و کەندالڵدا، ڕوخساری تۆ سەردەکێشێ، تەروو، بەوز، بەلەک، نەیجە، دەبن بەتۆو دەبنەوە بەخۆیان، قسەکانی سمکۆ هەر ئەوەندە بوون، من ورتەم لەدەم دەرنەهات، ئیستاش ڕێبوار لێم دڕدۆنگە، بەلآم گومانم هەیە، وەکو تریش،کە ڕێی کەوتە ئێرە، زوو جێی لە دڵما کردەوە، گفت شیرین، سیما جوان و ڕێک، هەر کاتێکیش خەم شالآوی بۆ هێنابم، خۆم داوەتە بەر شەپۆلی ئاوازی شمشاڵەکەی، کەچی ئەوەتا وا خەریکن تاوانباری دەکەن، سمکۆیش چەند لاوێکی پشوو درێژە، چەند لەسەر ڕای خۆی سوورە..."

لەپڕ دەستێک لە دەلاقەی دەرگەکەوە دێتە ژوورێ!.. زەق چاوەکانی دەکرێنەوە و هەناسەی ڕادەگرێ. بەپشوویەکی نیوە خنکاوەوە ڕادەپەڕێ:

– کێیە ئەوە؟!

– منم کچی شیرینم، مەترسێ!

– ئەی بۆ لەدەرگەت نەدا؟

– ویستم بەئاگات نەهێنم.. وتم با بۆخۆی بنوێ.

– خەوی چی بابە گیان؟.. لە ئێوارەوە تەواو لەمەراقدام.

– نانا، بیر لە ڕووداوی ناخۆش مەکەرەوە.

– باشە بیری لێناکەمەوە.. ئای بابە ماندوو نەبوونیشم نەکردی.. هیچتان بۆ ساغ بۆوە؟

– چی بڵێم کچی شیرینم.. نازانم.. بست بەبستی دۆڵی سوورە چنار و دارستانی بەربنارمان تاقیکردەوە.. نەقوڵاخی مەڕێکمان دی نەشوێن پێی دەعبایەک.. کەروێشک مەڕ دەخوات؟

– کەروێشک و مەڕ بخوات؟.. کەروێشک پووش خۆرە بابەگیان.. گیاندارێکی بێ دەسەڵاتە بابەگیان.!

– دەسا شوێن پێی کەروێشک نەبێ، هیچی دیکەمان نەدی.

– ئەی گوایە ئەم مێگەلە بۆچی وا قڕی تێدەکەوێ؟!

– ئا، بیرم چوو پێت بڵێم، شوێن تایەی ئۆتۆمبێلێک دیارە. هەتا دارستانەکەی بەربنار هاتووە!

– شوێن تایەیەی نوێیە؟

– بەڵێ، لەوە دەچێ هی ئەمڕۆ بێت.. ئائا، شوێن تایەکان نوێن!

– بەڵام ئەمڕۆ ئۆتۆمبێل نەهاتۆتە ئاوایی.. مەگەر جێبەکەی لای

خۆمان..

– ئەوڵای شوفێر دەیگوت:" ئەمڕۆ لەدێ دەرنەچووم."

– دەبێ ئەو ئۆتۆمبێلە بۆ ڕێی کەوتبێتە ئەوێ؟.. بەربنار لاڕێیە و سنووری دێی خۆیشمانە!

– سەیرە!.. ئێستا، کە هاتمەوە سەرێکم بەلای ڕێبواردا لارکردەوە.. وتم لەوانەیە بزانێ ئەو ئۆتۆمبێلە بۆ ڕێیکەوتۆتە بەربنار؟!

– ئێ بابە. ئەی ڕێبوار چی وت؟

– لەوێ نەبوو کچی خۆم!

– ڕێبوار لەوێ نەبوو؟.. ئەی بەم شەوە لەکوێیە؟!

***

خۆر ڕمێ بەرزەو ڕێبواری شوان شوێن و هەتری دیار نییە.. مەڕ، قاڕە قاڕ و باعە باع، وەربوونەتە کۆڵانەکانی ئاوایی.. شێرە و گورزە، بەبەر دەرگەی ژوورەکەی ڕێبواردا دێن و دەچن و ماخۆڵانیان پێکەوتووە. نووسکە نووسکیانەو بۆن بەدەرگانە و ژوور و حەوشە و بانەوە دەکەن. دەقرووسکێنن و لووت بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕن. کلک لە نێو گەڵ، بەدەوری یەکدا دەسووڕێنەوە.. خەڵکی گوندیش بەلەز ڕووەو بەرهەیوانی مزگەوت هەنگاو دەنێن!

چوارەم: شوان ئەگەر سەر نەنێنە سەری و زویری نەکەن ناتۆرێ.

– شوان ئەگەر شەرتە شوانیی نەخۆن ناتۆرێ.

دووەم: ئەی گوایە شوانەکەی ئێمە ڕووەو کوێ چوو، لەسەر چی تۆرا؟!

یەکەم: ئەگەر نەختێ شێتەیی بین، وەڵامی ئەم پرسیارە دەزانین.

سمکۆ: دەمخۆش!

ب. پەریخان: ئەرێ دوێنێ، بەنیازی داربڕین. کەس ڕێی نە کەوتۆتە دارستانی بەربنار؟

سمکۆ: دوێنێ هەینی بوو. خۆت دەزانی ڕۆژی هەینی جووتیار دار نابڕن.

ب. پەریخان: بیرم چوو دوێنێ هەینی بوو. وتم بزانم کەس ئەو ئۆتۆمبێلەی بەربناری لە نزیکەوە نەدیوە؟

سمکۆ: ئەو ئۆتۆمبێلە جێی سەرنجە!.. بۆچی بەڕۆژی هەینی گەیشتۆتە بەربنار؟ ئاخر بەربنار چی لێیە؟!

یەکەم: لەوە دەچوو ماوەیەک بێ کرابێ بەڕێگە!

دووم: مەبەستت چییە؟

ب. پەریخان: دەیەوێ بڵێ: ئەمە یەکەم جار نییە ئۆتۆمبێل بگاتە ئەو بنارە!

سێیەم: ئەی چارێک بۆ مێگەلەکە نەدۆزینەوە؟.. گریمان ڕێبوار نەگەڕایەوە؟!

ب. پەریخان: ئەمڕۆ هیچ.. لە سبەینێوە دوو زەلام بەکرێ دەگرین.

چوارەم: کێ دەڵی سبەینێ، یان هەر ئەمرۆ ڕێبوار ناگەڕێتەوە؟

یەکەم: لەوەدەچێ لەو پێکدا هەڵپژانەی دوێنێ شەو دڵگران بووبێ.

دووەم: با هەر لە خۆمانەوە تفەنگ بەتاریکەشەوەوە نەنێین.

سمكۆ: شتێكتان بیرچوو باسی بكەن!

ب. پەریخان: دەفەرموو، ئەوەی بیرمان چووە تۆ بیری كوڕگەلی بخەرەوە.

سمكۆ: لەبەربنار، لەو جێیەدا، كە ئۆتۆمبێلەكە وەستاوە، شوێن سمڵۆچكی مەڕێكی زۆر بەعەردەكەوە دیار بوو.. شوێن پێی زەلامیش.. لەوە دەچوو دوو كەس بووبن!

ب. پەریخان: تێبینییەكی وردە.. لەبەرچی ئەو هەموو مەڕە لەو ئۆتۆمبێلە كۆ بوونەتەوە؟.. ئەی ئەو دوو كەسە كێ بوون؟

***

جێبەكە گەیشتە شار.. شاری جوان و جەنجاڵ و بەدەنگ و هەرا.. دوای چەند جارێک وەستان و بادانەوە، هەوراز بەڕاستە شەقامێكدا ڕێی گرتەبەر پاشان لەكەناری شەقامێكی خاوێنی هەردوو بەر بەدرەختی بەرز ڕازاوەدا كەناری گرت. سەرنشینەكانی ڕژانە سەر پیادەڕەوی شەقامەكە.. پەریخان دڵەكوتێ و پەرێشان حاڵیی پێوە دیارە.. بازنەی شین دەوری چاوە نیرگسییەكانی تەنیوە.. یەک لەباری پەریخان ئەم گەشتە لەناكاوەی شار و بۆ ئەم مەبەستەی ؛كە ڕۆژی لە ڕۆژان بێری لێ نەكردبۆوە، ئەزموونێكی سەختە.. باوكی لە دەستێكییەوە، سمكۆ لە دەستەكەی دیكەیەوە، سەرنجی ماڵێكی بەرامبەر دەدەن.. سمكۆ بەهێمنی دەستی دەهاوێتە سەر شانی پەریخان و دەڵێ:

– ئەم كۆشكەی بەرامبەرمان دەبینی؟

– دەیبینم.. خۆ گلاراوم نییە!.. چۆن بەپۆل؛ كۆترە شینكەی كێش

کردووه، ئاوەهـایش سـەرنجی خـەڵک بـەلای خـۆیدا دێنێ!.. ئا دەیبـینم سمکۆ!

ب. پەریخـان: قـەڵایەکە و لە تەخـتاییدا هـەڵچووە! سمکۆ: ئێوە بۆ دیواری مەڕمەڕ تێگیراوی بڕوانن. سەرنج بدەن چۆن لەودیو ئەو کورتە درەختانەی حەوشەکەیەوە بەرجەستە دیارە؟ پەریخان: سێ نهۆمە.. ئەم تەلارە لە کوێ و خانووەکانی دێی خۆمان لەکوێ؟!

سمکۆ: پەلەت نەبێ ئێستا خاوەنەکەیشی دەبینی.. هاکا پەیدابوو!

پەریخان: چووزانی؟

سمکۆ: ئاخر ئەو سووپەرە شینە کاڵەی بەردەرگە هی ئەوە..!

پەریخان: دەڵێی ئێستا لە کارخانە دەرهاتووە!

ب. پەریخـان: دەبریسکێتەوە.. نابینی وێنەی هامـشۆکەران، دار و دیوار، هی کۆشک و تەلاری دەوروبەری تێدا پەرچ دەبێتەوە؟.. نەختێ لێی بچیتە پێشتر وێنەی خۆتی تێدا دەبینی!

سمکۆ: ئاوڕیک لە جێبە سپییەکەی گوند دەداتەوە و دەڵی: چۆنە لەگەڵ جێبەکەی دێ؟

پەریخان: ئاسمان و ڕێسمان!

لە قـووڵایی کـۆشکەوە، لاوێک، بەڕانک و چۆغـەی شـینکییەوە دەرکـەوت. کـراسی ڕەش و پشـتوێنی ڕەش.. قـژی بۆدواوە هەڵداوەتەوە.. ئەو وا خـەریکە دەگاتە چەقی دەرگە گـەراجییەکەیان.. خـەڵکی گـوندیش، لە پیـادە ڕەوەکـەوە دادەبەزنە سـەر ڕاسـتە شـەقامـەکـە.. لاوەکە بەلای چەپ و ڕاستی خـۆیدا دەڕوانێ و ئەمـان نابینێ. سویچی ئۆتۆمبێلەکە لە باخەڵی دەردێنێ و ئەنگوستیلەی زێڕ،

لەپەنجەیدا دەدرەوشێتەوە... پەریخان وەک لەنێوان ئاسمان و زەویدا قەتیس مابێ، نە ئەوەیە ئاسمان هەڵیلووشێ و نە ئەوەیشە زەوی قووتی بدا.. سەری لە گێژەوە دەچێ.. لە چرکەیەکدا، ئاواز و ڕاز و نیازە هەنگوینییەکانی دینەوە یاد و هەموویان لە لووتیەوە دێنەوە دەر و لێی دەبن بەژەقنەبووت. "جا نێرگز چییە پەریخان؟.. ئەو دەشت و هەڵەتە بەتۆوە جوانن.. نێرگزی ئاسمانت بۆ دادەگرم.. بەنیازی ئەوەم زەماوەند بکەین پەریخان.. نێرگزە پاییزە."

یەکەم: چەند کۆتاییەکی دڵپروێنە؟!

دووەم: دێتەوە بیرتان، کە گەیشتە دێ کەس نەیدەناسی؟

سێیەم: بەڵام هەموو سامانی دێتان نایە بەردەست!

چوارەم: کلیلی گوندمان دایە دەست. ئێمە گێل بووین.. نەچووبووینە بنج و بناوانی.. کوێرانە متمانەمان پێکرد!

یەکەم: کە هاتە دێ، سەلماندی بەتوانا و زیتە.. نیشان شکێنە.. سمێڵێکی ڕەشی پڕی هەیە.. ئاوازێکیشی بەشمشاڵەکەی دەژەند بەردی دەکرد بەئاو و دڵی دەتاوانەوە!

دووەم: بەدەم و پلیش بوو!

سێیەم: وەنەبێ هەموو گێل بووبین.. ئەوە نەبوو، هەرکە یەکەم مەڕی دێ خورا، سمکۆ گومانی لا پەیدا بوو.. هەر سمکۆمان تێدایە وریا بێ.. ئەو نەبووایە ئێستایش نوقمی دەریای بێ ئاگایی بووین.

ڕێبوار دەرگەی سووپەرەکەی دەکاتەوە.. یەکسەر سەردەکەوێ.. سویچەکە دەباتە پێش.. دەمودەس سووپەر پێدەبێ.. لە ئاوێنەکەی پێشییەوە بۆ دواوە دەڕوانێ و پەریخان دەبینێ.. مچوڕکێک، وەک

لەپرێکدا شــێــرێ بەرەورِووی هـاتبێ؛ رِایدەچڵــەکـێـنێ و دەســـتی بەستێرنەکەوە گۆج دەبێ.. دەستی راستیشی بەگێرەکەوە لکاوە.. باوکی پەریخان و ژمارەیەک جووتیاری گوند لێی وەپێش دەکەون و دیقەتی دەدەن.. سمکۆ پێشەنگیانە.. تەیمانێک لە مرۆڤی ئەوق بوو لە چوار دەوری بەرزدەبێتەوە..

ناحەزانە بۆی دەڕوانن.. لە چاویانەوە تیشکێکی بەهیز هەڵدەکات.. جل و بەرگ و گـۆشت و ئێـسکی رِێبــوار دەســمێ و دیوی ناوەوەی دەخاتە ڕوو.. دوو ڕست فرمێسکی گەرم بەبان گۆناکانی پەریخاندا دەخزێن.. بازنە شێنەکانی دەوراندەوری چاوە نێرگسییەکانی زۆرتر و تێرتر دەبن.. کەس هیچ ناڵێ.. وەستاوو نتم لێی ڕادەمێنن.. ڕامانێکی بێدەنگ، تژییە لە تانە و داشۆرین و بەرەورِووبوونەوە و لەقافا گرتن.. نە ئەوەیە باژوێ و لە وزەی ئەو گوورزە تیـشکانە دەرباز بێ، کـە لە چاویانەوە دەردەپەڕن و ئەمــدیواودیو دەیســمن. نە توانا و ڕووی ئەوەیشی هەیە بەخـێـریان بێنێ.. ئەو بەجـارێک ناخ و مـێـژووی وا لەسەر ئەو ڕاستە شەقامە کەوتووە و ئاشکرا بووە.. لەهیکرِا ئارەزوو دەکـات باژوێ، تاکـو لەم تەنگانەیەی تێیکەوتووە ڕزگاری بێ. وەلی چەند دەکۆشی و پەلەقاژەیەتی، کەچی قاچەکانی ناگەنە کلاج و برێک و بەنزین.. سـەرنجی گـەڵ و هەژگی خـۆی دەدا و لەرزی لێـدێ.. بوون بەگــەڵ و هـەژگی گــورگ و دەســتــەکــانی بەچنگ کـۆتـاییــان دێ.. لاقـەکـانیـشـی هەر بوون بەلاقی گـورگ.. هـۆپێکی لەخـۆ زانی لەسـەر کوشنگەکە هەڵتروشکاوە.و دەمـرێنێ..کاتێ لەئاوێنەکەوە سـەرنجی ڕوخساری خۆی دەدا؛ دەبینێ کەللەیەکی سێگۆشەی تیسکنی پێوەیە، بەلمۆزێکی ڕەش کۆتایی دێ کەڵبەکانی تیژ و درێژ.. خێرا خێرا زمانە

ســـــوورەکـــــەی دەردێنـی و دەیکاتـەوە بـەناوا و دڵۆپ دڵۆپ لیکـی لێـدەچۆڕێ.. گورگـێکی برسـی لەناخیـدا دەلوورێنـێ.. لـەپەسـتـا چاوە ڕەشـە تۆخـەکانی دەکاتەوە و دەیاننووقـێنێ.. مرۆڤـەکانی چواردەوری بۆی دەڕوانن.. بەڵام ئەو ناوبەنـاو سەرنجی هەرە نـاسکتیـرنیـان دەدات و لیک دەڕژێنـێ.. جـارێکی دی لـە ئاوێنەکـەی بەرامبـەرەوە دەڕوانێتـە خۆی.. گوێچکە قوت و تیسکنەکانی بەر بنمیچی سووپەرەکە دەکەون.. لە دواشەوە کلکێکی بۆری تیسکن و درێژی لێڕواوە، بۆ ئاستی کەللەی هەڵگەڕاوتەوە.. دەسـتـەکـانی کـە دوو چنگی تیـژی خۆڵـەمـێـشین. نە گێڕیان بۆ دەگۆڕدرێ و نە ستێرنیـان پێدەگیـرێ.. سینگێکی لەچاو لەشـدا پان و دەسـتی بەهـێـز.. چاوەکـانیـشی هەرچی نیگای سـۆز و خۆشەویستیی بێ تیایاندا کوژاوەتەوە.. بەڵکو پریشکی قین دەبارێنن..

هـەرچۆنـێ بێ دەرگـەکـەی کردەوە و بـەچوار چنگۆڵە دابەزی.. لەلای خـەڵکی دێ، ڕاسـتـە شـەقـامـەکـە زەرد هـەڵدەگـەڕێ و دەبێتـە پاوەن.. مـێگەلی دیی تێدا دەلەوەڕێ.. لـەپڕ دەبێـتـە کـەوەڕۆژ و پەلە هـەورێکی چڵکن خـۆرو سـامـاڵ دەشـارێتـەوە.. پەزیش دەمیـان ژەندۆتە پووش و سرووت. لەپر گەلەگورگ، لەودیو کێف و زورگـەکانەوە سـەردەکێشن. سـەرەتا هـەر لمۆزیان دیارە!.. ئەمجـا بەئـاگـاو سـرک دێنە پێشـەوە و ئیسـتێک دەکەن و مێگەلەکە تاقیدەکەنەوە.. چەند جـارێک لمۆز بەرەو ئاسـمـان هـەڵدەبڕن.. ئەمـجـا بـەچوار کەناردا چاودەگێـڕن.. ئێسـتـا سینگیـان بەبەرزییەوە دیارە.. دابەش دەبن و هـەر سیـان چوارێکیان لە قۆڵیکەوە لاتریسکە دەبـەستن. مێگەل لە لەوەڕ دەتۆرێن.. کـەس باس و خواسی هـەڵمەتـی گورگی بەگوێی مەڕدا نەداوە، کەچی کاتێ بۆ یەکەم جـار لـە نەدیوی و نـەناسـی بـەرەوڕووی دەبێـتـەوە، قـەڵەمـی دەست و

ئەژنۆی دەشکێ و پێدەزانی ئەو گیانداره دوژمنی قەستی سەره.. مێگەل دەرەونەوە.. ڕێبوارییان لەناودایە لیک لەلغاوەی دەچۆڕێ.. دەلووڕێنێ، دەمڕینێ، چنگ و کەڵبە تیژەکانی پیشان دەدا.. چاوی لە گەلە گورگەو بۆیان دەڕوانێ.. گەلە گورگ لەهەر چوارقوڵەوە یەکسەڵەف بۆ ناوەڕاستی مێگەلەکە هێرش دێنن.. پەز دەرەونەوە و شەق و پەق دەبن و هەر بڕکەیەک و بەقوڵێکدا. ئەمجا هەر دووان سیانێک بەلایەکدا و لەپەنایەکدا دەگیرسێنەوە.. گورگ کلکیان ڕەپ، چاویان بز و لیک بەلغاوەیاندا دەزووڵەی بەستووە.. مەڕ دەقاڕێنن و دەباعێنن. شوان بەدەنگیانەوە ناچێ.. لەجێی خۆی وشک وەستاوە و لە دیمەنەکە ڕادەمێنێ.. جارێکی دی گەلەگورگ سەری مەیدان دەگرنەوە.. ئەمجارەیش هێرش بۆ چەقی مەیدان دێنن.. پەزی تۆقیو دوو دوو، سێ سێ، لەبن کاوێک، ناو دەوەنێک، تڵیشە تاوێر و کەڵۆزێک دەگیرسێنەوە. گورگ زاریان بەشە و تەکان دەدەن. هەناسکە هەناسکیانە. خیزەی سینگیان دەبیسترێ.. شێرە و گورزە بەدەوری ڕێبواری شواندا ئاشە بەتەنوورەیانە.. دەقرووسکێنن و لێی ڕادەمێنن. کلکیان بەناوگەڵیاندا کردووە و خۆیان لەڕێبوار هەڵدەسوون.. مەڕ بەسەر یەکدا دەکەون و هەڵدەسنەوە.. بەدەوری شواندا دەخولێنەوە. ڕێبواری شوانیش نە دەی لەسەگەکانی دەکات و نە دەست بۆ تاپرەکەی شانی دەبا.. گورگ دەکەونە شوێن مەڕی قەڵەو.. گوڕ دەبەستنەوە و لمۆزیان درێژ دەکەن و بازهەڵدەدەن.. لمۆز لە قرتێنکە و قوڕقوڕاگەی مەڕی قەڵەو گیردەکەن و بەسەر یەکدا دەیئەنجنن.. تا هێزیان تێدایە ڕایدەتەکێنن و خوێنی بەردەدەن.. هەر بەکەڵبە و لمۆزی سوورەوە هەڵمەت بۆ یەکێکی دیکە دەبەن.. گەلەگورگ بەدەم سەر

ڕاوەشاندن و کەڵبە تێچەقاندنەوە دەمرێن و ترس دەبەشنەوە.. خەڵکی دێ مووی لەشیان زیت و پشوویان سوار.. شوان تەنانەت دانانەوێتەوە بەردێکیان تێبگرێ یان هەلەلەیەک لە گەماڵەکانی بکا و گاڵیان بدا.. بڕکەی مەڕ گۆمی گێژە و بەدەوری ڕێبواری شواندا دەخولێتەوە. ئەویش وەک بەم دیمەنە بگەشێتەوە وەهایە.. گەلەگورگ دەیان کەلاکیان خستووە.. ئەمجا بەزەبری سینگیان مەڕ دەدەنە پێش و دەکەونە پشت یاڵ و باسکەکان.. شوان دەم دەژەنێتە گۆشتی کاڵی کەلاک، کەهێشتا بەدەم خوێن و خوڕی زامەوە دەقاڕێن.. سەر هەڵدەبڕێ و بەلمۆزی خوێناوییەوە بۆ خەڵکی دێ دەڕوانێ.. خەڵکی دێ، لە هەراو زەنای هامشۆکەرانی شەقامەکە، لە هۆڕنی دوور و درێژی ئۆتۆمبێلەکان دێنەوە سەر خۆیان.. وردە وردە دیمەنە ترسناکەکەی بەرچاویان کاڵ دەبیتەوە.. جارێکی دی شەقام بەکۆشک و بازار و خەڵکەوە دەردەکەونەوە.. ڕێبوار بەپەلە خۆی دەپەستێتە ناو سووپەرەکەی و دەنگ و زریکەیەک لە تایەکانی هەڵدەسێنێ و دڕ بەو حەشاماتە دەداو بەپەلە دەردەفرتێ.

سمکۆ، سووکێ دەست بەشانی پەریخاندا دەدا و دەڵێ:

– با بگەڕێینەوە دێ.. ئەمە چیرۆکی ئەو شوانەیە، کە بوو بەگورگ.

شوباتی ١٩٨٧.

* ئاماژەیە بەدێڕە شیعرێکی گۆران.

** کاتی خۆی لەلایەن مامۆستا (کەمال غەمبار)ەوە بەعارەبی کراوە.

# تره‌كتۆر

ئه‌وا ئه‌م ئێواره‌یه‌ش له‌گه‌ڵ زه‌رده‌په‌ڕدا گه‌ڕایته‌وه‌ ماڵ.. ماڵ، حه‌مه‌ عه‌لی دڵنیایی به‌مرۆڤ ده‌به‌خشێ.. تێایدا هه‌ست به‌په‌نا و سایه‌ ده‌كا.. ماڵ و ده‌یان یادی شیرین و تاڵ.

ماڵ، به‌ڕووبه‌ر و ژماره‌ی نهۆمه‌كانی نییه‌.. هه‌ن ماڵیان وا به‌كۆڵیانه‌وه‌ و به‌كۆشكی شاهانه‌ی ناگۆڕنه‌وه‌.. هه‌رچییه‌كیان هه‌یه‌ وێنه‌ی هێلكه‌ شه‌یتانۆكه‌ داویانه‌ به‌سه‌ر پشتیاندا.. ئه‌گه‌ر لێت دابڕین ئیدی گیان ده‌سپێرن.. شڵپێ ئاوت به‌چاوته‌وه‌ دا. پێجامه‌كامت كردوونه‌ته‌ به‌ر و له‌سه‌رخۆ به‌ره‌و به‌رده‌رگه‌ی ده‌ره‌وه‌ ده‌جووڵێی. به‌پێش تووه‌كانی به‌ر ماڵه‌كه‌تا دێیت و ده‌چی.. ئه‌وا له‌ته‌ بلۆكێكت نایه‌ ژێر خۆت و پاڵت به‌قه‌دی دارتوویه‌كه‌وه‌ دا. زه‌رده‌ش له‌ لق و پۆپی تووه‌كان ده‌دا. به‌رده‌مت شه‌قامێكی جه‌نجاڵه‌ و وا به‌دامێنی گردێكه‌وه‌.. چاوت لێیه‌ دوو هه‌رزه‌كار ده‌مه‌ته‌قێیانه‌.. هه‌ر كه‌ ئۆتۆمبێله‌كان نزیك ده‌بنه‌وه‌ ده‌نگیان به‌ژێره‌وه‌ ده‌بێ.. سه‌رنجی جم و جووڵی سه‌ر شه‌قامه‌كه‌ ده‌ده‌ی.. منداڵێكی پۆشته‌ی پایسكل سوار تا ئه‌وسه‌ر داژوێ و ده‌گه‌ڕێته‌وه‌..

وا پیره‌ژنێك لای پاینه‌وه‌ سه‌ریهه‌ڵدا. گورج و گۆڵ. له‌ ژێر سه‌رپۆشه‌ سپییه‌كه‌یه‌وه‌، به‌سركه‌یی سه‌ری به‌ستووه‌. ئه‌گریجه‌ی

بەفرین تا کۆتایی چەناگەی شۆڕبۆتەوە. سوخمەی ئەتڵەسی شین، بەسەر کراسێکی ڕەشی ئاودامـاندا. فەقیانەکانی گرێداون و کردوونییە مل. لە پالێمی کراسەکەیەوە، لاسیکە ڕەشەکانی پێی، لەکاتی هەنگاو نانا، بەردەوام ئاشکرا دەبن و ون دەبنەوە. بن دیوار و بن دیوار دێ بەڕێوە و ترپەی پێی نایە.. تۆ چاوی لێ ناترووکێنی و ئەویش وردەواڵە فرۆش ئاسا، سەرنجی دەرگەی ماڵەکان دەدا.. هەتا نزیکتر بێتەوە پتر بەرەو دڵەڕاوکێ کێشت دەکا.. هەستە تێکئالاوەکانی ناختی زەوت کردووە.. ئێستا لەئاستی یەکێ لە دراوسێکانتا وەستاوە.. لێی دەپرسێ. دیارە زوو وەڵامی دەستگیربوو، بۆیە جوولا و هەوراز بەرەو لای تۆ هەڵدەکشێ.. چەند هەنگاوێکی ماوە بتگاتێ.. هەڵساویتە سەرپێ.. خۆت دەتەکێنی.. سەرنجی دەدەیت و لەبەر خۆتەوە دەدوێی: " کوڕە خۆ ئەوە دایکمە، ئەوەتا بەدەرزییەک یەخەی کراسەکەی هێناوەتەوە یەک، لەسەر ئەویشەوە بەدەرزییەکی دی سوخمەکەی قایم کردووە، ئەی چەناگە خاڵاوییەکەی، کوا کراسەکەی ڕەشی سادەیە، ئەوە نییە جێ جێ، یەکی بەئەندازەی کەلا شووشەیەک گوڵی سووری تێدایە، باشە بەم درەنگ وەختە چی دایکمی گەیاندۆتە شار، ئەدی بۆچی بەپێ دەیکوتێ، خۆ دوێنێ هەواڵم زانی.. وتیان ناوچەی ئەوان ئارامە و ناڕەحەتییەکیان نییە. داخۆ چی لە دراوسێکەمان پرسیبێ، بلێی ماڵەکەمی لێ تێکچووبێ و نەچێتەوە سەری، ئەی بۆ تەنیایە و باوکمی لەگەڵدا نییە... "

دەتەوێ وەک جاری جاران بەپەرۆشەوە بەرەوپیری بچیت و دەستی ماچ بکەی.. هەرکاتێ دەستی زیارەت دەکەی، ئەویش لاملت ماچ دەکا و نەختێکیش بۆنت پێوەدەکا.. لەگرانایی ئەم هەڵوێستە، چاوەکانت

زەق کراونەتەوە و هەناسەت توند و زارت لە سەرسامیدا بەش!..
بەسەردانێکی ناوەخت و کوت و پڕی دەزانی.

***

لەو سەری شەقامەکە ترەکتۆرێ دەرکەوت. عەرەبانەکەی لە بەستەکە نوێن سیخناخە.. دۆلابی کۆن و بەرمیلی ئاو.. پیرەژنەکە گەیشتە ئاستی حەمەعەلی و وچانێکی دا.. حەمەعەلی باوەشی بۆ کردەوە و بەرەورووی چوو.. ویستی پەلاماری دەستی بدات و ماچی بکا، کەچی دایکی، وێنەی جاری جاران بۆ دەست و مۆچ و دەست لە ملانی بەپەرۆش نەبوو!.. بەڵکو لەسەرخۆ لێی پرسی:

– کوڕە شیرینەکەم، لەم گەڕەکەدا، ژوورێکی چۆڵ شک نابەی؟

حەمە عەلی حەپەسا و دەستەکانی شل بوون. ئەویش چاوەڕوانی وەڵام بوو.. ترەکتۆرەکە لەسەرخۆ دەهاتە ڕێوە..تەنیا شوفێرەکەی بەسەرەوە بوو.. لە عەرەبانەکەیدا پنە، خورج و هۆڕ و لە قوڵینەیەکدا سێ چوار مریشکی کوردیی پەل بەستراو هەڵدەبەزینەوە.. حەمە عەلی لەتاسەوە چوو.. لە بەرخۆیەوە دەدوا:

"بەڵام ئەم پیرەژنە لە دایکم گورج و گۆڵترە، نە پشتی چەمێوە و نە چاوەکانیشی کوت و کوێر بوون، ئەوەندە نەبێ پەڵەی ڕەش دەوری چاوە نێرگسییەکانی تەنیوە و لێوەکانی وشک هەڵاتوون..."

پیرەژن دوو دانە مرواریی ئارەقە بەڕوومەتە چرچەکانیدا دادەخزان. کەمتر چاوەکانی دەترووکان و لە حەمە عەلی ورد دەبۆوە. دەیویست نیگەرانییەکەی بشارێتەوە.. وەک بیر بکاتەوە، حەمە عەلی سەری بۆ ئاسۆی چڵکن هەڵبڕی. بەڵام بیرکردنەوەش کات و کەشی خۆی

پێویستە.

- بۆ خۆم و ئەم کوڕەزایەم، تەنیا دوو کەسین.

ئەم ڕوون کـردنەوەیەی داپیـرە، سـیـخـورمـەیەک بـوو بۆ بندەسـتی حـەمـەعـەلی و بەئاگای هێنایەوە. حـەمـەعـەلی تائەو کاتەیش هـەستی بەکوڕەزاکەی نەکردبوو. هەناسـەیەکی قووڵی پەنگ خـواردووی بەباداو زانیی داپیـرە چی لێـقـەومـاوە.. ئەم کـۆچە درەنگ وەخـتـەی داپیـرە، تابلۆی هـاوڕێ هونەرمـەندەکەی هـێنایەوە یاد، کـە بەشـوێن زنجیـری شۆڤڵ دەست پێدەکات.. لە پاینی دێوە، شوێن زنجیری شۆڤڵ ڕاست و چەپ تێکپـەڕیون.. جێ فـلـچـەکـان تووڕە و پێکدا هەڵپـژاو.. هونەرمەندەکە گرنگی بەچەند بابەتێ داوە و بەئاشکرا دەریخستوون.. لەوانە تەنەکەیەک ڕەشـە ڕێحانە.. کاتی خۆی جێیەکی بەرزی هـەبووە، تاکـو سـەرنجی ڕێبـوار و هامـشـۆکـەر ڕابکێـشـێ.. دیارە بەدەست و پەنجـەی کـچـە عـازەبێک داچێنراوە و ئێـسـتـاش قـلـپ بۆتـەوە. تەڵە ڕێحـانەکـان سـیس و ژاکـاو و تێکەڵ بەخـێـزەرەی گـوێسـوانە بوون.. لەلایەکی دیکەوە هێـلانـەیەکی پاسـاری، لەگـەڵ دارو پەردوودا کەوتوونەتە سـەر زەوی و پووش و پەلاشـی هێلانەکەیش پەرش و بلاو. دایکە پاساریش بەرز، بەکەساسییەوە بۆ هێلانەی وێران و داروخاوی دەڕوانێ. دار توویەک وەک کەوتبێتە بەر هێرشی گەرداوێکی تووش، لە بن و بێخ دەرهـاتووە. سـەگـێک کلکی بـەنێو گـەڵیدا کـردووە و ئازار و ترسی پێوە دیارە. ئەم سـەگە بەدیار دوودەرییەکەوە، کەتەختی زەوی بووە هەڵتـروشکاوە. ئەم سـەگـە بەئەمـەکـە و ڕەو نـاکـات.. نانی ئەو دەرگەیەی خواردووە.

جـووتێ مـراویی نێـر و مێ، کـە دوای ئەم بەسـەرهاتە لەچەمـەوە

گەڕاونەتەوە و بەسەر چۆڵەوانیدا کەوتوون، ملیان درێژ، پەڕەکانیان گیڤ، چاوەکانیان سوور.. ڕێ دەرنابەن و هەوارگەی خۆیان بۆ نادۆزرێتەوە.. لەوە دەچێ لە مراویی ماڵییەوە بووبن بەکێویی. لە سەرو هەموو ئەمانەیشەوە، ئاسمانێکی لێل، بەزریان و هەور و هەڵڵا..

حەمە عەلی چەند سەری هێنا و سەری برد، بۆ کۆچی ناوەختی داپیرە، ژوورێکی چۆڵی لە گەڕەکدا شک نەبرد.. هەستی بەبێ دەسەڵاتی کرد و لەبەر خۆیەوە کەوتە منگە منگ: " تۆ بزانە،هەندێ جاران مەردم چەند گیانی چاکە خوازی و فریاگوزاریشی تێدابێ، هێشتا هەر لە بەشداری کردنی خەمی خەڵکی بەولاوە هیچی دیکەی لەدەست نایە..."

داپیرە زانی هیچی لێ هەڵناکڕینێ. ئاوڕێکی لە ترەکتۆرەکە دایەوە. بەسەر هێمایەکی بۆ مناڵەکەیش کردو پێی وت:

– بێ بەڕێوە داپیرە لەدەورت گەڕێ!

***

چەند مرۆڤێکی هەست و دڵ ناسکی حەمە عەلی؟!.. لەو جۆرە کەسانەی بەوشەیەکی خۆش دەکەونە قاقای پێکەنین و هەر هەناسەیەک پاشتر بەدیمەنێکی ناجۆر دەدەنە پرمەی گریان.

وا کوڕەزاکەی کەوتۆتە خۆی و پێ بەپێی داپیرەی ڕێ دەکا.. تاو ناتاوێکیش ئاوڕ لەمنداڵە پایسکل سوارەکە دەداتەوە. ڕێک لەتەمەنی ئەو منداڵانەدایە کە تۆ ئەلف و بێی کوردییان فێردەکەی.. قژی زەردی کاڵ هەتا برۆی، لەدواشەوە هەتا سەرشان.. لەگەڵ هەنگاوناندا، وەک یاڵی جوانوویەکی شێ و لەتاوی غاردا بێ شەپۆل دەدات.. چۆغە و شەرواڵی خاکی. بەپشتوێنی ڕەش؛ توند ناوقەدی جەڕاندووە. جووتێ

لاسیکی لەپێ هەڵکێشاوە. کووژەکەیەکی شین لەسەر نێوچاواتێتی، لەتافی هەنگاو نان‌دا دێت و دەچێ. چاوەکانی بەسەرسامییەوە دەوروبەر تاقی دەکەنەوە،کەبەو نامۆیە.. جار ناجار ئاوڕێک لە بایسکل سوارەکە دەداتەوە.. هۆشت هەر ها بەلایانەوە و گەلێک باس و خواست لەلا دروست بوون و لەبەر خۆتەوە لێکی دەدەیتەوە:

" سەیری داپیرە کە، وەک ئەو قارەمانانەی کاتێ ڕۆژی ڕەش ڕوویان تێدەکات دەبنە دەریا و لێڵ نابن، نایبەنە سەر خۆیان و بەرگە دەگرن، دەڕوا و دەپرسێ، بەوەدا کە جێ جێ گوڵی سوور وا بەتەختی کراسەکەیەوە ئەوا کوڕەکەی ماوە و هیوای هەر بەوە، دوای ئەوەش منداڵێ هەتیو کەوتبێ هەنگاوی تێکەڵ و پێکەڵ دەنێت و مل بەلارەوە دەگرێ، دیارە ئەم دایکە لە کوڕەکەی هیوا بڕاو نییە، بەڵام بۆچی بەدایکی خۆمی تێگەیشتم، گەلێ جاران چاو بام گەشیش بێ؛ هێشتا هەر ڕاستی بەخاوەنەکەی ناڵێ، هەرچی چۆنێک بێ، دڵم بەلای دایک و باوکە پیرەکەمەوەیە، بۆیە ژیان و بارو دۆخی ئەوان و ئەم کۆچە ناوەختەم لەلا تێکەڵ بوون، چ قەیدی، لەبەیانی زووتر نییە دەچم هەواڵیان دەزانم..."

لە شوێنی خۆت وشک وەستاوی. چاوت لێیە کۆچ و کۆچبار گەیشتۆتە تەوقەسەری گردەکە.. لەسەر پەردەی سپیی خەیاڵت، جارێکی دیکە ئەم دیمەنە، لەگەڵ تابلۆی هونەرمەندەکەی هاوڕێتا تێکەل بەیەک دەبنەوە.. لەگەڵ خۆری دەم کەلدا، داپیرە، کوڕەزاکەی، ترەکتۆرەکە، بەشوێن یەکدا ئاوا بوون و لەمەودای ڕوانینت ونبوون.

حوزەیرانی ١٩٨٧.

* کاتی خۆی لەلایەن (ب. ژیلوان)ەوە کراوە بەفارسی.

# چەتر

وردە وردە تینی گەرما بەگیانە ماندووەکەت دەگات و جەستە کرژەکەت خاو دەبێتەوە. سەرنج لەچاوی شینی زۆپا نەوتییەکەوە دەگوێزیتەوە بۆ چاوە شینەکانی ناسک، کەلەم دەمەدا بەسینییەکەوە هاتە ژوورێ و لەبەردەمتا داینا. تۆ هەرچەندە لەدەرەوەیش کرژ، سەغڵەت و ماندوو بی، کە گەڕایتەوە ماڵ و چاوت بەناسک کەوت لەشت خاو دەبێتەوە. هێمن، وەک مەلێکی دەستەمۆت لێدێ.. ئەوا ناسک شریتە سوورەکەی،کە مەڵۆی پرچە زەردەکەی پی بەستبوو ترازاند و تاڤگەیەک لەزێڕی بەسەر شان و گەردنە سپییەکەیدا بەردایەوە و بەرامبەرت دانیشت.. بەجووتە ڕاز و نیاز ؛ بەورچە پەڕۆینەکانیانەوە، هەر یەکەو خۆی بەسەر ڕانێکتدا دا.. لە چاو تروکاندنێکدا ڕوومەتی هەردووکیانت ماچ کرد.. ناسک بەپەرۆشەوە ڕوانییە ڕەنگی ڕەش داگیرساوت و وتی:

– بخۆ سەردار با سارد نەبێتەوە.

دەستەکانت لەسەر سینییەکە کەوتنە جووڵە و دەست و برد.. هاوکات بیریشت پاشەوپاش جووڵا و بەڕووداوەکانی ئەم ئێوارەیەدا چووەوە.. دوای پێنج وانەی ناو زاق و زریقی مێشک کاس کەری منداڵان، یەکاندەردوو خزایتە نێو پۆلی فێرخوازانەوە و بەرەوڕووی

هالاوی هیس و بۆن دووکەڵی زۆپا نەوتییەکە بوویتەوە. لەو جۆرە زۆپایانە مەگەر تاک و تەرا لە ماڵە دوورەکانی شاردا بەکار بهێنرێن.. بۆنی مەی بەئەلکوولی قورس داچێنراو و دووکەڵی جگەرە لووتیان چووزانیتەوە. ناچار لەگەڵ ئەو سەرمایەشدا، دەرگەی پۆلت بەشوێن خۆتا ئاوەڵا هێشتەوە. سەرخۆشی ئەم ئێوارەیەی پۆل نەوزادی فیتەر بوو. لەسەر مێزی پێشەوەی ڕیزی ناوەڕاست بەرامبەر تەختە ڕەشەکە دانیشتبوو. چوویتە پەنایەوە و بەهێمنی دەستت نایە سەر شانی و پێتوت:

– بێ ئەرک بفەرموو لە دواوە دابنیشە، بەرچاوی برادەرەکانت گرتووە!

نەوزاد ورتەی لێوەنەهات. لە جێی خۆی پاڵیدایەوە. چاوەکانی کەمێ کردەوە. ئەو گەلحۆیانە دەیرِوانی و دەنگی لێوە نەهات. لووتیشی وەک سەلکە چەوەندەر سوور هەڵگەڕابوو. لە پڕێکدا نزگەرە گرتی. هەردوو دەستی دادایە سەر ئەملا و ئەولای مێزەکە و جیرە جیرِی پێخست. یەکەم تەکان نەختالێ پاشەڵی لەمێزەکە هەڵبڕی. وەلێ خۆی بەپێوە ڕانەگرت و زرم کەوتەوە سەری. بەچاوی نیوە نوستوو و نیوە بێدارەوە، لەوە دەچوو دوای لە هۆش خۆ چوونێکی قووڵ بەئاگا هاتبێتەوە و ڕاست بووبێتەوە. ئەو نووزە نووزێکی لێوە دەهات، ببوە جێی سەرنجی فێرخوازان و بەجارێ هەموو زەینی داگیر کردبوون. نزگەرەکەش بەری نەدەدا. لەپڕ گەڵی بڵاو کردەوە و پێلاوە چەورەکانی لە کاشییەکان گیراند و دوای چەند جارێ خلیسک بردن هەردوو دەستی دادایە سەر مێزەکە و بەچەند هەوڵ و تەقەللایەک ڕاست بۆوە. ئەمجا نوشتایەوە؛ دەستێکی بەمێزەکەی خۆی و دەستێکیشی بەوەی

دوای خۆیەوە گرت و هاتە دەرەوە و لە نێوان دوو ڕیز مێزدا بەمۆلەق وەستا. باڵەکانی وەک هی مەیموون درێژ، بەملاو ئەولادا شۆڕ. دەستی بەگیرفانی شەرواڵە ڕەشە چەورەکەیدا کرد و دەنکە نەعنایەکی بەدەستەوە هات و نایە دەمی. بەدەم ملچە ملچەوە، بەهەنگاوی خوارو خێچ بۆ دواوەی پۆلەکە جوولا. ڕەتێکی برد و نوشتایەوە. بەلەرزە لەرز و زۆر لەخۆ کردن کەمێ ڕاست بۆوە. پشتوێنە ڕەشەکەی لۆیەکی نیشتبووە سەر سمتی. پەنجەکانی وەک جەمام بووبن، شێوەی شەن شاش ڕایگرتبوون. سەری دەڕۆیی و پاشەڵی نەدەڕۆیی.. تەوقی سەری لە ئاست دیواری دواوەی پۆل بوو، ئەو دیوارەی کە هەتا بالای زەلامیش کەس ڕەنگەکەی پێنەدەزانی. ئەو چون بەرانی شاخ شکاو بەدەم لەتر و ڕەت بردنەوە خۆ نەویستانە باڵە درێژەکانی بۆ لای یەکدی دەهاتن و دەگەڕانەوە. ددانەکانی لە چیرەوە دەبردن و کێرە کیرو جیرە جیرێکی ناسازیان لێوە دەهات. ویستی هیچ بەبێ کەمێ خۆی گورج بکاتەوە، کەچی چون شلکە نەمامی دەم با، بەملا و ئەولادا لار دەبۆوە. لەپڕ لەنگەری تێکچوو، بۆ پێشەوە ڕەتێکی توندو خێرای برد. نزگەرەکەیشی لەکۆڵ نەدەبۆوە. بەدەم لەنگەر تێکچوونەوە ڕۆی، هەر ڕۆی.. لەوەدابوو شەرە شۆقێک لەگەڵ دیوارە چلکنەکەدا بکا، بەڵام بەوەی باش بوو دەستەکانی هاتنەوە یاد و بەمێزێک خۆی گرتەوە، کە حەمە ئەسلان-ی لەسەر دانیشتبوو. پاش دوو سێ جووڵەی گۆشە تیژ لە مێزەکەی دوای دواوە گیرسایەوە و پشتی بەدیوارە چلکنە ساردەکەوە دا. پڕمە پڕمی پێکەنین لە فێرخوازانەوە بەرەنگاری مۆڕەی خۆت و خێسەی گەلحۆیانەی نەوزاد بۆوە.

- سەردار، لەوە دەچێ ئەم ئێوارەیە داڵغەت زۆر بێ.. خۆ فێرخواز

سەغڵەتیان نەکردووی؟!

– نانا، هیچی خراپ ڕووی نەداوە!

لەو زیندە خەوە ڕادەپەڕی. کەوچکەکە بۆ زارت دەبەی. لە بەرامبەر و تەنیشتەوە، وەک لیژنەدار کتێب لەسەر یەک هەڵچنراون. چاوێکیان پێدا دەگێڕی و نیگەرانی چون مۆتەکە سواری شانت دەبێ. دیسانەوە دەچیتەوە نێو جیهانە جەنجاڵەکەی خۆت.. "هەیانە هی ئەو سەردەمەن، کە قوتابیی ناوەندی بووم و بەو ڕۆژانە زۆر کەمەی هەمبووە و لەدەمی خۆم گرتۆتەوە کڕیومن، گەلێ کتێبی دانسقەیان تێدایە، ڕەنگە لەم شارە گەورەیەدا تەنیا چەند کەسێک هەیانبێ، ئەوتا ناتوانم کتێبخانەیەکی وەهایان بۆ بکڕم کۆیان بکاتەوە، ئەگەر هەر وەها بمێننەوە شێ و تۆز دەیانڕزێنێ،ئەمە چ دیمەنێکە، ژوورێک ئەڵقاو ئەلقی کتێب بێ، ژمارەیەکی زۆریشیانم خوێندوونەتەوە، کە ماڵم گواستەوە کۆڵ هەڵگرێک پێی وتم، ماڵەکەت بریتییە لەفەردە کتێب، بەڕاست ئێمە ماڵ دەگوێزینەوە یان قوتابخانە، ڕاستی وت، ئەگەر سەرچاوەیەکم پێویست بێ دەبێ هەموویان تاووتوو بکەم و وەک ئاشەوانم لێبێ ئەوجا بۆم دەدۆزرێتەوە، ئەرێ بۆ نەیانفرۆشم بیاندەم بە..."

زڕەی سینی و پیاڵە هێنایتییەوە لای ناسک. مەچەکی بەکورتە مووی زێڕین لە بەر تیشکی نیۆنەکان دەبریسکێنەوە.. پەنجەی سپی و درێژی بەنینۆکی سووری تیژ، پیاڵەیەک چای لە پێشت دانا.. دوای سەرنجی گەرم ووردبوونەوەی قووڵ تاکو بتوانێ پەی بەنهێنی و تێکە و لێکەی ناخت ببا، زار هەڵدەهێنێتەوە.. خونچە گوڵەباخێکی سووری پاییزە دەگەشێتەوە و دەڵێ:

- ئەوەندەی لێکمەدەرەوە، چایەکەت بخۆرەوە سەردار.

زەردەخـەنەیەک پەڕیوەتە سـەر لێـوت. نیگاتان بڕیوەتە یەک و پێی دەڵێی:

- نان.. ناسک گیـان هیچ کارێک بێ لێکدانەوە نابێ.. دبێ؟.. ئەوە کوان ڕاز و نیاز؟!

- نوستن.

- نوستن؟ چ زوو؟.. تۆ بزانە فریا ناکەوم دوو قسەیان لەتەکدا بکەم!

- دەزانم نیگەرانی چیت!

- چووزانی ناسک؟.. لەدڵمای؟!.. خۆ لەدڵما نیت؟!

- مەراقی کتێبەکانت دەخۆی. نە کتێبخانەیەکت بۆ بەڕادان دان و نە دەست بەرداریشـیان دەبی. وەک بەزەییت پیایاندا بێتـەوە، لە ئێوارەوە خەمناک بەبالآیاندا دەڕوانی!

ڕاز، ورچە پەڕۆینەو بووکە شووشـە چاو شینەکەی و نیاز، پیکابە پلاستیکییە سوورەکەی لەسەر ڕاخەرەکە جێهێشتووە. چاو دەبڕێتە پیکابە منداڵانەکە. پیکاب گەورە دەبێ، گەورەتر، دەبێتە ئۆتۆمبێلێکی ئاسـایی. ئەمجا دەبێتـە پڕ گـەراجێک ئۆتۆمـبێل. لەوێوە بیـرت بۆ گـۆڕەپانی بەر مـەڵبـەندەکە، مـەڵبـەندی نەهێشتنی نەخوێندەواریی بازدەدا، کە دیمەنەکەی ڕێک لەوە دەچی بۆنەیەکی شادی تێدا بەڕێوە بچێ. وەک ئەوەی شیرینی کچە شۆخێکی بۆ کوڕە دەوڵەمەندێکی شار لێ بخورێتەوە.. یان کۆنگرەیەکی لێ گرێبدرێ.. ئۆتۆمبێکی بچووکی گرانبەهای هەمەڕەنگ و مۆدیل بەرز لەوێ وەستاون. جۆرەها بارکێش لەوێن. هەر یەکەو لە پەنایەکدا و ڕووی لەلایەک. مامۆستایان و سێ

چوار فێرخواز نەبن، هەموو ئەوانی دی بەسواری ئۆتۆمبێلی خۆیان دێن و دەچن. شوێنەکە زیاتر لە پیشانگەی ئۆتۆمبێل دەچێ تاکو مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری.. جگە لەنەوزادی فیتەر، کە بەدەم مڵچە مڵچی نەعنا مژینەوە، دەزوولەی لیکی گەیشتنووە سەر مێزەکەی، هەموویانت هەڵساند و نۆرە هاتە سەر کەمال سێسەر.. لەگەڵ دوو سێ نەرمە کۆکەدا، سەر قۆڵی مرادخانییەکەی قەدکردو تانزیک ئانیشکی هەڵکرد و دەستی دایە کلۆیەک تەباشیر. بەدەم نووسینەوە، وەک بزمار بەتەنەکەدا بێنی، کیرە کیرِ و زیکە زیکێکی لێوە دەهات؛ ددانتی پێ هاڵ دەبۆوە.. کەمال سێسەر چوار شانەیەکی سوورە بوو. ئەو دەینقاند و هێزی دەدایە بەرخۆی و سوورتر هەڵدەگەڕا و لەگەڵ زەبر نواندنی ئەودا تەختە ڕەشی قەد دیوارەکە وەک بێشکەی شەق و شرِ دەهات و دەچوو. بەدەم بۆڵە بۆڵ و بڵمە بڵمەوە، کە لە ڕاستیدا بەحینجەی وشەکانەوە خەریک بوو، جەنجاڵییەکی وەهای خستبووە پۆلەکەوە، وەک ژوورەکەبەجارێ بەدەیان فێرخوازی جمەی بێ.. تۆش بەدیاریانەوە ئەوق ببووی.

کەمال جار ناجارێ لە نووسین دەوەستا. تەختە سڕەکەی لەسەر کاشییە پیس و تەڕەکان دەقۆستەوە، بەردەم نووسینەکەی پێ دەسڕی؛ وەک ڕێ بۆ وشەکان خۆش بکاو پاشان یەکسەر لەئاستی خۆی بەریدەدایەوە. ئەمجا فوویەکی قایمیشی لەتەختەکە دەکرد. بەم چلەی زستانە وردە تنۆکی ئارەقە بەنێوچاوانە قۆقزەکەی و بەلاجانگیدا بۆ بان ڕیشە تاشراوەکەی شۆڕ دەبوونەوە. قرتێنکەی ملی چون ترومپا لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوامدا بوو. زوو زوو تفی قووت دەدایەوە و لچ و لێوی وشک گەڵگەڕابوون. " کتیب چەکی تۆیە، فرێی مەدە."

هەموو نووسینەکە بریتی بوو لە چوار وشە. کەچی کەمال دوو دێڕی ئەو تەختەڕەشە گەورەیەیەی پێ گرتۆتەوە. هێڵەکانی تێر و پان، گۆشەی پیتەکان تیژ، سەرەتا و کۆتاییان ئاشکرا و زەق. هەر وشەیەکی چەند جارێک دەکوژاندەوە. دوای هەموو بەکار هێنانێک تەختە سڕە لە لباد دروست کراوەکەی بەردەدایەوە و لەسەر کاشییەکان گەواڵەیەک تۆزی سپیی تەم ئاسای لێ بەرز دەبۆوە. پاشان بەجووڵەیەکی سەربازیی سرک دوو هەنگاو لێی دەهاتە دواوە و بەدوو دڵییەوە چی نووسیبوو جارێکی دی حینجەی دەکردەوە و بڕیک لێی ڕادەماو دەیدایە بەمەزندە. ئەمجا لە وشەکان دەهاتەوە پێش و خاڵی بۆدادەنان. وەختێ خاڵی بۆ پیتەکان دادەنا. هیندە بەهێز تەباشیرەکەی بەتەختەڕەشەکەدا دەکێشا تەق هووڕ دەگەیشتە ژووری بەڕێوەبەر. ئەمجا قەدەرێ بیری لێ دەکردەوە. ئەو پیتەی چوکڵەی بویستایە بۆی دادەنا. وەک ڕێبواری ماندووی بەچیایەکی ڕکدا هەڵگەڕاو و تازە گەیشتبێتە لوتکە هەناسەیەکی فرە قووڵی هەڵدەکێشا. لەو کلۆ تەباشیرە درێژە، هیندەی دەنکە نۆکێکی بەدەستەوە مایەوە، ئەویشی فڕێ دایە سەر کاشییەکان و سەرنجێکی ماندووی لێدای، وەک بییەوی ڕات لەسەر ڕێنووسی ئەم جارەی بزانێ. تۆێش لە ڕەنگ و ڕووی سوور و تاساوی ڕامایت و کوڵێ بەزەییت پیادا هاتەوە. بۆیە سەرێکی ڕەزامەندیت بۆ لەقاند. بەهێمایەکی دەستت پشتی کردە تەختە ڕەشەکە. بەگەرووی وشک و دەست و مەچەک و شان و شەپیلکی دێزهەڵگەڕاوەوە ساڵدانە ساڵدانە گەڕایەوە جێکەی خۆی. پاڵی لێدایەوە و ئاهێکی دڵنیایی تێگەڕا...

ئەوا ناسک هەڵسا. ڕۆبێکی پەمەیی کاڵ، پشتوێنی لەسەر بەستووە.

ناوقەدی لە کەمەری کچۆڵەیەکی زانکۆ دەچێ. تەلەڤزیۆنەکەی کردەوە و لەبەرامبەرتەوە دانیشت.. گەڕداوێکی هەندەرانی نیشان دەدا، دارتەلی کەوتوو، ئۆتۆمبێلی تێکقوپاوی دوای پێکدادان، درەختی چەماوەی ژێر کۆڵەبەفر... ناسک چایەک تێدەکا، هەڵمی لێ بەرزدەبێتەوە.. چاوێک بەسەفتە گۆڤار و ڕیزە کتێبی شێ هەڵمژیوی گەرد لێنیشتووی ئەڵقاوئەڵقی ژوورەکەتا دەگێڕی و کزە لە جەرگتەوە دێ.. ناسک نووشتايەوە.. دەست و مەچەکی سپی و پیاڵەی سوورباوی چا.. لەگەڵ نوشتانەوەیدا سینگی بەرز و گەردنی بڵندی سپیی مەیلە و زەردی ئارەزوویەک لە ناختا دەورووژێنێ و دەجووڵێنێ.. گوژمە بایەک بەبەفرەوە بەرەنگاری پەنجەرەوی ژوورەکەت دەبێ.. زیرە زیرێ بەجامەکان خستووە و پەردەکان شەپۆل دەدەن. گڵۆپەکانیش پرتە پرتیانە...

بە دەرگەی لەسەر پشتی پۆلدا گێژەڵووکەیەک، هرووژمی بۆ ناو ژووری وڕاقی بێ پەردە و ڕایەخ هێنا.. فیلتەر و سلۆڤین و دەستەسڕی کاغەزی بەکارهێنراوی بەیەکدا گێژ و لوولدا و پاشان پەرش و بڵاوی کردنەوە.. ڕێژنەیەک کرێوە چون باڵندەی بەشەوارە کەوتوو، خۆی بەپەنجەرەکانی پۆلدا کێشا و پرژەی بەفر بەشووشەکانەوە مەلاس بوو.

عەلادینە ژەنگنەکەیش لە گۆشەی بەرانبەر دەرگەوە، بەگڕێکی زەردەوە زرتەی چاوی دەهات و نەیدەتوانی ژووری ڕووتەڵەی پۆل گەرم ڕابێنی. لە سەرمانا ناچارمای دەرگەکە پێوەدەیت. ویستت دەستکاریی عەلادینەکە بکەی و زەنگێکی دوور و درێژ کۆتایی بەوانەکانی ئەو ئێوارە درەگ وەختە زستانییە هێنا.. لە بەیانییەوە

خۆت نەکردۆتەوە. پەنجەی سڕو زەرد هەڵگەڕاوی ناو پێڵاوە بن تەنکە چەرمــە دەست کــردە تـەنکە ڕچیــوە شــێـدارەکــان و دڵی پووزت نارەحەتیان کردووی. ناو بەناو ئازار هەتا برِگەکانی خوارەوەی پشتت دێ. لەو دەمــەدا خـۆزگــە دەخــوازی لە ژوورێکی گــەرم گــوڕدا، لـەبان دۆشەکێکی لۆکە، لەسەر پشت لێی ڕاکشێیت هەتا خەو دەتباتەوە.

لە ژووری مامۆستایان قۆڵت لە پاڵتۆکەت هەڵکێشا و دەستت دایە چەترەکەت. لەبەر دەرگەی مەڵبەندەکە، بەڕوویەکی ڕچیوی بێدنگ و خـەمۆکـەوە، وەک ئەو پیاوانەی بەدیار تەرمی ئازیزیانەوە چاوەڕوانن تاکو وادەی ئەوە دێ بەرەو گۆڕستان بەڕێیان بکەن. هەڵوێستەیەک و سـەرت هەڵبـڕی، بەفـر لەســەردا دەباری و نەرمــەبایـەک گـێـژی دەدا. کلووی بەفر پەروانە ئاسا لە دەوری گڵۆپی دارتەلە بەرزەکە دەگەڕان. خۆیان دوا دەخست و پێیان خۆش نەبوو بکەونە سەر زەوی. کلوویەک بەبان کەپووتەوە نیشتـەوە. چەند کلوویەکیش بۆ گەردنت دزەیان کرد و کــرژ بووی.. لەولاوە کــەمــال سێ ســەرت بینی ڕووناکـیـی ناوەوەی پیکابەکـەی هەڵکردبوو. ئۆتـۆمــبـێلەکــەی خـسـتـبــووە ئیش.. تۆش دانەویتـەوە، دەرەلینگەکـانی پانتـۆڵەکەت هێنایەوە یەک و خنیـتنە ناو گۆرەوییەکانت. ڕاست بوویتەوە، یەخەی پاڵتۆکەت بەرزکردەوە. بەڕیز و لە ژێڵدا دوگمە خڕ و گەورەکانیت داخستن. بەفریش لەپەستا لەسەر قژە ئاڵۆسکاوەکەت دەنیشت. کەمال دابەزی. بەدەستە سڕێکی زەردی گەورە جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەی ماڵی و سوار بۆوە. جامەکانی کونبڕ قەپات کرد و بواری بۆ دزەی با نەهێشتەوە. بایەکەش توندتر دەبوو. کلووە بەفرەکانی خێراتر دەفڕاند.. تۆش پشتوێنی پاڵتۆکەت جـەڕاند. لەپێکت بەقـژتا هێناو قەیتانی پێڵاوەکانت توند کردنەوە.

کەمال پێی بەکلاجدا ناو گێڕی بۆ نمرە یەک جولاند. پیکاب دەرپەڕی و لە دواوە دووکەڵێکی خۆڵەمێشی لێ پەیدا بوو.. تۆیش پەنجەت بەدوگمەی چەتردا نا، تەپەتەکی کپی لێوە هات و کرایەوە. تەپەی چەترە ڕەشەکەت تێکەڵ بەڤڕەی پیکابە سپییەکە و گڤەی کرێوەکە بوو. ڕەش و سپی، کۆنتراست بەرامبەر یەک وەستان..

چەتر، پارچەک موشەماو ژمارەیەک تەل و دەسکێکی پلاستیکییە. بەرگەی کرێوە و ڕەشەبای ئەم شارە ناگرێ. ئەمە جگەلەوەی ڕەنگە لە کارو فرمان دوام بخات.. ئۆتۆمبێلیش، ئامێرێکی شارستانیی پێویست و گرانبەهایە، بەراورد ناکرێن. هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لەنێواندا نییە.. دەستی چەپت ئاخنییە گیرفانی پاڵتۆکەت و تەنیاباڵ ڕێت گرتەبەر.. هێڵی تەریب، هێڵی چەماوە و تێک پەڕیوت بینی.. ئەمانە شوێن چەرخی ئۆتۆمبێلەکانن بەفرەکەیان چاڵ کردووە. گۆڕەپانێک بەفری بەشوێن تایە نەخشاو دەبینی.. گۆڕەپانی بەرینی بەردەم ئەم مەڵبەندە، دووڕییانە، تۆ و ئەوان، چەتر و ئۆتۆمبێل، خوێندەوار و نەخویندەوار لێک جیا دەکاتەوە... دەڕۆیشتی و کلووی بەفر لەبان چەترەکەت دەنیشتنەوە.. وردە وردە ڕەنگی بەفر، بەسەر ڕەنگی

چەترەکەدا زاڵ دەبوو.. لەبەر خۆتەوە دەدوێی: " ئای کە ماندووم، خۆ من نە سەربازم و نە پۆلیسی تافی ئێشک گرتنم. نازانم بۆ مێز و کورسییەکم پێ ڕەوا نابینن تا منیش هیچ نەبێ وەک ئەو سەرخۆشانەی فێرە خوێندنیان دەکەم؛ هەرکە ماندوو بووم بتوانم تاوێ دبنیشم و پشوویەک بدەم، دڵنیام دوای چەند ساڵێکی دی تووشی نەخۆشیەکانی پشت دێم و کەسیش بەهانامەوە نایە، نازانم بۆ

دانیشتن بۆ مامۆستا قەدەغەیە، ئەمانەی دەرسیان پێدەڵیم چەند بەئاسانی پارە لەسەر یەک کەڵەکە دەکەن کەچی وەکی دی دوای ئەو هەموو ڕەنجەی لەگەڵیاندا بەخەساری دەدەم هەتا ڕستەیەک دەنووسن ئارەقی شین مۆر دەردەدەن و قیر دەڵێ جق، وەفا نەماوە، تۆ بزانە قوتابییە خاوەن ئۆتۆمبێلەکانم چۆن پشتیان تێکردم و بەتەنیا جێیان هێشتم، سواریش ئاگای لە پیادە نییە، ڕاستە چەتر و ئۆتۆمبێل بەراورد ناکرێن، بەڵام خۆ مەرجیش نین بۆ توانای مرۆڤ، دابەش بوونی سامان پەیوەندیی بەتواناو ئاستی ڕۆشنبیرییەوە نییە،کارەکە لەوە ئاڵۆزتر و گەورەتە، هەرەسی گەورە هەرەسی ڕەوشت بەشوێن خۆیدا دینێ، بەهەر حاڵ، کتێبەکانم بفرۆشم، قەمەرەیەکی خراپۆکەی لێ بکرم دەها باشتر..." کلوو بەفر چەشنی پەپوولە پاییزەی دەم با دەفرین. لەژێر چەترەوە دزەیان بۆ ڕووت دەکرد. باراستایی بەفر لە ژێر پێڵاوە هەرزان بەهاکانتا دەپەسترایەوە و کرتەیەکی نەرمی لێوە دەهات. لەو دەمادا لەوەدابوو دەستی بێ دەستکێشی دەسکی چەتر گرتووت بڕچێ، نۆرەت پێکرد و ئاخنیتە گیرفانی پاڵتۆکەت..

سەر هەڵدەبڕی، ناسک دیوانە شیعرێکی جزوبەندکراوی بەدەستەوەیە. چەتری قژە زێڕینەکەی بەسەردا هەڵداوە و تەواو ئاگای لە دەوروبەر بڕاوە. زەردەخەنەیەک نیشتە سەر لێوانت. لەوەدایە تەمی خەیاڵات و پەژارەکانت بڕەوێتەوە. ڕوخسارت بەرە بەرە دەکرێتەوە. بێ خشپە لێی دەچیتە پێشەوە. چەتری پرچە زێڕینەکەی لەسەر ڕوخسار لادەبەی و سەردەنێن بەیەکەوە. هەناسەتان تێکەڵ دەبێ.. تینی گەرمییەکی ئارام بەخش دەگاتە ماسولکەو دەمارە ماندووەکانت و ئەو هێشتا هەر دیوانەکەی بەدەستەوەیە.. لە چاو ترووکاندنێکدا پشتوێنی

ڕۆبە پەمبەکەی دەترازێنی و دەست دەگێڕی. دیوانەکە دەخەیتە لاوە.. لێک دەئاڵێن. باوەش بەکەمەریدا دەکەی بەگوێیدا دەچپێنی:

– کتێبەکانم نافرۆشم!

– نا سەردا، مەیانفرۆشە، خۆشم شیعرەکانت بۆ دەخوێنمەوە!

١٩٨٧/٨/٢١

# گومان

ناسراو بەمامۆستا هێن. ناو بەناو، لە گۆشەی چایخانەیەکی قووڵ و شێدارردا، برادەرە ئەدیبەکانی بەسەر دەکاتەوە. بەڕێکەوت، دانیشتنی ئەم جارەیان لاوێکی زیاد کردبوو.. لاوەکە بەکتێبێکەوە سەرقاڵ بوو.. مامۆستا هێن وەک خووی پێوە کرتووە، سەری لێبردنە پێشێ، هاوکات برادەرەکانیشی سەریان هێنا. بەزمانە لووس و پاراوەکەی پریاسکەی دەنگ و باسی والاّ کرد:

– قسەی خۆمان بێ و لەناومان دەرنەچێ؛ ئاگام لە جموجووڵی برادەرانی سەرەوەیە. کەسی باوەڕپێکراو خۆی بۆی گێڕامەوە، بۆیشم هەیە مژدە بەدۆست و برادەران بدەم، کە دنیا بەدڵی خۆمانە و بەم زووانە هەواڵی خۆش دەبیستین..

بە تانیدا هاتە خوار. هەتەر بوون و نیاز خاوێنی بەوتەکانێوە دیار بوون. هاوڕێکانی خۆزگەیان دەخواست سەر و جووت گوێی دیکەیان لێ بڕوایە تاکو بۆ وتە لەدڵ نزیکەکانی مامۆستا هینی ڕابگرن. مامۆستا هێن، پاڵی لێدایەوە. وەک ئەکتەری سینەما بێت و مەشقێکی زۆری لەسەر ئەو جووڵەیە کردبێ، بەسەری دوو پەنجە و زۆر بێخشپەو بەمەعلانی، جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی باخەڵی دەرهێنا. بەجووڵەیەکی دیکە، ئەکرۆباتانە ڕێک هاویشتییە نێوان هەردوو قامکی و لەوێوە

گەیاندییە نێوان لێوی. دوای ئاگردانی، چاوێکی بەبرادەرەکانیدا گێڕا، تاکو کاردانەوەی قسەکانی لەوەلامیاندا یان هیچ نەبێ لە ڕووخساریاندا بخوێنێتەوە. برادەرەکانی لەبەر هەر هۆیەک بێ بێدەنگ بوون. لاوەکەیش خجلی کتێبەکەی بوو. دوای بەبادانی گەواڵە دووکەڵێک، مامۆستا هێن سەری هێنایەوە پێش و پرسی:

– ئێوە، لێرە و لەوی، هیچی نوێتان نەبیستووە؟

کارێکی چاوەڕوان نەکراو و سەرسووڕمێن بوو، کاتێ کوڕە لاوەکە ڕووی کردە ناسراو بەمامۆستا هێن و پێی وت:

– لە قسەکانی ئێرەت حاڵی بووین.. خۆزگە دەمانزانی، لەولایش. کاتێ لەگەڵیاندا دادەنیشی، باسی چی دەکەن؟!

ئەم پرسیارە گوماناوییەی کوڕەلاو، هاوڕێکانی مامۆستای ناسراو بەهێنی حەپەساند. هێن پێی لە پلەی تەپڵەکەکەی پێشی داگرت. شانێکی هەڵتەکاند. لەسەر یەک دوو مژی خێرای لە جگەرەکەی دا. دووکەڵ پەڕییە قوڕگی و کەوتە کۆکە کۆک و چاو گلۆفین.. پێچەوانەی زمان پاراوییەکەی نەختێ لەمەوبەری؛ زاری تێکەل و پێکەڵی هەڵهێنایەوە. وشەکانیش لە گەروویدا بەگیر دەوەستان:

– ئەولا؟.. ئەولا، مەبەستت کوێیە... کوڕی باش؟!

لاوەکە بێ ئەوەی چاو لە ڕەنگی بزڕکاوی بتروکێنێ، بەزەردەزەنەیەکەوە پێی وت:

– ئەو شوێنەی، کە خەڵکی شار بەترس و دڵە لەرزەوە بەلایدا ڕەت دەبن و، کەچی تۆ ئێواران ئۆتۆمبێلەکەتی لەبەر دەمدا دەوەستێنی!

١٩٨٧/١١/٢١

# کاکل بەدوای کاردا وێڵە

ئەمرۆیش وەک دوێنێیە کاکل... هەر ئەندازیارە وەستای خۆی و هەر وەستایە خەلفە و کرێکاری خۆی هەیە... تۆ (کاکل) سەر بەکام وەستا و کامە ئەندازیاری؟! تۆ ئێستا نە دێهاتنشینی تا بەخاووخێزانەوە لە پاڵ پەڵە تووتن و تەماتەی خۆتا کەپرێک هەڵبەستن، شان و قۆڵ بکوتن و بەزەبری هێــزی بازوو، ژیان و بژێوی لە زەویی ڕەق دەربێنن... نە شارستانیشی خاوەنی پیشەیەک بی و بازنەی زێڕت لە دەست بێ...

ئەوا پیکابێک وەستا. دەستەیەک کرێکار چون ئاسک بازیان دایە پشتی و مەیدانەکەیان چۆڵ کرد... تۆیش هەر چاوەڕوانی بەڵکو پۆشتە و پەرداخێک ڕووی کارێکت لێ بنێ... هەر ئۆتۆمبێلێک لەم ئاستەدا خاوی بکاتەوە چاوی لێ ناترووکێنی. گوێ سووک و لەش سووک، ئامادەباشیت و بەهیواوە بەرەوپیری دەچی... ئارەقە و پەڵەی گەچ و چیمەنتۆ چەندین تابلۆی (ئەبستەرەکت)یان لەسەر چۆغە و شەرواڵەکەت کێشاوە... هاڕەی دەڕابەیەک پێت دەڵێ: " ئەمە دوا دووکانی بەرامبەر مەیدانەکەیە، بکرێتەوە، وا چێشتەنگاوە کاکل، ئیتر باوەڕ مەکە لێت بپرسنەوە و ئەمڕۆت فت." لە ئاستی خۆتەوە بەشانی پیادەڕەوەکادا هەنگاوی کورت کورت دەنێیت. دڵت بەرایی نادا مەیدانەکە جێ بێڵی. دوای ماوەیەک بەکزە هیوایەکەوە دەگەڕێیتەوە... هێشتا زۆری دیکەی وەک تۆی لێ ماوە... ئەوانیش نائومێدی

بەچارەیانەوە دیارە...

بە توورەکـەیەکی تووتەی سیـاوەوە، کە جـووتێک هێکلە و دوو نان و سـەلکێک پیـازی تێـدایە، لـە پشـتـەوە دەسـتـەکـانت تێک پەڕاندووە... سـینگی ڕەقت دەرپەڕیوە و ناوقـەدت بەکـۆنە پشـتـوێنێکی سـەربازی جـەڕاندووە. بەتروسکە هیوایەکەوە چاوەڕوانی و لە ژێر لێوەوە خجڵی دەردی دڵی:

" هۆ کـەژ و کێوەکـان هۆو، دەک بەخـاووخـێزانەوە بەلاگـەردانی ئاوو دار و بەردتان بـین، جـاری جـارانم بووایە ئێـسـتـا دوو مـاکـاوم تووتن ئاودابوو، تۆ بزانە لەم کاولبووەدا کەسـێ دەناسم، ئەوێ بووایە، ئیستا ئەملام ئامۆزا، ئەولام خـاڵۆزا، داخی داخـانم، نە دەنگیان مـا نە ڕەنگ، بوون بەنان و ئاو و قـووت دران، یەکجـار ئەوە کۆڵەی کـوتاوم کەسێکی وەهـا بەدی ناکـەم دەردی دڵێکی لەلا بکەم، کـارم نەبـووایە دەمـدایە ئەو کێوە بۆ نـاو قـەدەغـەکـەم، شـەش حـەوت دەسـتـەکم دەبڕی و هـەر لەوێ جێم دەهێـشـتن، کـوڕە خۆم دەکرد بەو چەمـەدا و تووڵم دەبڕی، نەخـێر دەمـدایە ئەو کـەژە، تا ئەم کـاتانە تەنەکـەیەک ترشم ڕنیـبـوو، هـەر نا، دەچوومـە یاریدەی هـاومـاڵێک، تا ئـەویش کـاتـی پێویست بهـاتایەتەوە یاریدەم..."

هـۆڕنێک لـەو زیندەخــــوەی کـــردی... کــــە هـەنگاوت نـایە ســــەر پیـادەڕەوەکە، خـاوەنەکەی ڕێک لـەو ئاسـتـەدا وەسـتـاندی... دەرگـاکـەی داخست و لێیدا ڕۆیی... هێـشـتـا مـەیدانەکە چل پەنجـایەکی لێ مـاوە. ئەوانیش لە جێی خۆیاندا ئەبڵەق بوون و ڕوواون.

ئەمـڕۆش کـارت دەست نەکـەوت. بێـهـوودە ڕێ دەکـەی. خـۆت داوەتە دەست هـەنگاوەکانت و نـازانی بەرەو کوێت دەبەن... نە کەس سلاوت لێ دەکـات و نە سـلاویـش لە کـەس دەکـەی... دەڕۆی. بێ ئامــانج دەڕۆی.

نائومێد و بێ نەخشە و پلان دەڕۆی... هەنگاوەکانت قورسن لە دووت نایەن... شل و شێواو، لەش داهێزراو... بەلای ئەو حەشاماتەدا ڕەت دەبی... شانت دەسوێ و لێشاوی مرۆڤ بەرەو ڕووت دێ و کەسێکیان لێ ناناسێ... ئای کە قورسە مرۆڤ لە شارێکدا بژی و کەسی لێ نەناسێ!... دەڕۆی و دەست بۆ پەرژینە ئاسنینەکان دەبەی. هەر دارتەلێ دەیگەیتێ دەستێکی پێدا دەهێنی... بەڵام جێ دەستێ بەهیچ شوێنێکەوە بەجێ ناهێڵی. هەر وەک پێشتریش جێ دەستت بەهیچ شوێنێکی ئەم شارەوە نەبووە... وچان... پەڕینەوەی شەقام... ژاوەژاو... هات و هاواری بەقاڵە چەقەچناوەکان... هۆڕنی گڕ... هی تیژ... قیژەی منداڵی وردەواڵەفرۆش... بەزەیی فرۆشتنی دەرۆزەکەران... وەک حەپەساو و لە هەوران ڕابمێنی، لە زەلیل و پەککەوتە، لە ژن و کچۆلان، لە بریسکەی زێڕی ناو شووشەبەند و بریق و باقی پێلاوی ناو کۆگاکان ڕادەمێنی.

خەندەی سووکی ئافرەتی ڕوو بۆیاخکراو... دزەی چاوی بز، بۆ ژێر تەنوورە و نێوان مەمکی قوت... بێ ئامانج دەڕۆی... بەرەو داهاتوویەکی نادیار هەنگاوی لەرزۆک هەڵدەگری... لەوێ هەر بێکاریش بوویتایە، لەسەر بەردەنوێژەکانی مزگەوت، لەگەڵ پیرەمێردێکی بێکاری ناو دێ بەدامەوە خەریک دەبووی... تافە تافی ئاوی مزگەوت... سێبەری سوورەچنار و دارتوو... پۆلە مراویی ڕیز بەستووی گوێ جۆگەکان... بانگ هەڵدانی کەڵەشێری غوباب... قسەی خۆشی پیرەمێردی لە دێ بەجێماو، دڵی دەکردیتەوە... بەدەم ڕۆیشتنەوە بیر دەکەیتەوە" ئەویان زەڕەنگەرە، ئەمیان پێلاوفرۆش، ئەوی دیکەیان شوفێر، کرێکار، وەستا، هی گەچ، هی دیوار، هی کاشی، من هیچ کامیان نیم تەنانەت دەرۆزەکەریش نیم..."

چاوەکانت کۆتر ئاسا بەدوا نهۆمی ئاپارتمانێکەوە دەنیشنەوە... بەپەنجەرەکانیدا دێیتەوە خوار... دیواری بەشین نەترکراو، پەنجەرەی کراوە و پانکەی بینگرتوو... پەنجەرەی داخراو و پەردەی دادراوە، دارکاژی پاراو. پەرژینی ئاسنینی بەبۆیەی زیوی بۆیەکراو... دروشمی ڕەنگاوڕەنگی قەد دیوار... لە زەمینەوە، وەک دەنکە تەزبیح، پیاو و مێردمنداڵ، بن دیوار و بن دیوار... لە لایەکی دیکەوە ئافرەتی سەر بەعەبا وەک قەتارە مێرووڵە ڕیز بوون. ئارەقە بەلاجانگ و نێو چاوان و چەناگەی ئەو خەڵکە ڕێزگرتووەدا ڕێچکەی بەستووە... دەڵێی ژن و پیاوی شار بەگرد و بانەوە لێرەن... هەیانە بەترێکی شەو دەمێنێ ئەو لێرە ڕیزی گرتووە... هات بەبیرتا و لە کۆتاییی ڕیزەکەوە گیرسایتەوە.

– تۆیش دەفتەرت هەیە خاڵۆ؟!

هەرزەکارێکی پانتۆڵ لەپێی ڕیز گرتووبوو، پرسیارەکەی بزمارێکی درێژ بوو چەقییە کاسەی سەرت و مێشکت درنگەی لێوەهات... بەلا لووتەوە وەڵامت دایەوە:

– هەڵبەتە هەمە!

– زەردەخەنەیەکی بەتەوس لێوەکانی هەرزەکارەکەی ڕەنگاند و لەبەرخۆیەوە وتی:

– بەشەرەفم (لاولاو) نییە دەفتەری نەبێ!

بەم تیزپێکردنەی دەروونی چیخ کردی. لەوەدابوو بەڕوویدا بتەقیتەوە، بەڵام نەتبردە سەر خۆت... ئەوەندە هەبوو کارەساتەکەی بەیانییە بەهارییەکەی وەبیر هێنایتەوە:

دووکەڵ لە دێکەی دراوسێتانەوە بەتاقی ئاسماندا چوو. کورگەل خۆیان کۆکردەوە و دوای پسکە پسک و لە یەکتر ڕامان ئەو ناوەیان چۆل کرد... دەستت لە خۆت بەردا... کەوتیتە دووریانێکەوە. یان ئەوەتا

سەڵتە زەلام شوێنیان بکەویت و ماڵ و منداڵ بەجێ بێڵی. یان لەگەڵ ژن و منداڵەکانتا ڕێگەی شار بگرنەبەر... گوندت بەجێ هێشت و لەگەڵ مناڵەکانتا لە کاوێکدا خۆتان شاردەوە... لەوێوە چاوت لێ بوو یەکەم جار دووکەڵ لە ماڵی خوا هەڵسا... ئاسمان خۆڵەمێشی هەڵگەڕا ئەمجا تەڵخ بوو... لە بنەبانەوە ئاوریان لە دوا ماڵی دێ بەردا... زاق و زریق و حەچ و لوور دەگەیشتە لات... هەبوون لە دێ هەڵدەهاتن و هەبوون دەمانەوە... لەسەر شڕە و شاتاڵەکەت بووە فڕکان فڕکان... سەریان بەهەموو کۆڵانەکاندا کرد و تەنیا سەگ و پشیلەیان نەبرد... بەجارێ نەترەت بەردا... چەندت بیر کردەوە، سەری گوریست بۆ نەگەیشتەوە یەک... قوڕگت پری گریان بوو، شەرمت بەخۆت بوو دەنا دەتدرکاند و لەبراڕۆت دەدا... مردنی خۆت لە خەیاڵ بوو، ئەوەت لەخەیالا نەبوو ڕوویدات. ئەو شەوە بەلاڕێدا هاتن و لەم شارە گیرسانەوە... کاتێ بەلای گوندە تالآن کراوەکەتدا ڕەت بوون، دووکەڵ لووتی دەچووزانەوە. گڕ، دارستانی شمشێر بوون لە زگی ئاسمان ڕۆدەچوون... نێڵە نێڵی ئاگر و حەچ و لووری سەگەلی بەجێماو نەبێ هیچی دیکەتان نەبینی، هیچی دیکەتان نەبیست. لە بەر چاوت دیمەنەکە کاڵ دەبێتەوە و لەبەر خۆتەوە دەدوێێ:

"لە ڕیشە کەنیاین، ئەگەر تفەنگت لەدەست دەرچوو پیاوێکت کوشت، لە تۆڵەیدا ژن یان زێڕ دەدەی، ئەدی ئەگەر زەوییەکەت لە دەست چوو، چی لە تۆڵەیدا دەدەی، ئاخ نازانم ئەوانە چۆن دڵیان دێنێ زەوی بفرۆشن، چۆن دەستیان گۆ دەکات نرخەکەی وەربگرن"

ئاوڕ دەدەیتەوە. لە دواتەوە دەیانی دیکە ڕیزبوون... ڕیز بەسستی بەرەوپێشەوە دەجووڵێ، دەنگێکێ تووڕە و پیش خواردوو بەرزدەبێتەوە:

– نۆبەبڕیمان لێ مەکەن. لە بەیانی زووەوە لەبەر ئەم سووری هەتاوە ڕاوەستاوین!

– ئەی بێ غـــیـــرەت... بزانە چۆن خـــۆی خـــزاندە بن دەســـتی کاشیارەکەوە؟... پیاو دابڕزێ لەوە باشترە پۆلیس پاڵی پێوە بنێ!

ڕیزی ژنان تەریب لەتەک پیـاواندا، بەڵام ئەوان وەک پۆلە چۆلەکـەی دەمـەوئێـوارەی لیس لە پەڵە چنار بەسـتـوو، جـریوەیـان دێ و هەمـوو لەیەک کاتدا قسـان دەکەن... دووان لە قۆڵی عەباکانیـانەوە دەستیـان دەرهێناوە... ئەوەی پێشـەوەیان عەباکەی لەسـەر کەوتە خـوارەوە... پرچ زەردێکە دەنگی دەگاتە لات:

– ئەیەڕۆ خۆ قژی ڕنیمەوە!

ئافرەتەکەی دواوە ئەوق بووە... لەمبەرەوە، لە ڕیزی پیاوانەوە سمێڵ ڕەشێک، بەگاڵتەجاڕییەکی تێکەڵ توندبوون و بێ ئۆقرەییـیـەوە پلاری خۆی دەهاوێ:

– دەڵێی شەوی یەکەمیەتی دەقریشکێنێ!

پرچ زەردەکـەیش بەچاوی زەق و دەمی داپچـراوی کـەف چەندووەوە، لە گەفین ناکـەوێ. پەنجە ڕادەوەشێنێ و هەڵدەبڵۆقێتەوە... لە شێوەیدا چی ژنیـەتی بێ نەمـاوە... ئارەقـە بەڕوومەتی چرچ و نێوان مـەمکیـاندا، کـە لە باڵۆنی بەتاڵ دەچن دادەخزێ... ژنێک دەیەوێ لە بەردەم یەکێکی ڕیز گرتووەوە تێهەڵکێش بێ، ئەویش ئاوها بەرەنگاری دەبێ:

– هەی بێ شـەرم و شکۆ، دیارە تاکو ئێسـتا لە باوەشی مێردەکەتا بووی!... ئاخر تاریک و ڕوون بووە جووتێ منداڵی سەروپێچکەم بەسەر دراوسێدا جی هێشتووە!

لچ و لێـوت ڕەش داگیـرسـاون. زارت وشک. خـەیاڵت بۆ کـانییـەکی

نسرمی بن چیاخزاوت دەبا... دڵۆپ دڵۆپن دەیپاڵێوێ... دڵۆپەکان دەبنە جۆگەلەی باریک باریک و بەدیواری ئەشکەوتەکەدا دێنە خوار... خاوێن و باوێن... سارد سارد... لە تنۆکە خوناوی بەری بەیان دەچن، کاتێ گزنگ لێیان دەدات و شەبەنگی خۆریان تێدا هەڵدەبێ... پێ ماندووەکانت ختووکەیان دێ و مێرووله دەکەن... ماسوولکەکانت تورت دەبن... موچڕکە و تەزووت پێدا دێ... مست دەدەیتە بەری... ڕووت فێنک دەکەیتەوە، چەند مستێ دەخۆیتەوە... هەست بەحەسانەوە دەکەی... گیا قەیتەرانی پەلک سەوزی کاڵ، لاسک ڕەش، بەچنگە کرێ خۆیان بەئەشکەوتەکەوە هەڵواسیوە... سروە بایەک هەڵدەکاتە ئەشکەوتەکە و مووەکانت زیت دەبنەوە. حەزدەکەی لە جێی خۆت نەجووڵێی.

– بجووڵێ خاڵۆ، لە چی ڕاماوی؟!

ئەم فەرمانە ناهەموارە لەخەیاڵی دایت. ڕۆح و هەستی هێنایەوە لای جەستەت و هەنگاوێک بەرەو پێشەوە جووڵای... تینوێتی سەغڵەتی کردووی... ئاوڕ دەدەیتەوە. ڕیزی نارێکی پیاوان بۆ کۆڵانی پشت دائیرەکە پێچی کردووەتەوە... چاودێرەکە لەوسەری ڕیزەکەوە دەفتەر دەپشکنێ و لە بیچمی خاوەنەکانی ورد دەبێتەوە... وا دەفتەری لە هەرزەکاریک سەند و لە ڕیزەکەی دەرهێنا... خەمت لێ نیشتووە: "ئەی منی بێ دەفتەر چۆن وەڵامی بدەمەوە، دەترسم لەناو ئەم حەشاماتەدا بمشکێنێ" ئەمەت لەبەر خۆتەوە وت و بێ ئەوەی ئاگات لەخۆت بێ، پەنجەکانت بۆ ڕدێن و سمێڵ و سەرو جامەدانییەکەت دەبەی. نەرمە کۆکەش بەرت نادا... وا چاودێرەکە کشایەوە و ڕووەو ڕیزی ژنان ملی نا.

ئەفەندییەکی کەتە لە قەمەرەیەکی قەشەنگ دابەزی و گەیشتە بەر

کونەکە... دەفتەریان لێ وەرگرت... جموجووڵ کەوتە ڕیزی پیاوان:

– دیارە ئێمە بەپیاو نازانێ... ئەگەر ئێستا دەچی دوو شاپی مزر لە پاشەڵی دەدەی، دەڵێن کابرا توندە تەبیعەت و شەڕەنگێزە!

یەکێکی دیکە بۆی سەندەوە:

– خۆشی بەخوێندەوار دەزانێ... تف داوەشێی مام پیاو!

ئەفەندییە کەتەکە پسووڵەی وەرگرت. خۆی لەو هەموو نەفرەتە نەبان کرد و بەنایلۆنێک سوورە گۆشتەوە خۆی تەپاندە ناو قەمەرەکەی.

– دەک بەزەهری مارت بێ!

– وەی بەدەمی بابتا ڕیم!

ئەم جمێنەی دواییيان لە ئافرەتێکی سەر بەعەباوە بوو... جەستەت لێرە جێ هێشت و دیسان بیر و هۆشت گەڕاندەوە دواوە...

بە گردەکەدا هەڵگەڕای... شەش حەوت شتی ورد سەرنجیان ڕاکێشای... دانەویتەوە و تاووتووت کردن:" ئەم پشقلانە سەوزن، کەواتە هی ئەمشەون"... هەڵسایتەوە... بەپارێزە و هەستت ڕاگرت... بەزانایی پێت دادەنا و جێت بۆ هەنگاوەکانت دەکردەوە... ڕۆیشتی، هەر ڕۆیشتی... چاوت بۆ ژێر بنچک و ناو دەوەنەکان دەگێڕا... جووتێک چاوی زەق و گوێی قوت هاتنە بەر نیگات... چەناگەی نابووە سەر دەستە کورتەکانی لە لانەکەیدا قنچکەی کردبوو... چاوت نا بەسێرەی تفەنگەکەوە و هەناسەت وەستاند... ناڵەی تفەنگ، دەرپەڕین گورزەیەک گڕ، بەرزبوونەوەی تەنکە دووکەڵێک لە لوولەکەیەوە، بۆنی باروت، دەنگدانەوەی باسکە قووچەکان و لەرز لێهاتنی کەروێشکێکی پێکراو هەناسەیەکی خایاند...کاتێ گەیشتیتە سەری، میزی بەخۆیدا کردبوو... چەقۆکەت لە باخەڵت دەرهێنا.

– هەر وەکو دوێنێ ڕووی دابێ وەهایە!

ئەم ڕستەیەت بەدەنگی بەرز وت... هەرزەکارەکەی پێشت، ئاوڕی لێ دایەوە... چاوێکی گومانوایی پێدا گێڕایت و وتی:

– لەگەڵ منت بوو؟!

– نانا، لەگەڵ تۆم نەبوو... ئەوە بیرم لە گۆشت دەکردەوە!

دەمی چەقۆکەت نووشتاندەوە و ناتەوە گیرفانی شەرواڵەکەت. کەمێک جووڵایت. نیگات بۆ پێشەوە نارد... دیت هەر یەکەو دەفتەرێکیان بەدەستەوەیە.

– گۆشتی سوورە کەروێشک لە کوێ و هی گا لە کوێ؟!

ئەم ڕستەیەشت هەر بەدەنگی بەرز دەرپەڕاند... هەرزەکارەکەی پێشەوە ئەمجارەیش ئاوڕێکی بەگومانی لێ دایەوە. ئەوەی دواشتەوە، گوی مووچ بوو... ڕەنگە بەکەم هۆشت بزانن کاکل...

تا چاو هەتەر بکات ڕیزە چڕە تێک ترنجاوەکە درێژە و بووەتە پەرژینی ئەم دائیرەیە... وا ئەفەندییەک دەرکەوت. کراسێکی سپیی بێگەرد لەبەردا... لە گیرفانەکەیەوە چاویلکەیەکی ڕەشی خۆرەتاو، کلکێکی هاتووەتە دەرەوە... دەفتەرەکەی وا بەدەستە ڕاستییەوە. بەدەستی چەپییەوە تەزبیحێکی کارەبای زەرد لە مستیلەی زێڕی پەنجەی ئالاوە... یەکسەر بۆ لای کاشیارەکە مل دەنێ. سەری بەکونەکەوە نا.

– ئەم نایلۆنە تا ئێستا لە کوێ بووە؟!

– دەری کەن، قاوی دەن!

دەنگی توندی بۆ شەڕ لەسەر چز بەرەنگاری بوونەوە... دوای تاوێک سەری لە کونەکەوە دەرهێنا و لۆژ لۆژ بەپاڵ ڕیزەکەدا هات... هەر

هات. بەپەنجە ئەستوورەکانی یاریی بەتەزبیحە کارەباکەی دەکات... چەند هەنگاوێکی ماوە بگاتە لات... تۆیش نەختێک لە ڕیزەکە هاتوویتە دەر... وا ڕیک گەیشتە بەردەمت... بۆنێکی خۆش دەماخی چاخ کردی. لە نەناسی بانگی دەکەی:

– مەڕۆ برادەر!

سڵەمییەوە و بەدوو دڵییەوە پرسی:

– لەگەڵ منت بوو؟!

– بەڵی، لەگەڵ تۆم بوو، دەڵێم: بۆ نایەیتە جێگەکەم؟!

– ها... ئەی تۆ؟!

– واز لە من بێنە... دوو دینارم بدەرێ و لە جێگەکەم بوەستە... سەیرکە، تەنیا شەش حەوت کەسم لە پێشەوەیە.

سەیرێکی ڕیزەکەی کرد، ئەمجا چاوی بڕییە کاکل و وتی:

– دینارێک چۆنە؟

– کەمە!

– دەباشە دینار و نیوێک.

دەستت پان کردەوە. ئەفەندییە بۆن خۆشەکە دوو پارچە پارەی ئاسن دەنێتە قولی مستت... گوێت لە زرنگەیانە، لە بنکی گیرفانی شەرواڵەکەتدا بەیەکیاندا دا و جێگیربوون... زەردەخەنەیەکی تاڵ چون ژەهری مار لەسەر لێوە وشکەکانت نیشتەوە.

– وەڵڵا هەر ئەم بەزمەمان کەم بوو... ڕیز گرتن بەپارە!!

– پیشەیەکی نوێیە کوڕینە!

دەنگی ناڕەزایی لە ڕیزی پیاوانەوە بەرزدەبێتەوە... کفت و کەشەنگ

و تینوو... سەرت لەبەر خۆت ناوە، توورەكەیەک بەدەستەوە، لەو دەور و ناوە دوور دەكەویتەوە. نازانی هەنگاوەكان بەرەو كوێت دەبەن.

١٩٩٠/٩/٢٠

لاولاو: زاراوەیەكە، كەسانی نەفام بەتایبەت لە شاری سلێمانی؛ لە هەشتاكان و نەوەدەكاندا بۆ تەڵفیسی بەكاریان دەهێنا و مەبەستیان پێ لادێیی بوو.

* ئەم چیرۆكە، كاتی خۆی لەلایەن (ب. ژیلوان)ەوە كراوە بەفارسی.

# ناوەڕۆک


پاییز ........ 5

١٦ چیرچیرۆکە شیعر ........ 9

شار لە پێشوازیی زێوەردا ........ 19

عێلجاڕ ........ 27

کۆشکێ لە لوتکە ماڵێ لەدامێن ........ 40

بەنرخترین دیاری ........ 51

شەوەکەی عەریف زبالە ........ 61

سێ ڕۆژە ........ 73

نەیژەنی مەزن ........ 81

ڕوونکردنەوییەک ........ 86

پەریخان ........ 88

ترەکتۆر ........ 113

چەتر ........ 119

گومان ........ 131

کاکل بەدوای کاردا وێڵە ........ 133